# ڤۆیتسەک
# لیۆنتسە و لێنا

دوو شانۆنامە

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی

**دانا ڕەئووف**

گیۆرگ بویشنەر

# ڤۆیتسەک
# لیۆنتسە و لێنا

دوو شانۆنامە

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە:

کەریم پەڕەنگ

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گولان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

گیۆرگ بویشنەر
"ڤۆیتسەک – لیۆنتسە و لێنا" دوو شانۆنامە
وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢١٩
چاپی یەکەم – ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٩٨ –٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

# پێشەکی

کەریم پەڕەنگ

## چەند دێڕێک لەبارەی نووسەرەوە

گیۆرگ بویشنەر یەکێکە لەو نووسەرە کەمانەی کە لە قۆناغێکی دیاریکراو و تەوژمی سەردەمێکدا بە ڕوونی خانەبەند و سنووربەند ناکرێ. لە سەردەمی خۆیدا ئاوارە بووە، بەڵام بۆ زۆر نووسەری پاش خۆی بووە ڕێگەنیشاندەر و سەرمەشق. بۆ نموونە بۆ گێرهارد هاوپتمان، بێرتۆڵت برێشت و ماکس فریش. بویشنەر شانۆنامەکانی نزیکەی سەد و هەشتا ساڵ پێش ئێستا نووسیوە، بەڵام ئێستا لە زۆربەی شانۆی وڵاتان و بە زمانی جیاجیا نمایش دەکرێن و سەرلەنوێ چاپ دەکرێنەوە و وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی تر.

گیۆرگ بویشنەر لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، ئەگەر بەشێکی کەمی نووسەرانی دنیا لەو تەمەنەدا بمردنایە ئەوا ئەدەبی جیهان ئێستا ئەدەبێکی هەژار دەبوو، چونکە زۆربەی نووسەران لە سەرووی ئەو تەمەنەوە دەست بە نووسین دەکەن. هەروەکو چۆن (ئارتیور رامبۆ) ساڵانێکی کەم نووسی و ساڵانێکی کەم ژیا، بویشنەریش بە هەمان شێوە ساڵانێکی کەم نووسی و هەر زوویش جوانەمەرگ بوو، بەڵام جێپەنجەی ئەو دوو نووسەرە بە سەرجەم ئەدەبی جیهانییەوە دیارە.

بویشنەر ئومێدێکی زۆری پێدەکرا و ئەوەندە بە بەهرە دەوڵەمەند بوو کە لە سەرووی گشت چاوەڕوانییەکی پرکێشەوە بوو. بەڵام زریانی مەرگ ئەو نەونەمامەی لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکێشا. بویشنەر بەو تەمەنە کورتەیەوە بەرهەمێکی هێندە نەمر و نایابی بۆ بەجێ هێشتووین کە تەنانەت زۆر نووسەری تری کە دەیان ساڵ لەو زیاتر ژیاون ناتوانن ئاوڕ لە بەرهەمێکی وا سەرمەد بدەنەوە. ئەگەر گۆیتەی شاعیری گەورەی ئەڵمان وەکو بویشنەر بە بیست و سێ ساڵی بمردایە، جگە لە پەخشانێک و چەند پارچە شیعرێک هیچی تری لێ بەجێ نەدەما و ڕەنگ بوو ئەمڕۆ کەس نەیناسیبا.

کاتێ بویشنەر بە بیست و سێ ساڵی مرد جگە لە دوو شانۆنامەی ڤیکتۆر هۆگۆ تەنیا درامایەکی بە ناوی خۆیەوە بڵاو کردبووەوە، ئەویش مەرگی دانتۆن بوو. هێشتا لە ژیاندا مابوو کە لیۆنستە و لێنای تەواو کردبوو، بەڵام بە چاپی نەگەیاندبوو. ئەم کۆمیدیایە وەکو چیرۆکی لێنتسی تەواونەکراو و درامای تەواونەکراوی ڤۆیتسەک پاش مردنی بڵاو بوونەوە.

### نووسەر و بەرهەم

ئەو شتەی بۆ زۆربەی نووسەرەکان جێی مشتومڕ نییە لە ژیاندا هەیانبێت و پێی شاد بن، لێیان بێبەش بووە. هەتا لە ژیاندا بوو و لە سەدەی نۆزدەدا تا ڕادەیەکی زۆر نەدەناسرا هەتا سروشتگەراکان بەرهەمەکانیان ژیاندەوە و بیری جیهانی داهێنانیان خستەوە. لەگەڵ مەرگی دانتۆندا تاقە بەرهەمی چاپکراوی، واتە تەتەری گوندیی هێسن بووە هۆی دەستگیرکردنی هاوڕێکانی و هەڵهاتنی خۆی و مردنی

هاونووسەرەکەی. دانتۆن تەنیا یەک جار نمایش کرا، بە توندوتیژی ڕەخنەی لێ گیرا و لە بیر کرا. وەکو داهێنەر ددانی پێدا نەنرا، وەکو پەنابەرێکی سیاسی تەنانەت لە ستراستبورگیش دڵنیا نەبوو و لە مەترسی ڕادەستکردنەوەیدا دەژیا. لە کۆتاییدا لە زیوریخ وەکو لاوێکی خاوەن بڕوانامە گەیشتە کەناری ڕزگاری، بەڵام چوار مانگ دواتر هەر لەو شارەدا مرد. بویشنەر توانی خۆی لە دەستی ئەو پۆلیسانە قورتار بکات کە ڕاوەدوویان دەنا بەڵام لە خەون و وڕێنەی سەرەمەرگیشدا لە کۆڵی نەدەبوونەوە.

بویشنەر بەو ژیانە پڕ لە هەڵاتن و ئازارەوە خۆی سەر بە "چینی خوارەوە" دەزانی، ئەو چینەی لە داهێنانەکانیدا باسی دەکا و لە ژیاندا خۆی بە هاوپێوەستی لە قەڵەم دەدا. بەرهەم و ژیانی بویشنەر لە بیۆگرافیایدا ئەوەندە هاوکێشن، کە هەرگیز هیچیان لەوی تریان قورستر نییە. بویشنەر بە زمانی لێنسەوە داوا لە هونەرمەند دەکات خۆی بۆ ناو چینەکانی خواری خوارەوە شۆڕ بکاتەوە و لەوانەوە بەهرەی داهێنانەکانی هەڵبهێنجێ. لەگەڵ ئەوەشدا بویشنەر خۆی لە خێزانێکی بورژوای ژیان خۆشدا گەورە بووە، بەڵام هەرگیز ئازاری خەڵکانی چینی خوارەوەی لە بیر نەکردووە.

## ژیانی بویشنەر.. منداڵێتی و لاوێتی

کارڵ گیۆرگ بویشنەر لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ١٨١٣دا لە گۆدەلاوی میرنشینیی هێسن لەدایک بووە و لە ١٩ی شوباتی ١٨٣٧دا لە زیوریخ کۆچی دوایی کردووە. بویشنەر نووسەرێکی هێسنی، پزیشک و زانای سروشت بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە بەرهەمێکی ئەدەبیی زۆر کەمی لە

پاش بەجێ ماوە، ئەو بە یەکێک لە نووسەرە گرینگ و بە بایەخەکانی پێش مارت دادەنرێ. پێش مارت (Vormärz) قۆناغی مێژوویی نێوان کۆنگرەی ڤیەننا لە ساڵی ١٨١٥ و شۆڕشی جولای لە ساڵی ١٨٣٠دا لە فرەنسای پێ ناوزەد دەکرێ، بە جەختکردنە سەر تەوژمەکانی ئۆپۆزیسیۆن و شۆڕشگێڕیی ئەو کاتەی ئەڵمانیا. بۆ هەمان قۆناغ لە مێژووی ئەدەب و هونەردا زیاتر سەردەمی بیدەرمایەر و لە مێژووی سیاسیدا چەمکی بیناکردنەوە بەکار دەهێنرێ.

بویشنەر یەکەم منداڵی خێزانەکەی بوو و لە پاش وی پێنج خوشک و برای تری بوو کە لە ڕەوتی ژیانیاندا هەموویان خەڵکگەلێکی بەناوبانگیان لێ دەرچوو. لە ساڵی ١٨١٦دا خێزانەکەی ماڵیان گواستەوە بۆ دارمشتات. لە ساڵی ١٨٢١دا بویشنەر لەلای دایکی دەستی بە خوێندنی بنەڕەتی کرد. دایکی فێری خوێندنەوە، نووسین و ژماردنی کرد، ئینجیل و گۆرانییەکی فۆلکلۆریی زۆری فێر کرد، کە لە داهێنانەکانی داهاتوویدا ڕۆڵێکی گرینگیان گێڕا. بویشنەر لەلای دایکی کارەکانی شیلەری ناسی و دواییتر لە ڕەوتی داهێنانی خۆیدا ڕەخنەگرانە هەڵی سەنگاندن و ڕەخنەی لێ گرتن.

بە پێچەوانەی دایکییەوە بویشنەر بە درێژاییی ژیانی پێوەندیی لەگەڵ باوکیدا خراپ بووە. باوکی گیۆرگ لە دڵەوە سۆزداری ناپلیۆن بوو، لەبەرئەوەی ناپلیۆن کۆتاییی بە بزووتنەوە شۆڕشگێڕەکان هێنا و بەرهەڵستەکانی سەرکوت کرد و دەنگە ناڕازییەکانی کپ کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا کە لە گەواهینامەی کۆتاییدا بویشنەر نمرەی زۆر باشی لە زمانی لاتینی و یۆنانیدا هەیە، گیۆرگ بویشنەر زۆر حەز و ئارەزووی لەم زمانە کۆنانە نەبووە. بە پێچەوانەوە حەز و ئارەزووی

زۆری لەو زانستە سروشتییانە بووە کە لە خوێندنگەکان پشتگوێ خراون، بە ڕیزپەڕیی بیرکاری، کە زۆر کەم حەزی لێی بوو. جارێکیان لە پاینی دەفتەرەکەیەوە نووسیویەتی: "زیندوو! ئەم شتە مردووە بە کاری چی دێت؟" زۆر بەچڕی خۆی بۆ مێژوو تەرخان کردبوو، لە پێش هەمووشیانەوە مێژووی شۆڕشی فرەنسایی، کە دواییتر لە مەرگی دانتۆندا سوودی لێی وەرگرتووە و بووەتە سەرچاوەی ئەفراندنی. لە کۆتاییی سێپتەمبەری ۱۸۳۰دا بە هۆی پشووی قوتابخانەوە "وتاری بەرگری لە کاتۆی ئۆتیتسا" نووسیبوو، ئۆتیتسا بەرگریکارێکی کۆماری ڕۆما بوو، کە لە خۆشەویستیدا بۆ ئازادی خۆی کوشتبوو، لەبەرئەوەی بە ڕای کاتۆ مرۆڤەکان لەژێر سەروەریی قەیسەردا تەنیا کۆیلە بوون و دەرفەتی هەڵمژینی هەناسەیەکی ئازادیان نەبووە. پێشووتر لە کاتی مەشقی بەلاغدا لە وانەی ئەڵمانیدا پەخشانێکی لەبارەی "مردنی قارەمانانەی چوارسەد پفۆرتسهایمییەوە" نووسیبوو.

لە ئەفسانەیەکدا هاتووە کە چوارسەد پفۆرتسهایمییە لە پێناوی بە دەستەوەنەدانی پردێک قارەمانانە دژی دوژمن جەنگاون. بویشنەر مەرگی پاڵەوانانەی ئەو شەڕاونانەی وەکو ئاماژە بەکار هێناوە. لێرەدا دەمانەوێ بەم پەنجەنومایانە شۆڕشگێڕی و ڕۆحی یاخییانەی بویشنەر جەخت لێ بکەین

## خوێندن لە ستراسبورگ

گیۆرگ بویشنەر لە ساڵی ۱۸۳۱دا لە تەمەنی ۱۸ ساڵیدا ناوی خۆی لە ڕشتەی پزیشکیی زانکۆی ستراسبورگدا نووسی، کە لە نێوان ساڵانی ۱۹۳۱ و ۱۹۳۳دا ئەناتۆمی بەراوردکاریی خوێند. لەوێ لە خانووەکەی

قەشە یۆهان یاکۆب ژایگلێدا ژیان بەسەر دەبات و ڤیلهێلمینەی کچی دەناسێ. لە ستراسبورگ پێشوازیکردن لە جەنەراڵە سەرکوتکراوەکانی ڕاپەڕینی پۆڵۆنیای چەوساوە و ژێردەستە و مافخوراو دەبینێ کە لەلایەن لەشکری قەیسەری ڕووسیاوە شکێنرابوو. ئەم ڕووداوە و چەندان ڕووداوی تری لەو نامانەدا باس کردووە کە بۆ دایک و باوکی ناردوون. بویشنەر هەموو کات زیاتر بۆ ئازادیی سیاسی تێ دەکۆشا، هەروەکو لەو کۆڕەدا کە لە بەردەم یەکێتی قوتابیاندا لەبارەی هەلومەرجە سیاسییەکانی ئەڵمانیاوە گرتبووی.

لە ساڵی ١٨٣٢دا بویشنەر ڤیلهێلمینە ژایگلێ مارە دەکا و نامەیەکی بۆ دەنووسێ و ناوی دەنێ "نامەی چارەنووسساز"، کە تێیدا بویشنەر پرۆگرامی مرۆڤ وەکو بابەتی مێژوو دادەڕێژێ: مرۆڤ ناتوانێ کارا دەست بخاتە پرۆسێسی هەموو شتێکی هەڵلووشەری مێژووەوە، بگرە مرۆڤ خۆی دەبێتە تۆپی یاریی ئەم پرۆسێسە، دەبێتە "کەفی سەر شەپۆڵ".

بویشنەر دوایيتر ساڵانی ستراسبورگ بە بەختەوەرترین کات ناوزەد دەکا، چونکە لە فەرەنسای شۆڕشی ژولیدا کەشی سیاسیی زۆر لە دارمشات کراوەتر بووە. هەتا ئێستا نەسەلمێنراوە ئاخۆ بویشنەر ئەندامی جڤاتی فەرەنسایی بۆ مافی مرۆڤ بووە. بەڵام دوایيتر ئەم جڤاتە بووە نموونەی ئەو جڤاتەی خۆی دای مەزراند.

## زانكۆی گیسن

بویشنەر لە ساڵی ١٨٣٣دا دەگوازێتەوە بۆ زانكۆی گیسن، لەبەرئەوەی تەنیا دوو ساڵ ڕێی پێ دەدرا لە دەرەوەی هێسن – دارمشتات درێژە بە خوێندن بدات. لێرەدا، لە میرنشینی گەورەی هێسندا ڕاستەوخۆ هەراسانكردنەكانی لەلایەن دەستەڵات و توندوتیژیی دەوڵەتی بە چاوی خۆی بینی. لەو كاتەوە ئیتر نەیتوانی پێشهاتەكان لە ڕوانگەیەكی بێلایەنەوە چاودێری بكات.

ئێمە دەخوێنینەوە كە بویشنەر لەو كاتەدا گرفتێكی تەندروستیی گەورەی هەبووە. نەك تەنیا جیابوونەوە لە دڵدارەكەی، بگرە سەرجەمی ڕەوشەكە و بارودۆخی دەوروبەر بێتاقەتی كردووە. بە بەراورد لەگەڵ ستراسبورگ مامۆستاكانی لە گیسن شتی زۆریان فێر نەدەكرد. لەگەڵ ئەوەشدا لێرە مامۆستای باش لە ڕشتەكانی تردا وانەیان گوتووەتەوە، بەڵام بویشنەر تەنیا فەلسەفە و پزیشكیی بە لاوە گرینگ بووە. دواییتر بویشنەر یەكێك لە مامۆستا یاریدەرەكانی لە گیسن، پزیشكیزان یۆهان بێرهارد وەكو نموونەی پزیشكێكی تەنگەتیلەی نامرۆڤانە لە ڤۆیتسەكدا بەكار دەهێنێ و دەیكاتە یەكێك لە فیگەرە دڵڕەقە بێبەزەیییەكانی ئەم شانۆنامەیە.

لەگەڵ خوێندكارە هاوەڵەكانیدا تەبا نەبوو. لەو كاتەدا دوو ئاراستەی ئۆپۆزسیۆن لە ئارادا بوونە، بەڵام ئەم ئاراستانە بۆ بویشنەر توندڕۆ نەبوون. جگە لەوە ڕەخنەی لەوە دەگرت، كە خوێندكارەكان دەیانویست لەناو خۆیاندا بمێننەوە؛ بویشنەر داوای ئەوەی دەكرد، هاووڵاتیی تریش لە ڕیزەكانیاندا وەربگرن. لەبەرئەوەی لەگەڵ چەند هاوپۆلی پێشووتریدا لە دارمشات و خوێندكاری تر و پیشەكاردا جڤاتی مافی

مرۆڤی دامەزراندووە، ڕێکخراوێکی نهێنی کە جڤاتی مافی مرۆڤی فرەنسایی میناکی بوو، ئامانجی ئەم جڤاتە گۆڕینی هەلومەرجی سیاسی بوو. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی چەند ئەندامێکی کەمیان بۆ کۆ کرایەوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٨٣٤دا بویشنەر بە ڤایدینگ ناسێنرا. ڤایدینگ یەکێک بووە لە ڕێبەرە ئۆپۆزسیۆنەکانی هێسن-دارمشتات. بەڵام هەموو کات ناکۆک و ناتەبا بووە لەگەڵیدا. ڤایدینگ لەگەڵ ئەوەدا بووە هاوپەیمانی لە نێوان لیبراڵە داراکان، پیشەسازکاران و بازرگاناندا ببەسترێ، چونکە تەنیا بەمجۆرە هەل و دەرفەتی پیادەکردنی بیرۆکە شۆڕشگێڕییەکانی دەبینی. بویشنەر بە پێچەوانەوە نایەکسانیی دارایی و هەژاریی گوندنشینانی بە گرفتی بنەوایی دەزانی و لەبەر ئەوە دژی هاوپەیمانی بوو لەگەڵ داراکاندا.

لە ساڵی ١٨٣٤دا "تەتەری هێسنی گوندی" چاپ کرد، کە لە کاتی خۆیدا دای ڕشتبوو و ڤایدینگ بە پێچەوانەی ویستی بویشنەرەوە زۆر گۆڕانکاریی تێدا کردبوو. ئەمە بڵاونامە بوو، لەژێر دروشمی "ئاشتی بۆ کوخەکان! جەنگ بۆ کۆشکەکان!" کە دانیشتوانی گوندانی هێسنی بۆ شۆڕش دژی چەوساندنەوە و سەرکوتکردن هان دەدا. ڤایدینگ ئەو پەرەگرافانەی لابردبوو کە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی هاوپەیمانە لیبراڵەکان دەبوونەوە. بویشنەر لەو بڕوایەدا بوو، نووسینەکەی لە مەبەستە سەرەکییەکانی ڕووت کراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڤایدینگ نووسینەکەی نەرم کردبووەوە بەڵام بەیاننامەکە بووە مایەی ڕەخنەیەکی توندی زۆر لە لیبراڵ و بەرهەڵستاکارە پیشەسازەکان. بە پێچەوانەوە لەلای دانیشتوانی گوند بە گەرمی باوەشی بۆ کرایەوە و بۆ

جـاری دووەم چاپ کـرایەوە. لە ڕێی بەکارهێنانی ئامـارەوە پێشـانی دانیـشـتـوانی گـوندان درابوو، کـە بە هۆی بـاری قـورسی باجـەوە، خـەرجییە زۆرەکانی دەربـار مەیسەر دەکرێ. هـاوبیـرێکی بویشنەر بە پەنجـا نوسـخـەی بـەیاننامـەی تەتەری گـوندەوە دەگـیرێ و ژوورەکـەی بویشنەر دەپشکنرێ. ڕۆژێک دواتر بویشنەر پرس و جـووی لـەگـەڵدا دەکرێ، بەبێ ئەوەی دەستگیر بکرێ.

## هەڵاتن بۆ ستراسبورگ

بە قـسـەی بویشنـەر خـۆی لـە مـاوەی پێنج هەفـتـەدا مـەرگی دانتـۆنی دارشـتـووە و دەسـتنووسـەکـەی بە مـەبـەسـتی بڵاوکـردنـەوە بۆ کـارڵ گوتسکۆڤ ناردووە و داوای لێ کردووە زوو وەشـان بکرێ لەبەرئەوەی پارەی پێویستە بۆ هەڵهاتن. مەرگی دانتۆن باسی نسکۆ و شکستی شـۆڕشی فرەنسایی دەکا. بە پێچەوانەی دانتۆنی مێژووییـیەوە، کە لەبەر هەڵەی تاکـتـیکی شـکسـتی هێنا، دانتـۆنی ئەدەبی هـەر لە دەسـتـپـێکەوە بە بێ مـانایی کـارەکـەی خـۆی دەزانێ. دوای ئەوەی بویشنەر ملی نەدا بەدەم بانگهـێـشـتنی دادوەری لێکۆڵینەوە بچێ، کەوتنە گەڕان بە دوایدا، لە مارتدا بۆ ستراسبورگ هەڵهات. بەڵام نەک بە داهاتی مەرگی دانتۆن، لەبەرئەوەی دۆزکارییەکان پێش کۆتاییهاتنی پەیماننامـەکە کـەوتن. لە دوا چرکەسـاتدا نهێنیـیەکانی لەلای دایکی درکاند و دایکی پارەی پێی دا. دوای هەڵهاتنی بویشنەر باوکی هەموو پێوەندییەکی لەگەڵیدا پچڕی، بەڵام ڕێی بە دایکی دا پارەی بۆ بنێرێ.

لە کۆتاییی مـانگی تەمووزدا مەرگی دانتۆن بڵاو کرایەوە. لە هەمـان هـاویندا دوو درامـای ڤـیکتـۆر هۆگـۆی وەرگـێـڕا. لـە پایزدا خـۆی بە

چیرۆکی لێنتزەوە سەرقاڵ کرد، کە تێیدا ئازارە ڕوحییەکانی یاکۆب میخایل ڕاینهۆڵد بەرجەستە دەکا.

لە زستانی ١٨٣٥دا جارێکی تر خەریکی کاری زانستی بووە. لە سیستەمی ڕیشەدەماری ماسیی تۆژیوەتەوە و لە ساڵی داهاتوودا دوکتۆرانامەکەی کۆتا پێ هێناوە. لە بەهاردا لە چەند کۆڕێکدا کارەکەی پێشکێش بە جڤاتی زانستی سروشت کردووە. لە ئەنجامی ئەمەدا وەکو ئەندام لەو جڤاتەدا وەرگیراوە. هەر لەو بەهارەدا بیرۆکەی شانۆنامەی لیۆنستە و لێنا سەری هەڵداوە و لە ماوەیەکی کەمدا نووسیویەتی، کە ویستی بەم بەرهەمەی بەشداریی پێشبڕکێیەکی دەزگای بڵاوکردنەوە بکات. بەڵام لە کاتی دیاریکراودا نەینارد و بەبێ ئەوەی بخوێنرێنەوە دەستنووسەکەی بۆ گەڕایەوە.

## دوا مانگەکانی لە سویسرا

بویشنەر دوکتۆرانامەکەی لە کۆتاییی ساڵی ١٨٣٦دا خستە بەردەم ڕشتەی فەلسەفیی زانکۆی سویسرایی و دوکتۆرای لە فەلسەفەدا بەدەست هێنا. ماڵی گواستەوە بۆ زیوریخ و وانەیەکی بۆ تاقیکردنەوە پێ درا و بووە مامۆستای یاریدەری زانکۆ. پێش ئەوەی ماڵی بگوازێتەوە بۆ زیوریخ بویشنەر لە ستراسبورگ دەستی بە نووسینی درامای ڤۆیتسەک کردووە. دەستنووسی لەگەڵ خۆیدا بردبوو بۆ سویسرا بەڵام ئەم بەرهەمەی بە ناتەواوی مایەوە.

لە ساڵی ١٨٣٧دا تووشی ڕەشەگرانەتا بووە و دراوسێ ئەڵمانە پەنابەرەکانی کە لە تاراوگەی ستراسبورگ ناسیبوونی خزمەتیان کردووە و هەواڵیان بە ڤیلهێلمینە ژێگلێ داوە کە بویشنەر تووشی

نەخۆشییەکی کوشندە بووە و لە سەرەمەرگدایە. بویشنەر لە ١٩ی فێبریوەری ١٨٣٧دا بە ئامادەیی دەزگیرانەکەی و دراوسێکانی کۆچی دوایی کردووە.

## ڤۆیتسەک

ڤۆیتسەک درامایەکی تەواونەکراوی گیۆرگ بویشنەری درامانووس و نووسەرە، کە ڕەنگ بێ لە نێوان ژون و سێپتەمبەری ١٨٣٦دا دەستی بە نووسینی کردبێ. بە هۆی مەرگی زوو و لە ناکاویەوە بە تەواونەکراوی مایەوە. ئەم دەستنووسە بە چەند جۆرێکی جیاواز ماوەتەوە. جگە لە بڕگە ئافەرۆزکراو و سڕاوەکان ٣١ دیمەن بە خەتی بویشنەر بەجێ ماوە. کە ڕەنگ بێ بتوانرێ بەسەر چوار قۆناغی جیاوازی پەرەسەندندا دابەش بکرێن. نازانرێ بویشنەر ویستوویەتی چۆن ئەم دیمەنانە ڕیز بکات. دەستنووسەکان ژمارەی لاپەڕەیان پێوە نییە، دیمەنەکانی کە بە بەش خانەبەند کراون ژمارەیان پێوە نییە. زۆربەی دیمەنەکان زۆر کورتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەربەخۆن. مەرەکەبی دەستنووسەکان ئەوەندە کاڵ بوونەتەوە کە براکەی گیۆرگ بە زەحمەت توانیویەتی بیانخوێنێتەوە؛ ڕەنگ بێ هەر لەبەر ئەمەش بووبێ کە یەکەم جار لەگەڵ سەرجەمی کارەکانی تردا لە ساڵی ١٨٨٥دا بڵاوی نەکردبێتەوە.

دراماى تەواونەکراوی ڤۆیتسەک بە چەندان دەقی جیاوازی سەرهەڵدان لە بەردەستدایە کە لە ئەرشیڤی گوێتە و شیلەر لە ڤایمار هەڵگیراون و لە ساڵی ١٩٨١دا بڵاو کرانەوە.

یەکەم جار لە ساڵی ١٨٧٩دا چاپ کرا، نووسەری نەمساویی کارڵ

ئێمیل فرانزۆس لە ڕێی مامەڵەی کیمابییەوە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری دا هەتا دەقەکەی وا لێ کرد کە مایەی خوێندنەوە بێت. بەڵام دەسکاری و گۆڕانکارییەکی زۆری تێدا کردبوو. بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩١٣دا ڤۆیتسەک لە شانۆی پادشایەتیی میونخدا نمایش کرا. لەو کاتەوە وەرگێڕدراوەتە سەر دەیان زمان و چەندان جار سەرلەنوێ شرۆڤە کراوە. پێش هەموو شتێک بە هۆی نەرمیی بەدوای یەکداهاتنی دیمەنەکان نموونەی درامای کراوەی کلاسیکی بەرجەستە دەکا و ئەمڕۆ ڤۆیتسەک یەکێکە لە دراما زۆر نمایشکراو و کاریگەرەکانی ئەدەبی ئەڵمانیایی و بەهرەی بە هونەرمەندێکی زۆر بەخشیوە بۆ ئەفراندنی کاری هاوشێوە.

یۆهان کرستیان ڤۆیتسەک ڕێخۆشکەری مێژوویی بۆ درامای ڤۆیتسەک بووە. یۆهان ڤۆیتسەک کوڕی پیاوێکی بارۆکە دروستکەر بووە، لەبەر ئیرەییی یۆهانا ڤوستی بێوەژنی ٤٦ ساڵەی داوەتە بەر چەقۆ و لە دالانی خانوویەکدا کوشتوویەتی. پرۆفیسۆرێکی زانکۆ لە دوو لێکۆڵینەوەی جیاوازدا ڤۆیتسەکی وەکو مرۆڤێکی ژیر و ئاسایی لە قەڵەم داوە. تەنانەت شازادەی جێنشینی ساکسۆن لە بەرژەوەندیی ڤۆیتسەک لێکۆڵینەوەیەکی کردووە، بەڵام لەپاش لەدادگەدانێکی درێژ لە ساڵی ١٨٢٤دا بە بەرچاوی خەڵکەوە لە لایپزیک سەری پەڕێنرا.

ئەم لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنانەی کەسایەتیی ڤۆیتسەک و چەندان بکوژی ئەو کاتەی دارمشتات لە کۆوارێکی زانستی پزیشکیدا بڵاو کرابوونەوە و لەوانەیە بویشنەر سوودی لەم کۆوارە بینیبێ بۆ داڕشتنی درامای ڤۆیتسەک.

ڕەوشی ناتەواویی دراماکە بۆ بڵاوکردنەوە و نمایش کاریگەرییەکی

زۆری هەبوو. دەستنووسەکان دەبوو بهێنرێنە سەر بارێک بخوێنرێنەوە. بەدوای یەکداهاتنی دیمەنەکان بۆ سەر شانۆ دیاری بکرێن. بۆ ڕاڤەکاران و تۆژەرەوانی ڤۆیتسەک و بۆ بویشنەر بەئاسانی بووە مایەی مشتومڕێکی زۆر.

## درامای ڤۆیتسەک

سەربازی ئاسایی فرانتس ڤۆیتسەک هەوڵ دەدا بە دەرماڵە کەمەکەی یارمەتیی ژنە هاوڕێکەی و منداڵە ناشەرعییەکەی بدات، کار بۆ ئەفسەرەکەی سەردەستی دەکا. بۆ ئەوەی لە پاڵ دەرماڵەکەیەوە کە هەمووی بە ماری دەدا کەمێک پارەی دەست بکەوێ، خۆی دەخاتە بەردەستی پزیشکێکی بێ ویژدانی دڵڕەق و وەکو کەروێشک و مشکی لابۆر بە مەبەستی تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوە ڕێجیمی پۆڵکەی پێ دەکرێ. ئەفسەرەکە و پزیشکەکە نەک هەر لە لایەنی جەستەیی و دەروونییەوە ڤۆیتسەک دادەدۆشن، بگرە لە بەرچاوی خەڵک سووکایەتیشی پێ دەکەن.

کاتێ ماری بە دزییەوە دەست لەگەڵ ئەفسەرەکەدا تێکەڵ دەکا و ئەو گومانەی لە ناخی ڤۆیتسەکدا چەکەرەی کردووە دەسەلمێ، دوای ئەوەی لە مەیخانەکە ڤۆیتسەک چاودێریی ماری دەکا لەگەڵ کێبەرکێکەرەکەیدا سەما دەکا، لەو بڕوایەدایە دەنگێک لە ناخییەوە دەبیستێ، کە فەرمانی پێ دەکا ماریی بێوەفا بکوژێ. لەبەرئەوەی پارەکەی بەشی کڕینی دەمانچە ناکات، چەقۆیەک پەیدا دەکا، لە پیاسەیەکی ئێواراندا ماری دەباتە ناو دارستانێکی نزیکەوە و لە لێواری زرێبارێک دەیکوژێ.

بە پێچەوانەی زمانی درامای کلاسیکییەوە زمانی ڤۆیتسەک زمانی ئاساییە، لە ڕێی پچڕاندنی دەستەئەنقەستی ڕستە، ڕاوەستان و درێژبوونەوەوە بویشنەر دەیەوێ ئەسالەت بگەیەنێ. لە هەمان کاتدا ئەم بەکارهێنانی شێوەی زمانی ئاساییە وەکو هۆکار دەبێتە هۆی زیادکردنی گرژی. کە مرۆڤەکانی هەریەکە و باسی شتێک دەکات و تەنیایی ڤۆیتسەک و پچڕانی پێوەندیی ڕۆحی لەگەڵ ماریدا بەرجەستە دەکات. جگە لەمەش بۆ بویشنەر لواوە لە ڕێی بەکارهێنانی ئاستی جیاوازیی زمانەوە پلە و پایەی کۆمەڵایەتیی قسەکەرەکان ئاماژە پێ بکات. پزیشکەکە ئەڵمانیایی ستاندارد قسە دەکا، لە کاتێکدا زمانی ڤۆیتسەک و ماری، کە سەر بە چینی خواری خوارەوەی کۆمەڵگەن بە زاراوە قسە دەکەن و پڕن لە هەڵەی زمانەوانی، بێگومان زۆر زەحمەتە لە کاتی وەرگێڕاندا ئەو ئاستەی بویشنەر مەبەستی بووە بگوزارێتەوە.

ئەوانەی لە چینێکی بەرزتری کۆمەڵایەتین لە لایەنی ڕێزمانەوە ڕێک و ڕاست قسە دەکەن، بەڵام زۆرجار لە کلێشە و قسەی پووچدا خۆیان ون دەکەن. (بۆ نموونە

پزیشکەکە:

مرۆڤ ئازادە، لە مرۆڤدا فەردانییەت دەبێتە ئازادی.

یان ناتەواو و نارێک بە شێوەی دووبارەکردنەوەی ناپێویست، درێژەپێدانی بێ کەڵک، قسەجوونەوە گوزارشت دەکا (بۆ نموونە

**سەرگەرد:**

ئێوە ئاکارتان نییە! ئاکار، ئەوە ئەوەیە کاتێ مرۆڤ ئاکاری بێت

بە پێچەوانەوە ئەگەر ڤۆیتسەک پرکێشی بکات و باز بەسەر سێبەری خۆیدا بدات زۆر جوان و ڕوون گوزارشت لە خۆی دەکات. بە هۆی مەجازی زۆرەوە ئەو هەستەمان لەلا دروست دەبێت کە بە چەمکی مەنتیقی بیر ناکاتەوە، بگرە تەنیا بە وێنە بیر دەکاتەوە بۆ نموونە

**ڤۆیتسەک:**

ئاگرێک بە دەوری ئاسماندا دەخولێتەوە و هاژەیەکی وەکو شەیپوور دێتە خوارەوە

یان ئەو مەتەڵە ڕوون و شاعیرانەیەی دایەگەورە دەیگێڕێتەوە، کە ئەویش سەر بە چینی خواری خوارەوەیە.

ناوزەدکردنی ڕۆڵەکانیش پڕ لە گوزارشتن: زۆر کەسی کە سەر بە چینی خواری خوارەوەن (ڤۆیتسەک، ئەندرەسی هاوژووری، ماری کێتە، مارگرێتی دراوسێی ماری و کارڵی گەلحۆ) لەلایەن نووسەرەوە ناویان لێ نراوە و وەکو کارەکتەر دەردەکەون لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا بە کلێشە وەسف کراون تەنانەت تا ڕادەیەک وەکو فیگوری پێناسەکراو دەردەکەون. بە پێچەوانەوە زۆربەی ڕۆڵەکانی تر تەنیا بە پێی پێگە پیشەیی یان کۆمەڵایەتییەکانیەوە ناوزەد کراون: سەرگەردی تیپی مۆسیقای سەربازی، سەرڤان، پزیشک،

پرۆفیسۆر. ڕۆڵەکانیان زۆرجار ناڕوون یان تاکڕەهەندن، زیاتر نموونەی کلێشەیین وەکو لەوەی کارەکتەر بن.

## پاڵنەری ڤۆیتسەک

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە دراماکە پاڵنەری کوشتنی جیاواز دەخاتە بەردەم ڤۆیتسەک:

پاڵنەری ئیرەیی: پاڵنەری کوشتنی ڕوون و ئاشکرا ئیرەییی ڤۆیتسەکە بە سەرگەرد کە لەگەڵ ماریدا دەستی تێکەڵ کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڤۆیتسەک کار بۆ ماری و منداڵەکەی دەکا. ڤۆیتسەک لە لایەنی جەستەیی، کۆمەڵایەتی و سێکسییەوە خواردەستە "بەتایبەتی لەو دیمەنەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە لەگەڵ سەرگەرددا شەڕ دەکەن" و لەبەرئەوەی ڕووی توندوتیژیی ئاراستەی ماری دەکات.

تێکچوونی دەروونی: ڤۆیتسەک بەردەوام گوێی لە دەنگە، ئەمەش نیشانەی شیزۆفرێنیایە. لە ڕێی پەیمانەکەی لەگەڵ پزیشکەکەدا نەخۆشییەکەی ڤۆیتسەک سەری هەڵداوە یان خراپتر بووە. لە جیاتیی پزیشکەکە چارەسەری ڤۆیتسەک بکات، وەکو کەروێشکی تاقیکردنەوە بەکاری دەهێنێ تەنیا یەکلایەنە خۆراک بخوا و ڕێجیمی پۆڵکە بکات، ئەمەش ڤۆیتسەک زیاتر نەخۆش دەخا. پاڵنەری خۆپەرستانەی پزیشکەکە تەنیا ئەو چاوچنۆکیەیەتی ئەزموونە بەناو زانستییەکانی پەرە پێ بدا. ئەمەش کوشتن تا ڕادەیەک وەکو ئەنجامێکی گرژی و ناسەقامگیریی دەروونیی ڤۆیتسەک لە ڕێی خراپ خواردنەوە خوڵقاوە، کە هەر لە سەرەتای دراماکەوە دەردەکەوێ.

ئازادبوون لە کۆمەڵگە: ڤۆیتسەک لەلایەن کۆمەڵگەوە، کە سەرگەرد، سەرڤان، پزیشکەکەوە بەرجەستە دەبێ خراپ بەکار دەهێنرێ و سووکایەتیی پێ دەکرێ. کوشتنی ماریش جۆرە نارەزاییەکە دژی

هەلومەرجی سەروەر، هەڵچوونی توندوتیژییە پەنگخواردووەکەی دژی چینی سەردەست، کە ڕادەستیان بووە.

## کرۆکی دراماکە

بۆ ئەوەی پەی بە پاڵنەری کرۆکی درامای ڤۆیتسەک ببەین گرینگە ئێستێک لە ئاستی پاڵنەری کوشتندا بکەین، بەڵام ئەوە بەس نییە خۆمان لە ئاستی ئیرەیی ڤۆیتسەک لە هەمبەر سەرگەردا سنووربەند بکەین. پشتینە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕن، بە تایبەتی دابەشبوونی چینایەتیی کۆمەڵگە. ئەمە زۆر بە تایبەتی و بە پلەی یەکەم بە نیگایەک بۆ سەر پێکهاتەی کەسایەتی و زمانی فیگورەکانی بویشنەر ڕوون دەبێتەوە.

ڤۆیتسەک لەم کۆمەڵگەیەدا دەچەوسێنرێتەوە و سووکایەتیی پێ دەکرێ، کە لە پێوەندی لەگەڵ سەرگەرد و پزیشکەکە و سەروانەکەدا ڕەنگ دەداتەوە: سەروانەکە کە بە هۆی ڕەگ و ڕەچەڵەکیەوە ڤۆیتسەک بە "نائاکار" ناوزەد دەکا؛ پزیشکەکە، کە ڤۆیتسەک وەکو بابەتی تاقیکردنەوە سەیر دەکات و ناچاری دەکا خواردەمەنییەک بخوا کە دەبێتە هۆی وێرانکردنی تەندروستی، بەڵام ڤۆیتسەک ناتوانێ خۆی لەم تاقیکردنەوانە ڕزگار بکات، چونکە وابەستەی ئەو پارەیەیە کە لە ڕێیەوە دەستی دەکەوێ بۆ ئەوەی بژێویی خێزانەکەی مەیسەر بکات؛ لەگەڵ سەرگەرددا، کە ڕێز لە ڤۆیتسەک ناگرێ و لە بەردەم خەڵکدا گاڵتەی پێ دەکا.

ڤۆیتسەکیش نەک هەر لە لایەنی جەستەییەوە، بگرە لە لایەنی دەروونیشەوە ڕاڕا و ناسەقامگیرە. ئەمەش دەبێتە ئەنجامی ئەوەی، کە

خۆی بخاته ژێر ویستی ئەوانی ترەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەوساندنەوەی لەلایەن ئەوانی ترەوە دڕدۆنگ و تووڕەی دەکا. تەنیا پێوەندیی لەگەڵ ماریدا دەبێتە پشت و پەنای و ئەو هەستەی دەداتێ مرۆڤێکی بە بەها بێ. لەبەرئەوەیە دەتوانرێ بێئەمەگیی ماری وەکو پاڵنەر، بەلام نەک وەکو هۆکار سەیر بکرێ: بە هۆی لەدەستدانی ئەم ئەمەگەوە ڤۆیتسەک ناتوانێ لەوە زیاتر بەرگەی ئەو پاڵەپەستۆیە بگرێ کە بە سەریەوەیەتی. دەتوانرێ کوشتنی ماری وەکو ئاکتی خۆ وێرانکردن و وەکو خۆ ڕزگارکردن لە کۆمەڵگە شرۆڤە بکرێ.

## لیۆنتسە و لێنا

لیۆنتسە و لێنا کۆمیدیایەکی گیۆرگ بویشنەرە، کە مەرج نییە وەکو پێویست بە کۆمیدیا سەیری بکرێ، بگرە ساتیرێکی سیاسیی لەژێر پەردەی شادی و گاڵتەوگەپدا شاراوەیە. ئاسان نییە وەکو کۆمیدیا لەم شانۆنامەیە بڕوانرێ، بەلام مرۆڤ دەتوانێ نۆدەمییەکی سەرسووڕهێنەری بداتە پاڵ، چونکە هەندێ شوێنی شانۆنامەکە شانۆی ئەبسوردمان بیر دەخەنەوە، ساتیرە ئەدەبییەکە کردەی مۆنتاجی شانۆ بەکار دەهێنێ و میلانکۆلیای لیۆنتسەش قێزی بوونێک بەرجەستە دەکات کە دەستپێشخەرییەکە بۆ فیگورەکانی شانۆی سەدەی بیست. کۆتایی شانۆنامەکەش دڵی ئەو کەسە خۆش ناکات کە چاوەڕوانی کۆتاییەکی خۆشنوودە لە کۆمیدیایەک، چونکە نەریتی کۆمیدیا ئەوەی دەوێ. بە پێچەوانەوە لە کۆمیدیاکەی بویشنەردا کۆتاییی کراوەیە. کۆتاییی شانۆنامەکە فریادڕەسیی ناهێنێ: لەگەڵ ئەوەشدا لیۆنتسە و لێنا هاوسەرن و کۆتاییی کۆمیدیای نەریتی

دەڵێنەوە، بەڵام "چونکە سبەی بە هەموو ئارامی و ئاسوودەییەک دیسان سەرلەنوێ دەست بەو خۆشییە دەکەینەوە." بەم وشانە لیۆنتسە دەست و پێوەند و بینەر یان خوێنەر بەجێ دەهێڵێ.

لە بەهاری ١٨٣٦دا بویشنەر ئەم کۆمیدیایەی نارد بۆ پێشبڕکێیەک، بەڵام لەبەرئەوەی درەنگ بەدەستیان گەیشتبوو بەبێ ئەوەی بخوێنرێتەوە بۆیان ناردەوە. شەست ساڵ دواتر، واتە لە ساڵی ١٨٩٥دا بۆ یەکەم جار نمایش کرا.

ئێریش کێستنەر لیۆنتسە و لێنا بە یەک لە شەش گرینگترین کۆمیدیا کلاسیکییەکانی زمانی ئەڵمانیایی لە قەڵەم دەدا.

## ناوەڕۆک

شازادە لیۆنتسەی میلانخۆلی لە خەوندا نغرۆبوو پادشانشینی پۆپۆ دەخرێتە بەردەم ئەو واقیعەی کە لێنای خاتوونە شازادەی پادشانشینی پیپی بخوازێ. لێ ئەم ئارەزووی هاوسەرکاری ناکات و بۆ ئیتاڵیا هەڵدێ. ڤالیریۆی بەردەستی هاودەمی دەکات، ڤالیریۆ مرۆڤێکی دڵسۆز و بە ئەمەکە، بەڵام تەمەڵە و حەز بە ئیش ناکات و هەردەم کەمێک مەستە و ورگدڕاو و چلێسە و هەردەم گەورە ئیدیالیستییە لە خەوندا نغرۆکەی دەهێنێتەوە سەر زەوینەی واقیع.

پیتەری پادشا، کە بە ڕووکەش ملهوڕێکی تێگەیشتووە، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر بێ مێشکە لەو سەروبەندەدا فەرمانی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی دەوڵەت دەدا، بۆ ئەوەی بڕیارەکەی کە کوڕەکەی دەبێ ژن بێنێ ڕابگەیەنێ و ئەمەش جارێکی تر بێ پەروایی، دووریی لە واقیع و پشێویی عەقڵییەوە دەردەکەوێ.

له ڕێگەی هەڵاتنی بۆ ئیتاڵیا لیۆنتسە و ڤالێریۆ تووشیان دەبێ بە تووشی دوو خانمەوە: لێنا و ژنە پەروەردیارەکەیەوە. ئەوانیش لە ترسی هاوسەرکاری لە هەڵاتندان. لیۆنتسە، مەزەندەی ئەوە ناکات کە ئەمە بووکەکەیە و حەزی لێ دەکا، لە کاتێکدا ڤالێریۆ و ژنە پەروەردیارەکە گفتوگۆیەکی ڕەق دەکەن. لیۆنسە ددان بە خۆشەویستییەکەیدا دەنێت، بەڵام لێنا هیچ پەرچەکرداری نییە: لیۆنتسە دەیەوێ خۆی بکوژێ، بەڵام ڤالێریۆ ڕێی لێ دەگرێ، ڤالیریۆ گاڵتەی بە تراجیدیای خۆکوشتن دێت. دواییتر لێنا حەز لە لیۆنتسە دەکا و هەردووکیان بڕیار دەدەن بە یەکەوە بژین.

لەم سەروبەندەدا لە دەرباری پۆپۆدا ئامادەکاری بۆ ئاهەنگی پێشوازی لە بووک و زاوا بە جووتیارانەوە دەکرێ، دیمەنێکی پڕ لە سادیزم و بەرجەستەکردنێکی بێبەزەییانەی کلۆڵیی جووتیارەکان.

دیمەنی داهاتوو جارێکی تر لە کۆشکدا بەرچاو دەخرێ، کە مرۆڤ دەتوانێ هەموو پادشانشینی ببینێ. پادشا و دەست و پێوەندەکانی لە پرسەیەکی گەورەدان، لەبەرئەوەی شازادە ون بووە و ئێستا زەماوەندەکە پێک نایەت. بەڵام لە پڕ لەسەر سنووری قەڵەمڕەویدا چوار بیچم دەبینرێن. بێگومان ئەو چوار کەسە پەروەردیارەکە، لێنا، لیۆنتسە و ڤالیریۆن. دوو ئەویندارەکە بە جۆرێک خۆیان پۆشیوە کە ناناسرێنەوە، ڤالیریۆ وەکو "دوو ئەوتۆماتی لە دنیادا بەناوبانگ" ستایشیان دەکات، لەبەرئەوەی دەتوانن هەموو ئەرکەکانی ژیانی مرۆڤ بە ڕێکوپێکی بەجێ بهێنن، پیتەری پادشا بڕیار دەدا، بە خستنەبری زەماوەندەکە بگێڕن، بە ئەوتۆماتەکان وەکو بووک و زاوا. ئاهەنگەکە دەگێڕدرێ و هەردووکیان دەمامکەکانیان دادەماڵن. ئێستا

ئەمجا لیۆنتسە و لێنا بۆیان دەردەکەوێ، کە نەک وەکو دەیانویست یارییان بە باوکەکانیان کردووە، بگرە نەیانتوانی لە چارەنووسی پێکەوەبوونیان قورتاریان ببێ. لیۆنتسە بەم قەدەرەی خۆی سەرسامە. بە ئیرۆنیایەکی کۆمیدیاییی دڕدۆنگەوە چارەنووسی خۆی وەکو پادشا بەسەر قەڵەمڕەوێکی دەست و پێوەندی گەمژەی گوێڕایەڵەوە دەبینێ. لێناش ڕۆڵە نوێیەکەی خۆی قبووڵ دەکا. ڤالێریۆ لەبەر کارەکانی بۆ ڕێکخستنی زەماوەندی لیۆنتسە دەکرێتە وەزیری دەوڵەت، بارودۆخەکە خەستتر دەکاتەوە، بەوەی فەرمان دەدا، نەزمی سەروەر بکرێتە نەریت و شانشین لە پاشاگەردانیدا نغرۆ بکرێ و هەموو شتێک بخرێتە خزمەتی لەزەتی شەخسییەوە.

کۆمیدیاکەی بویشنەر لەبارەی شازادەی خەونەوە، کە لە ژیان ماندوو بووە و نایەوێ جگە لە هەڵاتنێکی نابەدڵ هیچی تر بە ئیدیالە ڕۆمانتیکییەکانی ببەخشێ، بە هیچ جۆرێک بێ وەی نییە: ئیرۆنیای پڕ گوزارشت و پووچگەراییی نایاب داڕێژرا پەردە لەسەر گەنگی دەرەبەگایەتییەک هەڵدەدەنەوە کە کار بە خەڵک دەکەن و خۆیانیش تەنیا یەک شت دەناسن، ئەویش بێزارییە.

# ڤۆیتسەک

## کەسەکان

فرانتس ڤۆیتسەک

ماری تسیکڤۆڵف

کریستیان، کوڕی ماری و ڤۆیستەک (تەمەنی نزیکەی ساڵێکە)

سەرڤان

پزیشک

سەرگەردی تیپی مۆسیقای سەربازی

ئەفسەریار

ئەندرەس

مارگرێت

پرۆفیسۆر

جاڕدەر، جاڕچیی دوکانێک

پیرەمێردێک

منداڵێکی سەماکەر

یەکەم هەرزەکاری پیشەدەست

دووەم هەرزەکاری پیشەدەست

کارڵە شێت

جوولەکەکە

داپیرە

منداڵی یەکەم

منداڵی دووەم

کەسی یەکەم

کەسی دووەم

گارسۆن

کێتە

پێشدەستی دادگە

دەلاک

پزیشک

دادوەر

بەردەستی پۆلیس

چەند سەربازێک، چەند شاگردێکی پیشەییدەست، خەڵکی، چەند کچێک و چەند منداڵێک

## دیمەنی ١

کێڵگەیەک. شار لە دوورەوە دیارە

ڤۆیتسەک و ئەندرەس لە دەوەنەکەدا دار دەبڕنەوە

**ڤۆیتسەک:**

بەڵێ ئەندرەس؛ بەسەر ئەو هێڵەی گیاکەدا، لەوێ ئێواران سەر دەپەڕێندرێ، یەکێک جارێکیان سەرێکی بەرز کردەوە، وای زانی کە ژوژکە. سەرەکە سێ شەو و سێ ڕۆژ بوو بەسەر تەڵاشە دارەکانەوە بوون (بە دەنگی نزم). ئەندرەس، ئەوانە فەرمەسۆنەکان بوون، بیرم کەوتەوە، فراماسۆنەکان، بێدەنگ بە!

**ئەندرەس:** (گۆرانی دەڵێ):

لەوێ دوو کەروێشک هەڵتووتابوون

قەپیان لە گیا سەوزیان دەدا، گیا سەوزەکان...؟

**ڤۆیتسەک:**

بێدەنگ بە! دەنگ دێت! وا نییە؟

**ئەندرەس:**

قەپیان لە گیا سەوزەکان دەدا، گیا سەوزەکان

هەتا دەگەیشتە چیمەنەکە.

**ڤۆیتسەک:**

لە پشتمەوە دەنگ دێت، لەژێرمەوە دەنگ دێت (پێ بە زەویدا دەکوتێ) بەتاڵە، گوێت لێیە؟ ژێرەوە هەمووی بەتاڵە. فرماسۆنەکان!

**ئەندرەس:**

دەترسم!

**ڤۆیتسەک:**

ئەوەندە نائاسایی کپە. مرۆڤ دەیەوێ هەناسە لە خۆی ببڕێ. ئەندرەس!

**ئەندرەس:**

چی؟

**ڤۆیتسەک:**

شتێک بڵێ! (لە دەوروبەر ڕادەمێنێ) ئەندرەس! چەند ڕووناکە! ئاگرێک بە دەوری ئاسماندا دەخولێتەوە و هاژەیەکی وەکو شەیپوور دێتە خوارەوە. چۆن بەرز دەبێتەوە! دەی. سەیری پشتەوەی خۆت مەکە. (ئەندرەس بۆ ناو دار و دەوەنەکە ڕادەکێشێ.)

**ئەندرەس:**

(پاش پشوویەک): ڤۆیتسەک! هێشتا هەر گوێت لێیەتی؟

**ڤۆیتسەک:**

کپە، وەکو دنیا مردبێت هەموو شتێک کپە.

**ئەندرەس:**

گوێت لێیە؟ تێیدا تەپڵ لێ دەدەن. دەبێ بڕۆین.

## دیمەنی ٢

ماری (لەگەڵ منداڵەکەیدا لەبەر پەنجەرەکەدان). مارگرێت
مۆسیقاژەنەکانی تیپی مۆسیقای سەربازی لەوێوە تێ دەپەڕەن،
سەرگەرد لەپێشیانەوە ڕێ دەکا.

**ماری:**

(منداڵەکە لەسەر دەستی ڕادەژەنێ): هەی کوڕە! هەی لۆ هەی

لۆ! گوێت لێیە؟ ئەوا دێن.

**مارگرێت:**

چ پیاوێکە، بە قەد درەختێک.

**ماری:**

وەکو شێر لەسەر پێیەکانی ڕاوەستاوە.

(سەرگەرد سڵاویان لێ دەکا)

**مارگرێت:**

ئای، خانمی دراوسێ، چ چاوێکی میهرەبانی هەیە، مرۆڤ لەلای ئێوە بە شتی وا ڕانەهاتووە.

**ماری:**

(گۆرانی دەڵێ). سەربازەکان کوڕگەلی قۆزن.

**مارگرێت:**

چاوەکانتان هێشتا دەبریسکێنەوە.

**ماری:**

ئێ با وابێ! چاوەکانتان ببەن بۆ لای جوولەکەکە و با بۆتانی بشواتەوە، لەوانەیە هێشتا وا ببریسکێنەوە، کە مرۆڤ بتوانێ بە دوو عانەی زیویان بفرۆشێ.

**مارگرێت:**

چی ئێوە؟ ئێوە؟ خانمی ڕەبەن، من کەسێکی بە حورمەتم، بەڵام ئێوە، ئێوە بە حەوت ئاو شۆراونەتەوە.

**ماری:**

قەحپە (پەنجەرەکە دادەخا.) وەرە کوڕم. خەڵکی چییان دەوێ.

تۆ تەنیا کورێکی داماوی قەحپەیەکی بە ڕووە ناڕاشکاوەکەت
دڵی دایکت خۆش دەکەی. های! های!
(گۆرانی دەڵێ.)
کچێ، ئێستا تۆ چی دەکەی
منداڵێکی بچووکت هەیە و پیاوت نییە.
ئاخ من پرسیاری چی دەکەم
بە درێژاییی شەو گۆرانی دەڵێم
لایە لایە کوڕم. هەیلۆ!
هیچ مرۆڤێک هیچم بۆ ناخاتە سەر

هانسڵ شەش ئەسپەکەت ببەستە
سەرلەنوێ ئالیکیان بدەرێ.
ئالیک ناخۆن
ئاو ناخۆنەوە
دەبێ تەنیا شەرابی سارد بێ. هەیلۆ!
دەبێ تەنیا شەرابی سارد بێ.
(لە پەنجەرەکە دەدرێ.)

**ماری:**

ئەوە کێیە؟ فرانتس تۆی؟ وەرە ژوورەوە!

**ڤۆیتسەک:**

ناتوانم. کە ناو دەخوێندرێتەوە دەبێ لەوێ ئامادە بم.

**ماری:**

فرانتس چیتە؟

**ڤۆیتسەک:**

(زۆر نهێنی ئامێز): ماری، جارێکی تریش شتێک ڕووی دا، زۆر شت نەنووسراوە: دووکەڵێک لە زەوییەوە بەرز دەبووەوە، وەکو چۆن دووکەڵ لە ئاگردانەوە بەرز دەبێتەوە؟

**ماری:**

پیاوەکە!

**ڤۆیتسەک:**

هەتا قەراخی شار بە دوامەوە بوو. ئەمە چی دەگەیەنێ؟

**ماری:**

فرانتس!

**ڤۆیتسەک:**

من دەبێ بڕۆم. (دەڕوا.)

**ماری:**

ئەو پیاوە! زارەترەک بووە. سەیری منداڵەکەی نەکرد. بەم بیرکردنانەوە شێت دەبێ. کورم، بۆ وا بێدەنگی؟ دەترسی؟ ئەوەندە تاریک دەبێ، مرۆڤ دەڵێی کوێر بووە. ئەگینا هەموو کات تیشکی گڵۆپەکە دێتە ژوورێ. (دەڕوا.) تەحەمولی ناکەم. دەترسێم. (دەڕوا).

## دیمەنی ٣

خانوویەکی دارین. ڕووناکی. خەڵکی

**پیرەمێردێک:**

منداڵێک کە سەما دەکا:

دنیا بۆ کەس هەتا سەر نامێنێ.

ئێمە هەموو دەبێ بمرین،

ئێمە هەموو ئەمە باش دەزانین!

**ڤۆیتسەک:**

هەی! هەیتۆ! پیاوی داماو، پیاوی پیر! منداڵی داماو! منداڵی لاو! هۆو ماری، هەڵت بگرم؟ هێشتا مرۆڤێک دەبێ ... بۆ ئەوەی بتوانێ نان بخوا! دنیا! دنیایەکی شێتە! دنیایەکی جوانە!

**جاڕدەر:**

(لە پاڵ خانوویەکی دارینی گەڕۆکەوە): برایان، خوشکان، لێرەدا ئەم ئەسپە ئەستێرەناسە و ئەم کەنارییە بچووکانە دەبینرێن، کە لە دڵی هەموو دەستەڵاتدارەکانی ئەورووپا و ئەندامانی هەموو جڤاکی زاناکاندا خۆشەویستن؛ خەڵکەکە پێشبینیی هەموو شتێک دەکەن، تەمەنی چەندە، چەند منداڵی هەیە، چی نەخۆشییەکی هەیە، کە دەمانچەکە دەتەقێ، لەسەر یەک پێ ڕادەوەستێ. هەموو شتێک پەروەردەیە، مەنتیقێکی حەیوانانەیان هەیە، یان پتر حەیوانییەکی زۆر مەنتیقییان هەیە، وەکو زۆر کەس تاکێکی وەکو حەیوان گەمژە نییە، بە دوور لە بینەرانی بەڕێز. وەرنە ژوورەوە. نمایش دەکرێ، سەرەتای سەرەتا دەست پێ دەکا.

بەڕێزانم! بەڕێزانم! ئەم بوونەوەرە دەبینن، کە خوا چۆنی خوڵقاندووە، هیچ، هەر هیچ. ئێستا هونەرەکە دەبینن، بە قیتی دەڕوا، چاکەت و پانتۆڵی لەبەرە، شمشێری پێیە! ئافەرینی بکە! تۆ بارۆنی. ماچ بدە! (بۆق لێ دەدا.) میخل مۆسیقییە.

سەیری پێشکەوتنەکانی شارستانییەت بکەن. هەموو شتێک بەرەوپێش دەڕوا، ئەسپ، مەیموون، کەناری. مەیموون سەربازە، هێشتا زۆر شت نییە، پلەی هەرە خوارەوەی ڕەگەزی مرۆڤە!
نمایش دەست پێ دەکا! مرۆڤ سەرەتا دەست پێ دەکا. هەر ئێستا سەرەتای سەرەتا دەبێ.

**ڤۆیتسەک:**

دەتەوێ؟

**ماری:**

با برۆین. دەبێ شتێکی خۆش بێت. کە مرۆڤ گوڵنگی هەیە و ژن پانتۆڵی لە پێیە.

### دیمەنی ٤

ئەفسەریار. سەرگەردی تیپی مۆسیقای سەربازی

**ئەفسەریار:**

ڕاوەستێ، ئێستا. دەیبینی! چ ژنێکە!

**سەرگەرد:**

شەیتان، بۆ نەوە خستنەوە بۆ بەتالیۆنی سوارە و بەخێوکردنی سەرگەردی تیپی مۆسیقای سەربازی.

**ئەفسەریار:**

چۆن سەری ڕاگرتووە، مرۆڤ وا دەزانێ قژە ڕەشەکەی بۆ خوارەوەی ڕادەکێشێ، وەکو قورساییەک و چاوە ڕەشەکانی.

**سەرگەرد:**

وەکو مرۆڤ سەیری ناو بیرێک یان دووکەڵکێشێک بکات. برۆ،

له دواوه!

**ماری:**

چ تیشکێکە!

**ڤۆیتسەک:**

بەڵێ ...، پشــــیلەیەکی ڕەش بە چاوی ئاگـــرینەوە. هۆو، چ ئێوارەیەکە!

## دیمەنی ٥

ناوەوەی گالیسکەکە

**جارڕدەر:**

بەهرەکەت پێشان بدە! مەنتیقە حەیوانانەکەت پێشان بدە! کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی شەرمەزار بکە! بەڕێزانم، ئەم حەیوانەی کە ئێوە لێرە دەیبینن، کلکی بە لەشیەوە، بەسەر هەر چوار سمیەوە، ئەندامی هەموو کۆمەڵگەی زانایانە، لە چەندین زانکۆدا پرۆفیسۆرە، کە خوێندکارەکان سواری و شمشێربازیی لێوە فێر دەبن. ئەمە تێگەیشتنی ئاسان بوو! ئێستا بە مەنتیقی دووقاتەوە بیر بکەرەوە. ئەگەر بە مەنتیقی دوو قاتەوە بیر بکەیتەوە چی دەکەی؟ ئاخۆ کۆمەڵگەی زانایان کەرێکی تێدایە؟

(ئەسپەکە سەری ڕادەوەشێنێ.)

ئێستا مەنتیقی دووقات دەبینن؟ ئەمە سیماناسیی ئاژەڵە. بەڵێ ئەمە تاکێکی حەیوانئاسا گەمژە نییە، ئەمە کەسێکە! مرۆڤێکە، مرۆڤێکی حەیوانانە و بەڵام ئاژەڵە، دڕندەیە.

(ئەسپەکە نەشیاو دەجووڵێتەوە.)

ئاوها کـۆمـەڵگە شـەرمـەزار بکە. دەبیـن، حـەیوانەکە هێشـتـا سـروشـتـە، سـروشـتی نەشـێـوێنراو! لەلای ئەو فـێـر بـن. لە پزیشکەکـە بپـرسـن، ئەمـە زۆر زیانگـەیێـمـە! دەوترا، مـرۆڤ سروشتییە، تۆ لە تەپ و تۆز و لم و پیسی خـوڵقاوی. تۆ دەتەوێ لە تەپ و تۆز و لـم و پیسی زیاتر بی؟ دەبیـن، چ مـەنتـیـقـێکە ، دەتوانێ بژمـێـرێ و بەڵام ناشـتوانـێ بە پەنجە بژمـێـرێ، بۆچی؟ تەنیـا ناتوانـێ گـوزارشت بکات، تەنیـا ناتوانێ ڕوون بکاتەوە، مـرۆڤـێکی گـۆڕاوە! بەو بەڕێزانە بـڵـێ، سـەعات چەندە. کێ لەو بەڕێز و خاتوونانە سەعاتی هەیە، سەعات؟

**سەرگەرد:**

سـەعـات! (بـە شکۆ و لەسـەرخـۆ سـەعـاتێک لە گـیـرفـانی دەردەهێنێ.) فەرموو بەڕێزم.

**ماری:**

دەبێ ئەوە ببـینـم. (سـەردەکـەوێتـە سـەر جـێگەی یەکـەم. سەرگەردەکە یارمەتیی دەدا.)

**دیمەنی ٦**

ماری دانیشتووە، منداڵەکەی بە باوەشەوەیە، پارچە ئاوێنەیەکی بە دەستەوەیە.

**ماری:**

(لە ئاوێنەکـەدا سـەیری خـۆی دەکـا): گـەوهـەرەکـان چۆن دەبریقـێنەوە! چ بەردێکن؟ ئەو چی گـوت؟. بنوو کـوڕم! چاوت داخە، قایم.

(منداڵەکە چاوی لە پشتی دەستی دەشارێتەوە)

قایمتر، ئاوا بمێنەرەوە، بێدەنگ بە یان دێت دەتبا. (گۆرانی دەڵێ):

کچێ دەرگە داخە

کوڕە قەرەجێک دێت

دەستت دەگرێ و

بۆ وڵاتی قەرەجانت دەڕفێنێ.

(جارێکی تر لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆی دەکاتەوە). بە دڵنیاییەوە زێڕە! ئێمەمانان تەنیا گۆشەیەکی بچووکمان لە جیهاندا هەیە و تەنیا پارچە ئاوێنەیەک و بەڵام وەکو خاتوونە خانەدانەکان بە ئاوێنە ئاودامانەکانیان و مێردە جوانەکانیانەوە، کە دەستەکانیان ماچ دەکەن لێوێکی ئەوەندە سوورم هەیە؛ من تەنیا ژنێکی هەژارم.

(منداڵەکە ڕاست دەبێتەوە)

کوڕە بێدەنگ بە، چاوت داخە، فریشتەی خەو! چۆن بەسەر دیوارەکەدا ڕێ دەکا (بە پەرداخەکە شەوق دەداتەوە) چاوت داخە، یان سەیری ناو چاوت دەکا تا کوێر دەبی.

(ڤۆیتسەک دێتە ژووەوە، لە پشتی مارییەوەیە. هەردوو دەستی بۆ گوێیەکانی دەبا).

**ڤۆیتسەک:**

چیتە؟

**ماری:**

هیچ.

**ڤۆیتسەک:**

ژێر پەنجەکانت دەبریقێنەوە.

**ماری:**

گوارەیەکی بچووکە؛ دۆزیمەوە.

ڤۆیسەک:

من هێشتا هیچم نەدۆزیوەتەوە. دوو دانە بە جارێک.

**ماری:**

بۆ من سۆزانیم؟

**ڤۆیتسەک:**

باشە، ماری. ئەو کوڕە چۆن خەوتووە. دەست بخەرە ژێر قۆڵی، کورسییەکە دەیگوشێ. دڵۆپە بریقەدارەکان بەسەر تەوێڵییەوەن؛ هەمووی کاری بەر هەتاوە، تەنانەت ئارەقە لە خەودا. ئێمەی هەژار! ماری ئەوە جارێکی تر پارەیە، مووچەکە و هەندێ پارەی سەروانەکە.

**ماری:**

فرانتس خوا پاداشتت بداتەوە.

**ڤۆیتسەک:**

من دەبێ بڕۆم. هەتا ئێوارە، ماری. خواحافیز.

**ماری:**

(بە تەنیا دوای پشووییەک). من مرۆڤێکی خراپم. دەتوانم چەقۆیەک بە خۆمدا بکەم. ئاخ! چۆن دنیایەکە؟ هەمووی بە لەعنەت بێت، پیاو و ژن.

## دیمەنی ٧

سەروان، ڤۆیتسەک

سەروان لەسەر کورسییەک دانیشتووە. ڤۆیتسەک ڕیشی دەتاشی

**سەروان:**

لەسەرخۆ، ڤۆیتسەک، لەسەرخۆ؛ یەک لە دوای یەک؛ زۆر گێژم دەکا. ئەمجا چی لەو دە دەقەیە بکەم، کە ئێوە ئەمڕۆ زووتر تەواو دەبن؟ ڤۆیتسەک، ئێوە وا بیر دەکەنەوە، هێشتا سی ساڵی خۆشتان لە ژیاندا ماوە، سی ساڵ! دەکاتە ٣٦٠ مانگ، ڕۆژ، سەعات، دەقە! دەتانەوێ چی لەو هەموو کاتە زۆرە بکەن؟ بۆ خۆت بیسازێنە، ڤۆیتسەک.

**ڤۆیتسەک:**

بەسەرچاو!. جەنابی سەروان.

**سەروان:**

من بۆ ئەم دنیایە ترسم زۆرە، کاتێ بیر لە جاویدانی دەکەمەوە. سەرقاڵی، ڤۆیتسەک، سەرقاڵی! هەمیشە، هەمیشەیە، ئەوە هەمیشەیە. تێ دەگەن؛ بەڵام ئێستا دیسان هەمیشەیی نییە و چاوترووکانێکە، بەڵێ، چاووتروکانێکە، ڤۆیتسەک، ئارەقەی سارد بە پشتمدا دادەچۆڕێ، کاتێ بیر دەکەمەوە، کە جیهان لە ڕۆژێکدا بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، ئەمە چی کات بە فیڕۆدانێکە، ئەمە بە کوێ دەگا؟ ڤۆیتسەک، ناتوانم ئیتر سەیری بەرداش بکەم، یان خەمۆک دەبم.

**ڤۆیتسەک:**

بەڵێ ڕاستە! جەنابی سەروان.

**سەروان:**

ڤۆیتسەک ئێوە هەردەم شپرزە دیارن. مرۆڤی باش وا ناکات، مرۆڤێکی باش، ئەگەر ویژدانی هەبێ. ڤۆیتسەک شتێک بڵێن. ئەمڕۆ کەشەکەی چۆنە؟

**ڤۆیتسەک:**

خراپە، جەنابی سەروان، خراپە؛ بای دێت.

**سەروان:**

خۆ من هەستی پێ دەکەم؛ لە دەرەوە ئەوەندە بایەکی توندی دێت. بایەکی ئاوها چۆن کاریگەریی بەسەر مشکەوە هەیە، ئاوهایش بەسەر منەوە. (فێڵبازانە.) من لەو بڕوایەدام ئەمەمان لە باشووری باکورەوە بۆ دێت.

**ڤۆیتسەک:**

بەڵێ ڕاستە، جەنابی سەروان.

**سەروان:**

ها! ها! ها! باشووری باکور! ها! ها! ها! ئاە ئێوە گەمژەن، زۆر قێزەون گەمژەن. (بەسۆز): ڤۆیتسەک، ئێوە مرۆڤێکی باشن، مرۆڤێکی باش بەڵام (بە شکۆوە): ڤۆیتسەک. ئێوە ئاکارتان نییە! ئاکار، ئەوە ئەوەیە کاتێ مرۆڤ ئاکاری بێت، ئێوە تێ دەگەن. وشەیەکی جوانە. ئێوە منداڵێکی ناشەرعیتان هەیە، وەکو خوتبەدەری بەتالیۆنەکەمان دەڵێ، ناشەرعی، ئەمە

قسەی من نییە.

**ڤۆیتسەک:**

جەنابی سەروان، خوای گەورە لەبەر بوونەوەرێکی داماو بە گوناهبار نازانێ، ئاخۆ پێش ئەوەی بخولقێنرێ ئامینی بەسەردا وتراوە. خوا فەرمووی: بیەڵن منداڵەکان بۆ لای من بێن.

**سەروان:**

ئەوە ئێوە دەڵێن چی؟ ئەمە چ وەڵامێکی سەیرە؟ ئێوە بە وەڵامەکەتان زۆر سەرم لێ دەشێوێنن. کە من دەڵێم: ئێوە، مەبەستم ئێوەیە، ئێوە.

**ڤۆیتسەک:**

ئێمەی هەژار. جەنابی سەروان دەبینن، پارە، پارە. ئەو کەسەی پارەی نییە. با یەکێکی بێ پارە منداڵی ئاکارانە بێنێتە دنیاوە. مرۆڤ ویست و ئارەزووی هەیە. ئێمەمانان لەم دنیا و لەو دنیا بەدبەختین، لەو بڕوایەدام کە ئێمە بچینە بەهەشتەوە دەبێ یارمەتیی هەورەگرمەکردن بین.

**سەروان:**

ڤۆیتسەک، ئێوە فەزیلەتتان نییە. ئێوە مرۆڤێکی فەزیلەتدار نین. حەز و ئارەزوو؟ کاتێ لە بەردەم پەنجەرەدا بکەوم، کە باران باریبێ لە دواوە سەیری کچۆڵەکان دەکەم، چۆن بە ناو کۆڵانەکاندا باز دەدەن، – ڤۆیتسەک بە لەعنەت بن،– ئەوا ئەڤینم بۆ دێت؟ منیش حەز و ئارەزووم هەیە. بەڵام ڤۆیتسەک، فەزیلەت، فەزیلەت! ئەمجا چۆن کات بە سەربەرم؟ من بەردەوام

دەڵێم، تۆ مـرۆڤـێکی خـاوەن فـەزیلـەتی، (هـەسـتـی جـووڵاوە) مرۆڤێکی باش، مرۆڤێکی باش.

**ڤۆیتسەک:**

بەڵێ جـەنابـی سـەروان، فـەزیلـەت! من هیچ بەهرەیەکم نـیـیـە. دەبینن ئێمـەی خاکی فەزیلەتمان نییـە، گیا لـەسـەر بنجی خۆی دەڕوێ، بەڵام ئەگەر من ئاغا بوومـایە و شەپقـەیەک و سـەعـاتێک و قـاتێکی ئینگلیـزیم هـەبوایە و بمتـوانیـایە بە ویقار قسـە بکەم، حـەزم دەکرد فـەزیلەتکار بوومایـە. فەزیلـەت دەبێ شـتێکی جـوان بێ، جەنابی سەروان. بەڵام من پیاوێکی هەژارم.

**سەروان:**

باشـە ڤـۆیتسـەک. تۆ مـرۆڤـێکی باشـی، مـرۆڤـێکی باش. بەڵام تۆ زۆر بیر دەکەیتەوە، ئەمە بڕست لە مرۆڤ دەبڕێ، تۆ هـەموو کات شـپـرزە دیاری. گفـتوگۆ بە تەواوی دای گرتم. ئێـسـتـا بڕۆ و وا ڕامـەکە؛ لەسـەرخۆ، بـە جوانیـی لەسـەرخۆ جـادەکە بەرەو خـوار بڕۆ.

## دیمەنی ٨

ماری، سەرگەرد

**سەرگەرد:**

ماری!

**ماری:**

(سـەیری دەکـا، بە جەغدەوە). جارێک لەبەر خۆتـەوە بڕۆ. بەسـەر سنگدا وەکو کەڵەگا و ڕیشێک وەکو ڕیشـی شێـر. کەس وەکو تۆ

نییە. من لە بەردەم هەموو ژناندا بەفیزم.

**سەرگەرد:**

کە یەکشەم چەپکە پەڕە گەورەکە و دەستکێشە سپییەکەم هەبێ، هاوار بە ماڵم، ماری، شازادە هەموو کات دەڵێ: گەلۆ، ئەو پیاوێکی ئازایە.

**ماری:**

(بە تەوسەوە). ئاخ چی! (دەچێتە بەردەمی.) پیاو!

**سەرگەرد:**

تۆیش ژنێکی بە خـــرۆشی، لەعنەتی، ئێـمـــە دەمـــانەوێ چەند سەرگەردێکی تیپی مۆسیقا بەخێو بکەین. ها؟ (ئامێزی پێدا دەکا.)

**ماری:**

بە(تووڕەییەوە) وازم لێ بێنە!

**سەرگەرد:**

ئاژەڵی دڕندە.

**ماری:**

(بە توندی) دەستم لێ مەدە!

**سەرگەرد:**

تۆ زۆر بەجۆش و خرۆشی؟

**ماری:**

با وابێ. هەمووی بۆ من وەکو یەک وایە.

## دیمەنی ٩

ماری. ڤۆیتسەک

**ڤۆیتسەک:**

(چاوی تێ دەبڕێ، سەری ڕادەوەشێنێ): هم! من هیچ نابینم، هیچ نابینم. ئای، مرۆڤ دەبێ بیبینێ: مرۆڤ دەبێ بتوانێ بە دەست بیگرێ.

**ماری:**

(بەترسەوە). فرانتس چیتە؟ فرانتس، تۆ شێت بووی.

**ڤۆیتسەک:**

گوناهێکی ئەوەندە گەورە و قەبە. ئەوەندە بۆگەنی کردووە کە مرۆڤ دەتوانێ فریشتەکانی ئاسمانی پێ قانگ بدا. ماری تۆ دەمت سوورە. تلۆقی بەسەرەوە نییە؟ ماری، خواحافیز، تۆ وەکو گوناهـ جوانی. ئاخۆ گوناهی کوشندە دەتوانێ ئەوەندە جوان بێ؟

**ماری:**

فرانتس، تۆ وڕێنە دەکەی.

**ڤۆیتسەک:**

شەیتان! لێرە وەستابوو، ئاوها، ئاوها؟

**ماری:**

هەتا ڕۆژ درێژ و دنیا کۆن بێت، مرۆڤێکی زۆر دەتوانن لە شوێنێکدا ڕابوەستن، یەک لە دوای یەک.

**ڤۆیتسەک:**

من ئەوم بینی.

**ماری:**

مرۆڤ دەتوانێ زۆر شت ببینێ، ئەگەر مرۆڤ دوو چاوی هەبێ و کوێر نەبێ و خۆر تیشک بهاوێژێ.

**ڤۆیتسەک:**

دەبینی.

**ماری:**

(بێ شەرمانە) ئەمجا چییە.

## دیمەنی ١٠

ڤۆیتسەک. پزیشکەکە

**پزیشک:**

ڤۆیتسەک، چی دەبینم؟ پیاو خاوەنی قسەی خۆیەتی.

**ڤۆیتسەک:**

ئەی چۆن جەنابی پزیشک؟

**پزیشک:**

ڤۆیتسەک من بینیم. لەسەر جادەکە میزتان دەکرد. وەکو سەگ میزتان بە دیوارەکەدا کرد. ڕۆژی دوو عانەیش. ڤۆیتسەک ئەمە شتێکی خراپە. دنیا خراپ دەبێ، زۆر خراپ.

**ڤۆیتسەک:**

بەڵام جەنابی پزیشک، ئەگەر یەکێک بگەڕێتەوە بۆ سروشتی خۆی.

**پزیشک:**

دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی خۆی، دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی خۆی! سروشت، ئەی نەمسەلماند کە ماسولکەی میزڵدان گوێڕایەڵی ویستە؟ سروشت! ڤۆیتسەک، مرۆڤ ئازادە، لە مرۆڤدا فەردانییەت دەبێتە ئازادی. نەتوانرێ میز ڕاگیرێ! "سەری ڕادەوەشێنێ، دەستەکانی دەخاتە پشتی و بە ژوورەکەدا دێت و دەچێ." ئێوە پۆڵکەکەتان خوارد، ڤۆیتسەک؟ لە زانستدا شۆڕشێک بەرپا بووە، من دەیتەقێنمەوە. یوریا ۱۰,۰ خوێی میز، هیپەرئۆکسیدول.

ڤۆیتسەک نابێ جارێکی تر میز بکەن؟ بچۆ ژوورەوە و تاقی بکەرەوە.

**ڤۆیتسەک:**

جەنابی پزیشک ناتوانم.

**پزیشک:**

(بە شڵەژاوییەوە). بەڵام میز بە دیواردا کردن! من بە نووسین هەمە، پەیماننامەکەم بە دەستەوەیە. من بینیم، من بەم چاوانە بینیم، من لەو کاتەدا سەرم کردبووە دەرەوە و پەنجەرەکەم کردبووەوە بۆ ئەوەی تیشکی خۆر بێتە ژوورەوە، بۆ ئەوەی چاودێریی پژمە بکەم. (بەرەوڕووی دەڕوا.) نەخێر ڤۆیتسەک، من تووڕە نابم، تووڕەیی باش نییە، نازانستییە. من هێمنم، زۆر هێمنم، دڵم ئاسایی ٦٠ لێ دەدا و بە هەموو خوێنساردییەکەوە پێتان دەڵێم! خۆت لەوانە بە دوور بگرە کە لە مرۆڤ تووڕە دەبن، لە مرۆڤ! هەتا ئەگەر ئەمیباش بێ، کە بە دەستی یەکێکەوە

دەمرێ! بەڵام ئێوە نەدەبوو میز بە دیواردا بکەن.

**ڤۆیتسەک:**

جەنابی پزیشک ببینن، هەندێ جار مرۆڤ ڕەوشێکی ئاوهای هەیە، بنەمایەکی ئاوهای هەیە. بەڵام سروشت بە جۆرێکی ترە، دەبینن، سروشت (پەنجەی دەتەقێنێ) ئەمە شتێکی لەو بابەتەیە، بەڵام چۆن بیڵێم، بۆ نموونە–

**پزیشک:**

ڤۆیتسەک، جارێکی تر فەلسەفە لێ دەدەن.

**ڤۆیتسەک:**

(بە نهێنییەوە). جەنابی پزیشک هیچ سروشتی دەبڵت بینیوە؟ کاتێ نیوەڕۆ هەتاو ڕادەوەستێ و وەکو جیهان لە ئاگردا لەناو بچێ، دەنگێکی سامناک قسەی بۆ کردم!

**پزیشک:**

ڤۆیتسەک، ئێوە خەڵەفاون.

**ڤۆیتسەک:**

(پەنجەی دەخاتە سەر لووتی). جەنابی پزیشک قارچکەکان. لەوێ، لەوێدایە. بینیتان قارچکەکان لەسەر خاکەکە دەبنە چ فیگورگەلێک؟ ئەگەر کەسێک بیتوانیایە کۆیان بکاتەوە.

**پزیشک:**

ڤۆیتسەک ئێوە جوانترین نیوە تێکچوونت تووش بووە، شێوەی دووەم، زۆر جوان خەملاوە. ڤۆیتسەک ئێوە زیادەتان دەدرێتێ. شێوەی دووەم، بیرۆکەیەکی تۆکمە، لە بارێکی بە گشتی

مەنتیقیدا، هێشتا هەموو شتێک وەکو هەموو کات دەکەن، ڕیشی سەروان دەتاشن؟

**ڤۆیتسەک:**

بەڵێ.

**پزیشک:**

پۆلکەکەتان دەخۆن؟

**ڤۆیتسەک:**

بەردەوام بە ڕێکوپێکی جەنابی پزیشک. پارەی خەرجیی سەربازییەکەم دەدرێتە ژنەکەم.

**پزیشک:**

ئەرکی سەرشانتان بەجێ دەهێنن؟

**ڤۆیتسەک:**

بەڵێ.

**پزیشک:**

ئێوە حاڵەتێکی بە بایەخن، ڤۆیتسەکی کارگوزار دەرماڵەی پێ دەدرێ. سەلار ڕەفتار دەکا. لێدانی دڵتان پێشان دەن! باشە.

## دیمەنی ١١

جادە

سەروان. پزیشک

**سەروان:**

جەنابی پزیشک، ئەسپەکان زۆرم دەترسێنن؛ کە بیر دەکەمەوە،

ئەو دڕندە داماوانە دەبێ بە پێ بڕۆن. ئێوە وا ڕاناکەن. ئێوە بە گۆچانەکەتان لە هەوادا ئاوها سەوڵ لێ نادەن. ئێوە بە دوای مەرگدا ڕادەکەن. مرۆڤێکی باش، کە ویژدانی هەبێ، وا خێرا ناڕوا. مرۆڤێکی باش. (چاکەتەکەی پزیشک دەگرێ). جەنابی پزیشک، ڕێگە بدەن، کە من ژیانی مرۆڤێک قورتار بکەم. ئێوە خێرا دەڕۆن، جەنابی پزیشک، من ئەوەندە غەمگینم، من هێندە شەیدام، دەبێ هەموو کات بگریم، کاتێ دەبینم چاکەتەکەم بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە، لەوێ هەڵواسراوە.

**پزیشک:**

هم، ئاوساو، قەڵەو، ملی ئەستوور، سەکتە. بەڵێ جەنابی سەروان. لەوانەیە تووشی جەڵتەی مێشک بن، بەڵام لەوانەیە تەنیا لایەکتان تووشی بێ و ئەمجا لایەکتان ئیفلیج دەبێ، بەڵام یان لە باشترین حاڵەتدا تووشی ئیفلیجی ئەقڵی بن و تەنیا ژیانێکی تەمەڵی و هیچ نەکردن و بەبێ بیرکردنەوە بگوزەرێنن، ئەمانە تا ڕادەیەک ڕوانگەی چوار هەفتەی داهاتووتانن. بەڵام دەتوانم دڵنیاتان بکەمەوە، کە ئێوە یەکێک لە حاڵەتە بە بایەخەکان بە دەستەوە دەدەن و ئەگەر خوا بیەوێ، کە بەشێکی زمانتان ببەسترێ، ئەوا ئێمە یەکێک لە ئەزموونە هەرە نەمرەکان دەکەین.

**سەروان:**

جەنابی پزیشک مەمترسێنن، خەڵکی وا هەیە بە ترس مردوون، بە ترسی ڕووت و قووت. من خەڵک دەبینم دەخرێنە گۆڕەوە، بەڵام دەڵێن، مرۆڤێکی باش بوو، مرۆڤێکی باش بوو؛ عیزرائیل!

**پزیشک:**

(شـەپقـەکـەی ڕادەگرێ). جـەنابی سـەروان، ئەوە چیـیـە؟ ئەمـە سەری بەتاڵە!

**سەروان:**

(چرچییەک لە شـەپقـەکەدا دورسـت دەکا). ئەمـە چییە، جـەنابی پزیشک، ئەمە ساکارییە.

**دوکتۆر:**

من لـە خـزمــەت مــەرەخــەس دەبم، جــەنابـی باشـتــرین پەلکی ئەفسەر.

**سەروان:**

ئێوەش هەروەها، جەنابی باشترین عیزرائیل.

(ڤۆیتسەک بە ڕاکردن دێت)

**سەروان:**

ها ڤـۆیتـسـەک، چیـیـە وا دەتەوێ خـێـرا بە لامـدا تـێ پەڕی؟ ڕاوەستن ڤۆیتسەک. ئێوە وەکو گوێزانێکی کراوە بە ناو دنیـادا دەڕۆن، مرۆڤ خۆی پێ دەبرێ، ئێوە بە جۆرێک ڕادەکەن وەکو ڕیشـی بەتالیـۆنێک قـۆزاق بتـاشن و بەسـەر دوا مـوودا دوای چارەکـە سـەعـاتێک سـەری بپـەڕێنرێ، بەڵام، بەسـەر ڕیشـە درێژەکانەوە، ویستم چی بڵێم؟ ڤۆیتسەک - ڕیشە درێژەکان-

**پزیشک:**

ڕیشێکی درێژ لەژێر چەناگەدا، پلینیوسیش باسی ئەوە دەکا کە وا لە سەربازەکان بکرێ تەرکی بکەن.

**سەروان:**

(درێژە بە قسەکانی دەدا). ها! بەسەر ڕیشە درێژەکانەوە؟ ڤۆیتسەک ئەوە چۆنە، ئێوە هێشتا موویەکی ڕیشتان لە دەفرەکەتاندا نەدۆزیوەتەوە؟ ها، ئێوە لێم تێ دەگەن، مووی مرۆڤێک، هی ڕیشی پێشڕەوێک، هی ئەفسەرێک، هی سەرگەردێک؟ ها ڤۆیتسەک؟ بەڵام ئێوە ژنێکی سەلارتان هەیە. وەزعی ئێوە وەکو هی خەڵکی تر نییە.

**ڤۆیتسەک:**

بەڵێ؟ جەنابی سەروان دەتانەوێ بڵێن چی؟

**سەروان:**

ئەو زەلامە سەروچاوی چی لێ دەکات!... مرۆڤ مەرج نییە بچێتە ناو قوڕاوەکەوە، بەڵام ئەگەر پەلە بکەن و لە گۆشەکە پێچ بکەنەوە، لەوانەیە هێشتا لەسەر جووتێک لێو یەکێک بدۆزنەوە، جووتێک لێو، ڤۆیتسەک، منیش جارێکی تر هەستم بە ئەڤین کرد. ڤۆیتسەک. زەلام، ئێوە وەکو گەچ سپی هەڵگەڕاون.

**ڤۆیتسەک:**

جەنابی سەروان، من شەیتانێکی داماوم، – ئەگینا من لە دنیادا هیچی ترم نییە. جەنابی سەروان، ئەگەر ئێوە گەمە دەکەن –

**سەروان:**

زەلام من گەمە دەکەم، گەمەت لەگەڵدا دەکەم!

**پزیشک:**

لێدانی دڵت ڤۆیتسەک، لێدانی دڵ، بچووک، ڕەق، هەڵبەز و دابەز، نەیەکسان.

**ڤۆیتسەک:**

جەنابی سەروان، زەوی وەکو دۆزەخ داخە، من ڕچیوم، ڕچیوم، دۆزەخ ساردە، گرەو بکەین، مەحاڵە. مرۆڤ! مرۆڤ! مەحاڵە.

**سەروان:**

زەلام، دەتانەوێ بکوژرێن، دەتانەوێ چەند گـــوللەیەک بەر سەرتان بکەوێ؟ ئێوە چاوتانم پێدا دەچەقێنن، منیش مەبەستم لەگەڵتاندا باشە، لەبەرئەوەی ئێوە مرۆڤێکی باشن ڤۆیتسەک، مرۆڤێکی باش.

**پزیشک:**

ماسولکەکانی ڕوو ڕەق بوونە، کرژن، لەم کاتەدا بەرز و نزم دەبێتەوە، قیت بووەتەوە، کرژ بووە.

**ڤۆیتسەک:**

من دەڕۆم! زۆر ئەگەر هەیە. مرۆڤ! زۆر ئەگەر هەیە. جەنابی سەروان ئاووهەواکەی خۆشە. سەیر کەن، ئاسمانێکی خۆڵەمێشیی وا جوان، مرۆڤ زەوقی هەڵدەستێ، قولاپێکی پێوە گرێ بدا و خۆی پێوە هەڵواسێ، تەنیا لەبەر بیرکردنەوە لە نێوان نەء و بەڵێدا – نەء و بەڵێ. جەنابی سەروان، نەء و بەڵێ؟ ئاخۆ نەء خەتای (بەڵێ)یە یان بەڵێ خەتای (نەء)ە؟ من دەمەوێ بیری لێ بکەمەوە.

(بە هەنگاوی گەورە دەڕوا، لە سەرەتاوە لەسەرخۆ، ئەمجا هەردەم خێراتر.)

**پزیشک:**

(پاشەملە). دیاردە، ڤۆیتسەک، دەرماڵەی زیادە.

**سەروان:**

بەو مرۆڤە زۆر گێژ دەبم، چەند خێرا، ئەو هیچ و پووچە درێژە چەند هەنگاوی خێرا دەنێ، وەکو سێبەر لە لاقی جاڵجاڵۆکەوە دەرپەڕێ و کورتەکەش کە هێواش دەڕوا. درێژەکە برووسکەیە و کورتەکە هەورەگرمە. هاها، لە پشتەوە تێی دەچێ. من حەزم لەمە نییە! مرۆڤێکی باش سوپاسگوزارە و حەز بە ژیانی خۆی دەکا، مرۆڤی باش ئازایەتیی نییە! مرۆڤێکی هەرچی و پەرچی ئازایەتیی هەیە! من تەنیا لەبەر ئەوە چوومە شەڕەوە بۆ ئەوەی پێی خۆم لە خۆشەویستیمدا بۆ ژیان قایم بکەم. لە ترسەوە بۆ ترس، لەوێوە بۆ شەڕ و لەوێشەوە بۆ ئازایەتی؛ مرۆڤ چۆن بیرۆکەیەکی ئاوای بۆ دێت، ئەمە بێ مانایە! بێ مانا!

**دیمەنی ١٢**

حەوشەی ماڵی پرۆفیسۆرەکە

لە خوارەوە خوێندکار وەستاون، پرۆفیسۆرەکە لە پەنجەرەی سەربانەوە.

**پرۆفیسۆر:**

بەڕێزانم، من لە سەربانم، وەکو داود چۆن باتسێبای بینی؛ بەڵام من جگە لە ژێرکراسی کچانی ناوەخۆیی لە باخچەکەدا وشک دەبنەوە هیچی تر نابینم. بەڕێزانم ئێمە گەیشتینە پرسی گرینگ لەبارەی پێوەندیی تاک بە بابەتەوە، ئەگەر ئێمە تەنیا شتێک لە شتەکان وەرگرین، کە خۆچەسپاندنی ئۆرگانێکی خواوەند، لە چ خاڵێکی بەرزی هەڵوێستدا خۆی بەیان دەکا و پێوەندیی بە شوێنەوە، بە زەوییەوە، لە پێوەندی بە هەسارەوە

دەکۆڵێتەوە، بەڕێزانم، ئەگەر من ئەم پشیلەیە لە پەنجەرەوە فڕێ بدەمە خوارەوە، جەوهەری ئەم بوونەوەرە چۆن لەگەڵ چەقی ڕاکێشانی زەوی و سەلیقەی خۆیدا ڕەفتار دەکا؟ هۆو ڤۆیتسەک، (دەقیژێنێ): ڤۆیتسەک!

**ڤۆیتسەک:**

جەنابی پرۆفیسۆر قەپ دەگرێ.

**پرۆفیسۆر:**

زەلام، ئێوە ئەوەندە بە ناسکی پەلاماری ئەو دڕندەیە دەدەن، وەکو داپیرەتان بێت.

**ڤۆیتسەک:**

جەنابی پزیشک من هەڵدەلەرزم.

**پزیشک:**

(زۆر بەخۆشحاڵییەوە): ئای، ئای، ڤۆیتسەک جوانە. (دەستی بە یەکدا دەخشێنێ. پشیلەکە هەڵدەگرێ) بەڕێزان چی دەبینم، بوونەوەری نوێی ئەسپێی کەروێشک، بوونەوەرێکی جوانە، زۆر جیاوازە، چووەتە ناو کەوڵی پشیلەکەوە، جەنابی پزیشک. (زەڕەبینێک دەردەهێنێ). گەنە، بەڕێزانم (پشیلەکە هەڵدێ). بەڕێزانم، ئەو حەیوانە سەلیقەی زانستی نییە. گەنەیە، بۆ سەرەوە، باشترین نموونەکان، یەخەی فەرووەکانتان بهێنن. بەڕێزانم، دەتوانن لە جیاتیی ئەوە شتی تر ببینن، سەیری مرۆڤ بکەن، سێ مانگە لە پۆڵکە زیاتر هیچی تر ناخوا، سەرنجی کاریگەرییەکە بدەن، تێبینیی لێدانی نایەکسانیی دڵی بکەن، لێرە و چاوەکانی.

**ڤۆیتسەک:**

جەنابی پزیشک بەرچاوم تاریک دەبێ. (دادەنیشێ).

**پزیشک:**

ئازایەتی، ڤـۆیتـســەک، هەر چەند ڕۆژێکی تر و تـەواو دەبێ، دەستی لێ بدەن بەڕێزانم دەستی لێ بدەن.

(دەست لە تەوێڵ، مەچەک و سینەی دەدەن).

ڤـۆیتـسـەک، گـوێت بـۆ ئەو بەڕێزانە بجـوولێنـەرەوە، من ویسـتم پێیان پێشان بدەم. دوو ماسولکەی کار دەکەن. دەی!

**ڤۆیتسەک:**

ئاخ جەنابی پزیشک!

**پزیشک:**

دڕندە، من گـوێیـەکـانت بجـوولێنـمـەوە، دەتەوێ وەکـو پشـیلـەکە بکەی. بەڕێزانم، ئـەمــانـە قـۆناغی گـۆڕانـن بۆ کـەر، زۆرجــار بەرەنجامی بەخێوکردنی ژنان و زمانی دایکە. دایکت لە نەرمیدا بۆ بیرەوەری چەند تاڵ مووەکانتی هەڵکێشاوە؟ قژت بە تەواوی تەنک بووەتەوە، چەند ڕۆژێکە، بەڵێ بەڕێزانم، بەڵێ پۆڵکە.

**دیمەنی ١٣**

پاسەوانگە

ڤۆیتسەک. ئەندرەس

**ئەندرەس:**

(گۆرانی دەڵێ). خاتوونی خاوەن میوانخانەکە

کارەکەرێکی سەلاری هەیە،

شەو و ڕۆژ لە باخچە دانیشتووە،

لە باخچەکەیدا دانیشتووە..

**ڤۆیتسەک:**

ئەندرەس!

**ئەندرەس:**

چی؟

**ڤۆیتسەک:**

ئاووهەواکەی خۆشە.

**ئەندرەس:**

کەشوهەوای هەتاوی یەکشەمە و دەنگی مۆسیقا لە قەراغی شارەوە دێت. پێشووتر ژنەکان ڕۆیشتن، سۆزانییەکان ئارەقە دەکەنەوە، ئەمە باشە.

**ڤۆیتسەک:**

(بە نائارامییەوە). سەما، ئەندرەس، ئەوان سەما دەکەن.

**ئەندرەس:**

لە مەیخانەی شەو و ئەستێرەکاندا.

**ڤۆیتسەک:**

سەما، سەما.

**ئەندرەس:**

با وابێ.

لە باخچەکەیدا دانیشتووە

هەتا زەنگی سەعات دوازدە لێ دەدا و

چاوەڕێی سەربازەکان دەکا.

**ڤۆیتسەک:**

ئەندرەس، من نائارامم.

**ئەندرەس:**

شێتە!

**ڤۆیتسەک:**

من دەبێ بچمە دەرەوە. سەرم دەسوورێتەوە. دەستەکانیان چەندە گەرمە. ئەندرەس بە لەعنەت بی!

**ئەندرەس:**

چیت دەوێ؟

**ڤۆیتسەک:**

دەبێ بڕۆم.

**ئەندرەس:**

لەگەڵ قەحبەیەکدا.

**ڤۆیتسەک:**

دەبێ بچمە دەرەوە، ئێرە ئەوەندە گەرمە.

**دیمەنی ١٤**

میوانخانە

پەنجەرەکان کراونەتەوە، سەما دەکرێ

لە بەردەم ماڵەکەدا کورسی دانراون. چەند کوڕژیگەیەکی دەستکار

**یەکەم دەستکار:**

کراسێکم لەبەرە،

هی خۆم نییه.

ڕۆحم بۆگەنی برەندی لێ دێت.

**دووەم دەستکار:**

برا، دەتەوێ لەبەر هاوڕێیەتی جەستەت بریندار بکەم؟ بە لەعنەت بی! دەمەوێ جەستەت بریندار بکەم. تۆ دەزانی، منیش پیاوم دەمەوێ هەرچی کێچ لە لەشدایە بیانکوژم.

**یەکەم دەستکار:**

ڕۆحی من، ڕۆحی من بۆگەنی برەندی لێ دێت. تەنانەت پارەیش بۆگەن دەکا. جاترەکێویلە. برا دنیا ئەوەندە جوانە، دەبێ بگریم و پڕ بە بۆشکەیەک فرمێسک بڕێژم. حەزم دەکرد لووتمان دوو بوتڵ بوونایە و ئێمە بمانتوانیایە بیانڕژێنینە قوڕگی یەکترەوە. (ڤۆیتسەک دەچێتە بەردەم پەنجەرەکە، ماری و سەرگەرد لەوێوە تێ دەپەڕن، بەبێ ئەوەی ڤۆیتسەک ببینن).

**ئەوانی تر:**

(بە کۆراڵ).

ڕاوچییەکی خەڵکی پفاڵتس،

جارێکیان بەناو دارستانێکی سەوزدا ئەسپەکەی غار دا،

هەیلۆ، هەیلۆ، ڕاو و شکار زۆر خۆشە

لێرە لەسەر چەمەنزاری سەوز،

ڕاو خۆشیی منە.

**ماری:**

(بە دەم سەماکردنەوە): هەموو کات، بەردەوام.

**ڤۆیتسەک:**

(بە دەنگی نووساوەوە). هەموو کات هەموو کات: (بە توندی بەرز دەبێتەوە و جارێکی تر لەسەر کورسییەکە دادەنیشێتەوە). هەموو کات، بەردەوام. (دەستەکانی بەیەکتردا دەدا). وەرسووڕێنەوە، خۆتان تل بکەنەوە. بۆچی خوا هەتاو ناکوژێنێتەوە، کە هەموو ئەو بێ حەیاییە لە تاریکیدا بگەوزێتەوە، ژن و پیاو، مرۆڤ و ئاژەڵ، بە ڕۆژی ڕووناک دەیکەن، وەکو مێشوولەکان لەسەر دەست بیکەن. ژن. ژن گەرمە، گەرمە! بەردەوام، بەردەوام. (لە جێی خۆی بەرز دەبێتەوە) زەلامەکە! چۆن دەستی پێدا دەهێنێ، بە جەستەیدا، ئەو دەستی لێ دەدا.

**یەکەم دەستکار:**

(لەسەر مێزەکە وتار دەدا). بەڵام ئەگەر گەڕیدەیەک، کە پاڵی بە ڕووباری کاتەوە دابێ یان وەڵامی حیکمەتی خوا بداتەوە و خۆی بدوێنێ: بۆچی مرۆڤ؟ بۆچی مرۆڤ؟ بەڵام بە ڕاستی من بە ئێوە دەڵێم، بەڵام جووتیار، بۆیەچی، پینەدۆز، پزیشک بە چی بژین، ئەگەر خوا مرۆڤی نەخوڵقاندایە؟ بەرگدروو بەچی بژیایە، کە خوا هەستی شەرمی لە مرۆڤدا نەڕواندبایە، ئەی سەرباز بە چی بژیایە، ئەگەر خوا پێویستیی کوشتنی پێ نەدایە؟ لەبەر ئەوە گومان مەکەن، بەڵێ، بەڵێ، ئەمە جوان و ناسکە، بەڵام هەموو شتێکی دنیایی بە لووتبەرزە، تەنانەت پارەش بۆگەن دەکا. - بۆ کۆتایی، بۆ بڕیاردان، گوێگرە ئازیزەکانم، با میز بەسەر خاچدا بکەین، بۆ ئەوەی جوولەکەیەک بمرێ.

## دیمەنی ١٥

ڤۆیتسەک

**ڤۆیتسەک:**

بەردەوام! بەردەوام! بێدەنگی. مۆسیقا.- (لەسەر زەوییەکە ڕادەکشێ.) چی، چ دەڵێن؟ بە دەنگی بەرزتر، بە دەنگی بەرزتر، چەقۆی پیاکە، چەقۆ بە تسیکڤۆڵفدا بکە هەتا دەمرێ؟ چەقۆی پێدا بکەم، تسیکڤۆڵف بەر چەقۆ بدەم هەتا دەمرێ. بەر چەقۆی بدەم؟ دەبێ بەر چەقۆی بدەم؟ هێشتا گوێم لێیە، بایش وا دەڵێ! هەموو کات گوێم لێیە، بەردەوام، بەر چەقۆی بدە، بیکوژە، بیکوژە.

## دیمەنی ١٦

شەوە

ئەندرەس و ڤۆیتسەک لەناو پێخەوێکدا

**ڤۆیتسەک:**

(ئەندرەس ڕادەوەشێنێ). ئەندرەس! ئەندرەس! ناتوانم بخەوم، کاتێ چاوم دادەخەم، بەردەوام سەرم دەسووڕێتەوە و گوێم لە دەنگی کەمانەکان دەبێت، بەردەوام، بەردەوام، ئەنجا دەنگی قسەکردن لە دیوارەکانەوە دێت، گوێت لێی نییە؟

**ئەندرەس:**

بەڵێ، بیەڵە سەما بکات! خوا بمانپارێزێ. ئامین. (جارێکی تر دەخەوێتەوە.)

**ڤۆیتسەک:**

وەکو چەقۆ لە نێوان هەردوو چاومەوە ڕێ دەکا.

**ئەندرەس:**

تۆ دەبێ مـەی بخـۆیتـەوە و حـەبی بەسـەردا بکەی، ئەوە تایـەکە دەکوژێ.

## دیمەنی ١٧

میوانخانە

سـەرگەرد. ڤۆیتسـەک. خەڵکی

**سـەرگەرد:**

من پیـاوم! (بە سـینەی خـۆیدا دەدا) من دەڵێم پیـاوم. کێ چی دەوێ؟ ئەگەر هەر کەسێک خواوەندێکی مـەست نەبێ لێم دەگەڕێ! دەمـەوێ قـونی پڕ شـەق کـەم. دەمـەوێ – (بە ڤـۆیتـسـەک) زەلام، بخۆرەوە، پیاو دەبێ بخواتەوە. حەزم دەکرد دنیا مەی بوایە. مەی.

**ڤۆیتسەک:**

(فیکە دەکێشـێ).

**سـەرگەرد:**

زەلام، زمانت لە بنەوە دەربهێنم و بە لەشتییەوە بپێچم؟
(ئامبازی یەکتری دەبن، ڤۆیتسەک دەدۆڕێ.)
بە قەد ترِی پیرێژنێک هەناسەت تێدا بهێڵمەوە، بیکەم؟

**ڤۆیتسەک:**

(بە شـەکەتی و هـەڵلەرزینەوە لەسەر کورسییەک دادەنیشـێ.)

**سـەرگەرد:**

ئەو دۆڕاوە زارەترەک بووە. ها.
برەندی ژیانی منە

برەندی ئازایەتی دەبەخشێ!

**کەسێک:**

سزای خۆی وەرگرت.

**کەسێکی تر:**

خوێنێ لێ دێ.

**ڤۆیتسەک:**

لەسەرخۆ.

**دیمەنی ١٨**

ڤۆیتسەک. جوولەکەکە

**ڤۆیتسەک:**

دەمانچەکە گرانە.

**جوولەکەکە:**

ئێستا دەیکڕی، یان نایکڕی، چییە؟

**ڤۆیتسەک:**

چەقۆکە بە چەندە؟

**جوولەکەکە:**

چەقۆیەکی ڕاستە. دەتانەوێ ملی خۆتانی پێ ببڕنەوە؟ دەی، چییە؟ بە نرخێکی گونجاو دەتاندەمێ، ئێوە دەتانەوێ مەرگی خۆتان بە نرخێکی گونجاو هەبێت، بەڵام نەک بە خۆڕایی. چییە؟ ئێوە دەبێ مەرگێکی هەرزانتان هەبێ.

**ڤۆیتسەک:**

ئەم چەقۆیە دەتوانێ لە نان زیاتر ببڕێ.

**جوولەکەکە:**

دوو قروش..

**ڤۆیتسەک:**

ها! (دەڕوا.)

**جوولەکەکە:**

ها! وەکو هیچ نەبووبێ. بەڵام خۆ پارەیە. ئەو سەگە.

## دیمەنی ١٩

ماری (بە تەنیایە، لاپەڕەکانی ئینجیل هەڵدەداتەوە)

**ماری:**

"خوای گەورە، خوای گەورە! هیچ خیانەتێک لە دەمی ئەوەوە نەدۆزراوەتەوە. سەیرم مەکە. (لاپەڕە هەڵدەداتەوە) "... بەڵام فاریزییەکان ژنێکیان بۆ لای هێنا، خەریکی خیانەتکردن بوو لە مێردەکەی خستیانە ناوەڕاستی خەڵکەکەوە. بەڵام مەسیح گوتی: من نەفرەتت لێ ناکەم. بڕۆ و لەمەودوا گوناە مەکە." (دەستەکانی بەیەکتردا دەدا.) خوای گەورە! خوای گەورە! ناتوانم. خوای گەورە ئەوەندە هێزم بدەرێ هەتا بتوانم نزا بکەم. (منداڵەکە خۆی پێوە دەنووسێنێ.) منداڵەکە، دڵم دەسووتێنێ. لاچۆ! خۆی لەبەر هەتاوەکەدا گەرم دەکاتەوە!

**شێت:**

(ڕاکشاوە و بە پەنجە مەتەڵ بۆ خۆی دەگێڕێتەوە): جەنابی پادشا تاجی زێڕینی لە سەرە. سبەینێ بۆ شاژن منداڵەکەی دەهێنم. سجوقی خوێن بە سجوقی جگەر دەڵێ: وەرە.

(منداڵەکە هەڵدەگرێ و بێدەنگ دەبێ.)

**ماری:**

فرانتس نەهات، دوێنێ نەهات، ئەمڕۆ نەهات، ئێرە گەرمە. (پەنجەرەکە دەکاتەوە.) "..چووە ژوورەوە بۆ لای پێیەکانی و دەستی بە گریان کرد و دەستی پێ کرد پێیەکانی بە فرمێسک تەڕ بکات و بە قژی سەری وشکی بکاتەوە و پێیەکانی ماچ کردن و بە مەرهەم چەوری کردن." (بەسنگی خۆیدا دەدا.) هەموو شتێک مردووە! عیسا، عیسا دەمەوێ پێیەکانت چەور بکەم.

**دیمەنی ٢٠**

سەربازگە

ئەندرەس. ڤۆیتسەک بەناو شتەکانیدا دەگەڕێ.

**ڤۆیتسەک:**

ئەندرەس پەستەکەکەی ژێرەوە لەگەڵ جلی سەربازیدا ناگونجێ، لەوانەیە تۆ پێویستت پێی بێ، ئەندرەس. خاچەکە و ئەڵقەکە خۆشکمن و من وێنەیەکی پیرۆزیشم هەیە و دوو دڵ و زێڕی جوان، لە ئینجیلەکەی دایکمدا بوو، لێی نووسراوە:

ئازار هەموو دەستکەوتێکمە،

ئازار خواپەرستیی منە،

خوایە جەستەت چەند سوور و بریندار بوو،

بیەڵە دڵم هەموو کاژێرێک وا بێت.

دایکم تەنیا کاتێک هەست دەکا، کە تیشکی هەتاو بکەوێتە سەر دەستی. ئەمەش ڕوو نادات.

**ئەندرەس:**

(بە تەواوی لە جێی خۆی وشک بوو، بە هەموو شتێک دەڵێ:)
بەڵێ، ڕاستە.

**ڤۆیتسەک:**

(کاغەزێک دەردەهێنێ). فریدریش یۆهان فرانتس ڤۆیتسەک، سەربازی سوێندخواردوو لە فەوجی ٢، بەتالیۆنی ٢، پەلی ٤، لە ڕۆژی بەیانیکردنی زانی مەریەمدا لەدایک بوومە، ئەمڕۆ، ٢٠ی حوزەیران تەمەنم ٣٠ ساڵ، ٧ مانگ و دوازدە ڕۆژە.

**ئەندرەس:**

فرانتس، تۆ دەچیتە نەخۆشخانەی سەربازییەوە. داماو، تۆ دەبێ مەی بخۆیتەوە و حەبی بە سەردا بکەی، ئەمە تا ناهێڵێ.

**ڤۆیتسەک:**

بەڵێ ئەندرەس، کاتێ دارتاش وردە دارەکان بڵاو دەکاتەوە، کەس نازانێ کێ سەری دەخاتە سەر.

**دیمەنی ٢١**

ماری لەگەڵ چەند کچێکدا لە بەردەم دەروازەی
خانووەکەدا

**کچەکان:**

(گۆرانی دەڵێن)
چۆن هەتاو ڕۆژی چلەی زەیستان ڕووناک دەکاتەوە
چۆن گوڵەگەنم دەگەشێتەوە

خۆ بە جادەکەدا بۆ ئەوێ چوو

دوو بە دوو ڕۆیشتن

زوڕناژەن لە پێشەوە ڕۆیشتن

کەمانجەژەنەکان لە دوایانەوە

ژنەکە.... سووری هەبوو

**یەکەم منداڵ:**

ئەوە جوان نییە.

**دووەم منداڵ:**

تۆ هەرچی شتێکت بوێ.

**منداڵ:**

لە پێشدا دەستت بە چی کرد.

**منداڵ:**

ناتوانم.

**منداڵ:**

بۆچی؟

**منداڵ:**

لەبەرئەوەی.

**منداڵ:**

بەڵام بۆچی لەبەر ئەوە؟

**منداڵ:**

دەبێ ئەو گۆرانییە بوترێ.

**منداڵ:**

ماری تۆ بۆمانی بڵێ.

**ماری:**

منداڵە بچکۆلەکان وەرن!

بازنە، بازنە چەپکە گوڵ،

هێرۆدێسێ پادشا.

داپیرە دەگێڕێتەوە!

**داپیرە:**

هەبوو نەبوو، منداڵێکی هەژار هەبوو نە باوک و نە دایکی هەبوو هەموویان مردبوون و لە دنیادا کەسی تری نەبوو. هەموو مردبوون، منداڵەکە چوو بۆ ئەوێ و شەو و ڕۆژ گریا. کاتێ لەسەر زەوی کەسی نەمابوو، ویستی بۆ ئاسمان بچێ و مانگ بە میهرەبانییەوە سەیری کرد، کاتێ گەیشتە مانگ، مانگ تەختەدارێکی ڕزیو بوو و چوو بۆ لای خۆر و کاتێ گەیشتە خۆر، گوڵەبەڕۆژەیەکی پەژمووردە بوو و کاتێ چوو بۆ لای ئەستێرەکان، ئەستێرەکان مێشوولەی زێڕینی بچووک بوون، وەکو چۆن پەڕبەڵەکەی پشت سوور بە هەڵووژە کێویلەیەوەی دەنووسێنێ و کاتێ ویستی بۆ زەوی بگەڕێتەوە، زەوی مەنجەڵێکی سەربەرەو خوارکراو بوو بە تاق و تەنیا بوو و دانیشت و گریا و هێشتا لێرە دانیشتووە و زۆر بە تەنیایە.

**ڤۆیتسەک:**

ماری!

**ماری:**

(دادەچڵەکێ): چییە؟

**ڤۆیتسەک:**

ماری، با بڕۆین درەنگە.

**ماری:**

بۆ کوێ بڕۆین؟

**ڤۆیتسەک:**

چووزانم؟

**دیمەنی ٢٢**

ماری و ڤۆیتسەک

**ماری:**

ئەوە شار لەوێیە، تاریکە.

**ڤۆیتسەک:**

دەبێ هێشتا بمێنیتەوە. وەرە دانیشە.

**ماری:**

بەڵام دەبێ بڕۆم.

**ڤۆیتسەک:**

خۆ بەرێکردن پێت تلۆق ناکات.

**ماری:**

ئەوە چۆن وات لێ هاتووە!

**ڤۆیتسەک:**

دەیشزانی ماوەیەکی چەندە؟

**ماری:**

جەژنی عەنسەرە دەبێتە دوو ساڵ.

**ڤۆیتسەک:**

دەشزانی چەندی تر درێژە دەکێشێ.

**ماری:**

من دەبێ بڕۆم، ئاورینگ دەبارێ.

**ڤۆیتسەک:**

ماری، سەرماتە، خۆ تۆ ئەوەندە گەرمی. لێوەکانت چەند گەرمن! گەرم، هەناسەی گەرمی سۆزانی ئەگەر خوا بیدایە جارێکی تر ماچم بکردایە ئەگەر مرۆڤ سەرمایشی بێت، ئیتر هەڵنالەرزێ. تۆ لە ئاورینگی بەیانیدا سەرمات نابێ.

**ماری:**

چی دەڵێی؟

**ڤۆیتسەک:**

هیچ.

(بێدەنگی)

**ماری:**

مانگ چەند بە سووری هەڵدێت.

**ڤۆیتسەک:**

وەکو ئاسنێکی خوێنین.

**ماری:**

نیازت هەیە چی بکەی؟ فرانتس، ڕەنگت وا زەرد هەڵگەڕاوە.

(دەست بۆ چەقۆکە دەبا.) فرانتس ڕاوەستە. بۆ خاتری خوا، فریا – فریام کەون.

**ڤۆیتسەک:**

بگرە، ئەمە بگرە و ئەوەش بگرە! ناتوانی بمری، ئاوها! ئاوها! هێشتا دەجوولێتەوە، هێشتا نەء، هێشتا نەء؟ هێشتا هەر نەء؟ (جارێکی تر چەقۆکەی پێدا دەکا).

مردی؟ مردی! مردی!

(خەڵکی لەوێوە تێ دەپەڕن)

(چەقۆکە فڕێ دەدا و هەڵدێت).

## دیمەنی ٢٣

خەڵکی تێ دەپەڕن

**کەسی یەکەم:**

ڕاوەستێ!

**کەسی دووەم:**

گوێت لێیە؟ بێدەنگ بە! لەوێ.

**کەسی یەکەم:**

ئۆی! لەوێ! چ دەنگێکە.

**کەسی دووەم:**

ئەوە ئاوەکەیە بانگ دەکا، لەمێژەوە کەس نەخنکاوە. با بڕۆین، باش نییە گوێت لێی بێت.

**کەسی یەکەم:**

جارێکی تریش. وەکو مرۆڤێکی کە دەمرێ.

**کەسی دووەم:**

ترسناکە، ئەوەندە مژە – نیوە تەمە، خۆڵەمێشییە و جیکەی قالۆنچەکان، وەکو زەنگی شکاو، با بڕۆین!

**کەسی یەکەم:**

نەخێر، زۆر ڕوونە، زۆر دەنگی بەرزە. بۆ ئەوێ سەربەرەو ژوور. لەگەڵم وەرە.

## دیمەنی ٢٤

میوانخانەکە

**ڤۆیتسەک:**

هەموو سەما بکەن، بەردەوام، ئارەقە برێژن و بۆگەنتان بێت، ئەو جارێک دێت و هەمووتان دەبات. (گۆرانی دەڵێ):
خاتوونی خاوەن میوانخانە کارەکەرێکی سەلاری هەیە
شەو و ڕۆژ لە باخچەکەیدا دانیشتووە
لە باخچەکەی خۆیدا دانیشتووە
هەتا زەنگی کاتژمێر دوازدە لێ دەدا و
چاوەڕوانی سەربازەکان دەکا.
(سەما دەکا). ئاوها کێتە! دانیشە! من گەرمامە! گەرما (چاکەتەکەی دادەکەنێ.) ئیتر ئاوهایە، شەیتان یەکێک دەگرێ و یەکێکی تر بەرەڵا دەکا. کێتە تۆ گەرمی! کێتە ئەی لەبەرچی تۆیش سارد دەبی. مەنتیقی بە. ناتوانی گۆرانی بڵێی؟

**کێتە:**

(گۆرانی دەڵێ):

حەز ناکەم بچمە وڵاتی شڤابەکاند،
جلی درێژ لەبەر ناکەم
چونکە جلی درێژ، پێڵاوی بەرز
لە کارەکەر نایەن.

**ڤۆیتسەک:**

نەخـێـر، بەبێ پێـڵاو، مـرۆڤ دەتوانـێ بەبێ پێـڵاویش بچـێـتـە دۆزەخەوە.

**کێتە:**

ئۆی یەع ئازیزەکەم ئەوە ناسک نەبوو
پارەکەت بۆ خۆت هەڵگرە و بە تەنیا بخەوە.

**ڤۆیتسەک:**

بەڵێ بە ڕاستی، من نامەوێ خۆم خوێناوی بکەم.

**کێتە:**

بەڵام چیت بە دەستەوەیە؟

**ڤۆیتسەک:**

من؟ من؟

**کێتە:**

سوورە! خوێنە.
(خەڵکیان لە دەور کۆ دەبێتەوە.)

**ڤۆیتسەک:**

خوێن؟ خوێن؟

**گارسۆنەکە:**

ئای خوێن.

**ڤۆیتسەک:**

وا بزانم دەستی خۆم بڕی، لێرە دەستی ڕاستم.

**گارسۆنەکە:**

بەڵام چۆن گەیشتووەتە مەچەکت؟

**ڤۆیتسەک:**

سڕیمەوە.

**گارسۆنەکە:**

ئەوی بە دەستی ڕاستەوەیە چووەتە سەر مەچەکی ڕاست؟ ئێوە کارامەن.

**شێت:**

زەبەلاحەکە گوتی: من بۆن دەکەم، من بۆن دەکەم، من بۆنی گۆشتی مرۆڤ دەکەم. پەح، بۆگەنی دێت.

**ڤۆیتسەک:**

شەیتانانە، چیتان دەوێ؟ ئەمە چ پێوەندیی بە ئێوەوە هەیە؟ ڕێم بۆ بکەنەوە! یان یەکەم شەیتان! دەڵێن گوایە من یەکێکم کوشتووە؟ من بکوژم؟ بۆ وا بە دەمی داچەقاوەوە سەیرم دەکەن! سەیری خۆتان بکەن. ڕێم کەن. (دەچێتە دەرەوە.)

## دیمەنی ٢٥

مندالان

**یەکەم منداڵ:**

ماری. ڕۆیشت.

**دووەم منداڵ:**

چییە.

**یەکەم منداڵ:**

نازانی؟ هەموو دەرچوونەتە دەرێ، یەکێک لە دەرەوە کەوتووە!

**دووەم منداڵ:**

لە کوێ؟

**یەکەم منداڵ:**

بە دەستە چەپی ڕێگەی ناو دارستانەکەدا، بەسەر خاچە سوورەکەوە.

**دووەم منداڵ:**

با بڕۆین، هەتا شتێک ببینین، ئەگینا دەیبەنە ژوورەوە.

## دیمەنی ٢٦

ڤۆیتسەک بەتەنیایە

**ڤۆیتسەک:**

چەقۆکە؟ چەقۆکە لە کوێیە؟ من لەوێ بەجێم هێشت. کەشفم دەکا! نزیکتر، هێشتا نزیکتر! ئەوە چی شوێنێکە؟ گوێم لە چییە؟ شتێک دەجووڵێتەوە. بێدەنگی. لێرە لەم نزیکە. ماری؟ ها ماری؟

بێدەنگی. هەموو شتێک بێدەنگە! ماری، بۆچی وا ڕەنگت پەڕیوە؟ ئەو گوریسە سوورە چییە بە ملتەوە؟ کێ ئەو ملوانکەیەی پێ ڕەوا بینیت، بە گـوناهەکـەت؟ تۆ پێـی ڕەش هەڵگەڕابووی، ڕەش! من ڕەنگم پەڕاندی. قژە ڕەشـەکەت چۆن وەسـتـاوە، ئەوەندە دڕندە؟ ئەمڕۆ قژت نـەکردە پەلک؟ شـتێک لەوێ کـەوتووە! سـاردە، تەڕە، بێــدەنگی. لـەم شــوێنـە دوور بکەوەرەوە. چـەقــۆکـە، چەقــۆکــەم دۆزییەوە؟ ئاوها! ئەوێ خەڵکی لێیە. (ڕادەکا).

## دیمەنی ٢٧

ڤۆیتسەک لە قەراخی گۆمێک

**ڤۆیتسەک:**

ئاوها، لەوێوە سەربەرەو خوار! (چەقۆکە فڕێ دەداتە گۆمەکەوە). لە ئاوە لێخنەکەدا نوقم دەبێ، وەکو بەرد! مانگ وەکو چەقۆیەکی خوێنینە! هەموو دنیا دەیەوێ بیدرکێنێ؟ نەخێر زۆر لەپێشەوەیە، کاتێ مەلە دەکەن، (دەچێتە ناو گۆمەکەوە و دوور تووڕی دەدا)، ئاوها، بەڵام لە هاویندا، کاتێ بۆ گەڕان بە دوای گوێچکەماسیدا خــۆیان نقــووم دەکــەن، پەح ژەنگ هەڵدەهێنێ! کێ دەتوانـێ بیناسـێتـەوە. ئەگەر بمشـکاندایە! هێشتا خوێناویم؟ دەبێ خـۆم بشۆم. پەڵەیەک لێرە و یەکێک لەوێ.

## دیمەنی ٢٨

کارمەندی دادگە. بەربەر. پزیشک. دادوەر

**کارمەندی دادگە:**

کوشـتنێکی باش، کوشـتنێکی ڕاسـتـەقینە، کوشـتنێکی جوان،

ئەوەندە جوان تەنیا مرۆڤ بە داواکردن دەتوانێ بیکا، لەمێژەوە کوشتنێکی وامان نەبووە.

### دیمەنی ۲۹

گەمژەکە، منداڵەکە، ڤۆیتسەک

**کارڵ:**

(منداڵەکەی بە باوەشەوە لە بەردەم خۆیدا گرتووە): کەوتە ئاوەوە، کەوتە ئاوەوە، چۆن، کەوتە ئاوەوە.

**ڤۆیتسەک:**

کورە، کرستیان.

**کارڵ:**

(چاوی تێ دەبڕێ): کەوتە ئاوەوە.

**ڤۆیتسەک:**

(دەیەوێ دەست بە سەری منداڵەکەدا بهێنێ، منداڵەکە وەردەچەرخێتەوە و دەقیژێنێ):

خوای گەورە!

**کارڵ:**

کەوتە ئاوەوە.

**ڤۆیتسەک:**

کرستیان، من کولیچەیەکت دەدەمێ، کەروێشکە لانە لانە.

(منداڵەکە بەرهەڵستیی دەکا).

(بە کارڵ): بۆ کوڕەکە کولیچە دەکڕم.

**کارڵ:**

(چاوی تێ دەبڕێ).

**ڤۆیتسەک:**

کەروێشکە لانە، لانە.

**کارڵ:**

(قیژی خۆشی دەکا): کەروێشکە لانە! لانە! لانە! (بە منداڵەکەوە ڕادەکا.)

کۆتایی

# لیۆنتسە و لێنا

کۆمیدیایەک

# پێشگوتن

ئەی ناو و دەنگ

ئەی برسێتی

کەسەکان

پێتەری پادشای قەڵەمڕەوی پۆپۆ

لیۆنتسی شازادە، کوڕەکەی، دەستگیرانی

لێنای خاتوونی شازادەی قەڵەمڕەوی پیپی

ڤالێریۆ

ژنە مامۆستای دەربار

مامۆستای دەربار

(کارمەندی دەربار)

سەرۆکی ئەنجوومەنی دەوڵەت

خوتبەدەری دەربار

ئەندامی ئەنجوومەنی دەڤەر

بەڕێوەبەری قوتابخانە

ڕۆزێتا

خزمەتکار، ئەندامی ئەنجوومەنی دەوڵەت، جووتیار، هتد، هتد.

## پەردەی یەکەم

"ئاخ ئەگەر من شێت بوومایە!

هەوڵ و کۆششم دەچێتە سەر چاکەتێکی ڕەنگاوڕەنگ."

بەوجۆرەی بتانەوێ.

### دیمەنی یەکەم

باخچەیەک

لیۆنتسە (نیوەی لەشێ لەسەر کورسییەک). مامۆستای دەربار

**لیۆنتسە:**

گەورەم، چیتان لە من دەوێ؟ خۆم بۆ پیشەکەم ئامادە بکەم؟ من سەرم زۆر قاڵە. لە بەر کار ناتوانم سەری خۆیشم بخورێنم. تەماشا کەن، دەبێ من لەپێشدا لێرە سێسەد و شەست و پێنج جار تف بکەمە سەر بەردەکە. هێشتا ئێوە ئەوەتان تاقی نەکردووەتەوە؟ تاقی بکەنەوە، لەزەتێکی تایبەت دەبەخشێ. – ئەمجا ئەم دەستە پڕ لە لمە دەبینن؟ – (لم هەڵدەگرێ، بەرەو سەرەوە هەڵی دەدا و بە پشتی دەست دەیگرێتەوە) – ئێستا بەرەو سەرەوە هەڵی دەدەم. گرەو بکەین؟ ئێستا چەند دەنکە لم لەسەر پشتی دەستمە؟ تاک یان جووت؟ چی؟ ناتانەوێ گرەو بکەن؟ ئێوە کافرن؟ بڕواتان بە خوا هەیە؟ من ئاسایی لەگەڵ خۆمدا گرەو دەکەم و چەندان ڕۆژ دەتوانم ئەوە بکەم. ئەگەر

ئێوه بتوانن یەکێکم بۆ بدۆزنەوە، ئارەزووی لێ بێ، جاروبار گرەوم لەگەڵدا بکات، ئەوا زۆر سوپاستان دەکەم. ئەمجا – دەبێ بیر بکەمەوە، چی دەبێ، کاتێک خۆم لەسەر سەر ببینم. – ئاه هەر کەسێک بتوانێ جارێک خۆی لەسەر سەر ببینێ! ئەمە یەکێکە لە ئیدیالەکانم. ئەمجاش – ئەمجاش – هێشتاش بێ کۆتا زۆر لەو بابەتە. – من تەمەڵم؟ هیچ نییە خۆمی پێوە سەرقاڵ بکەم؟. بەڵێ، ئەمە غەمگینە...

**مامۆستا:**

خاوەن شکۆ، زۆر غەمگینە.

**لیۆنتسە:**

کە هەورەکان سێ هەفتەیە لە ڕۆئاواوە بۆ ڕۆهەڵات دەکشێن. ئەمە زۆر خەمۆکم دەکا.

**مامۆستا:**

خەمۆکییەکی زۆر هۆدارە.

**لیۆنتسە:**

مرۆ، بۆچی دژوازیم ناکەی؟ ئێوە کاری زەروریتان هەیە، وا نییە؟ من بە داخەوەم، کە ئەوەندە ڕام گرتی. (مامۆستاکە دادەچەمێتەوە و دوور دەکەوێتەوە.) گەورەم، من پیرۆزباییتان لێ دەکەم بۆ ئەو بازنە جوانەی لاقەکانتان دروستی دەکەن، کاتێ دادەچەمێنەوە.

(لیۆنتسە بە تەنیایە، لەسەر قەنەفەکە ڕادەکشێ). هەنگەکان ئەوەندە تەمەڵ بەسەر گوڵەکانەوە نیشتوونەتەوە و تیشکی خۆر ئەوەندە تەوەزەل کەوتووەتە سەر زەوی. تەمەڵییەکی سامناک

سەروەرە. – تەمەڵیی قەرەوڵی هەموو نەنگییەکە. خەڵکی لە وەڕسیدا چی ناکەن! لە وەڕسیدا دەخوێنن، لە وەڕسیدا نوێژ دەکەن، لە وەڕسیدا ئەویندارى دەکەن، هاوسەرکارى دەکەن و نەوە دەخەنەوە و لە دواییشدا لە وەڕسیدا دەمرن، – ئەمجا – گەمەکەش لێرەدایە – هەموو شتێک بە گرینگترین ڕووەوە، بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکەن بۆچی، دەشڵێن خوا شتی لەبارەوە دەزانێ. هەموو ئەم پاڵەوانانە، ئەم بلیمەتانە، ئەم گەمژانە، ئەم مشایەخانە، ئەم گوناهکارانە، ئەم باوکانە لە ڕاستیدا جگە لە تەمەڵی لێهاتوو زیاتر هیچی تر نین. بۆچی دەبێ من ئەمە بزانم؟ بۆچی ناتوانم بۆ خۆم گرینگ بم و فراکێک لەبەر ئەو بووکەڵەیە بکەم و چەترێک بدەمە دەستییەوە، کە زۆر یاسایی و زۆر بە سوود و زۆر ئاکاری بێت؟ – ئیرەییم بەو پیاوە دەبرد، کە ئێستا لەلام ڕۆیشت، حەزم دەکرد لە ئیرەییدا لێی دەم. ئاه کە یەکێک بیتوانیایە جارێک یەکێکی تر بێت! تەنیا خولەکێک. مرۆڤ چۆن ڕێ دەکا! تەنیا ئەگەر شتێکم لە دنیادا پێ زانیبایە، کە بیتوانیایە لە دنیادا ڕێم پێ بکا.

(ڤالێریۆ دەردەکەوێ، کەمێک مەستە)

**ڤالێریۆ:**

(دەچێتە بەردەم شازادە و زۆر لێی نزیک دەبێتەوە، پەنجەی دەخاتە سەر لووتی و چاوی تێ دەبڕێ). بەڵێ!

**لیۆنتسە:**

(بە هەمان شێوە). ڕاستە!

**ڤالێریۆ:**

لێم تێگەیشتی؟

**لیۆنتسە:**

زۆر باش.

**ڤالێریۆ:**

ئێستا، با باسی شتێکی تر بکەین. (خۆی دەخاتە سەر چیمەنەکە). من لەم سەروبەندەدا خۆم دەخەمە سەر گیایەکە و لووتم لە نێوان چڵەگیاکانەوە فش دەکەمەوە و هەستی رۆمانتیکی هەڵدەمژم، ئەگەر هەنگ و پەپوولەکان وەکو بەسەر گوڵێکەوە لەسەری لەنجەولار بکەن.

**لیۆنتسە:**

بەڵام ئازیزەکەم، ئەوەندە بەهێز هەناسە مەدە، ئەگینا هەنگ و پەپوولەکان دەبێ بەسەر ئەو هەلاڵە زۆرەوە لە برسا بمرن، کە ئێوە لە گوڵەکانەوە هەڵی دەمژن.

**ڤالێریۆ:**

ئای گەورەم، من چۆن هەستێکم بۆ سروشت هەیە! گیایەکە وا جوان وەستاوە، مرۆڤ حەز دەکا گایەکی خەساو بێ، بۆ ئەوەی بتوانێ بیخوا و ئەمجا حەز دەکا دیسان مرۆڤ بێ، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو گا خەساوە بخوا، کە گیایەکەی خواردووە.

**لیۆنتسە:**

بەدبەخت، بەوە دەچێ ئێوە بە دەست بیرۆکەکانتانەوە ئازار بچێژن.

**ڤالێریۆ:**

ئەمە چ خەفەتێکە. مرۆڤ ناتوانێ لە بورجی کڵێسایەکەوە خۆی فرێ بداتە خوارەوە بەبێ ئەوەی ملی خۆی بشکێنێ. مرۆڤ

ناتوانێ دوو کیلۆ گێلاس بخوات بەبێ ئەوەی تووشی سکیەشە بێت. گەورەم، سەیر کەن، من دەتوانم لە سووچێکدا دابنیشم و لە ئێوارەوە هەتا بەیانی گۆرانی بڵێم: "هەی، مێشێک لەسەر دیوارەکە نیشتووەتەوە! مێشێک بە دیوارەکەوە! مێشێک بە دیوارەکەوە!" و هەتا دوایی هەتا کۆتاییی ژیانم.

**لیۆنتسە:**

دەمت داخە بە گۆرانییەکەتەوە، مرۆڤ لەوانەیە پێی شێت بێت.

**ڤالێریۆ:**

بەوجۆرە مرۆڤ شتێک دەبوو. شێت! شێت! کێ دەیەوێ شێتیی خۆی بە ئەقڵی من بگۆڕێتەوە؟ هەی، من ئەلیکساندەری گەورەم! چۆن هەتاو تاجێکی زێڕین لە قژمدا دەدرەوشێنێتەوە، چۆن جلە فەرمییەکەم دەبریقێتەوە! بەڕێز کوللەی جەنەراڵ، با لەشکرەکان بەرەوپێشەوە برۆن! گەورەم جاڵجاڵۆکە وەزیری دارایی، من پێویستم بە پارەیە! خاتوونی پووشکەبەقنگەی خانەدانی ئازیز، چیلکە فاسۆڵیای ژنی خۆشەویستم چی دەکا؟ جەنابی باشترین پزیشک ڤالۆنچەی ئیسپانیایی، من شەرمەزارم بۆ جێنشێک. لەسەر ئەم فەنتازیا نایابانەوە مرۆڤ سوپی باش، گۆشتی باش، نانی باش، پێخەوێکی باشی پێ دەدرێ و سەری بە خۆڕایی دەتاشرێ، - بێگومان لە شێتخانەدا، - لە کاتێکدا بە ئەقڵی ساغمەوە زۆر زۆر- هێشتا بۆ پەرەدان بە گەیین دەتوانم لەسەر دارگێلاسێک بەسەربەرم، بۆ ئەوەی ئێستا؟ - بۆ ئەوەی؟

**لیۆنتسە:**

بۆ ئەوەی گێلاسەکان لە ڕێی کونەکانی پانتۆڵەکەتدا لە شەرمدا

سوور هەڵگەڕێنی؟ بەڵام بەنرخترین، پیشەی دەستت، پیشەکەت، کارەکەت، پێگەکەت، هونەرەکەت؟

**ڤالێریۆ:**

(بە نەزاکەتەوە). بەڕێز، من ئەو سەرقاڵییە گەورەیەم هەیە، تەمەڵ بم، من سەلیقەیەکی بێ ئەندازەم لە هیچنەکردندا هەیە، من بینێکی گەورەم لە تەوەزەلیدا هەیە، هیچ مێخەکەیەک دەستم خەسار ناکا، هەتا ئێستا زەوی تنۆکێکی تەوێڵمی نەخواردووەتەوە، من لە کاردا هێشتا پاکیزەم، ئەگەریش بۆ من زۆر عەزیەت نەبوایە، ئەو عەزیەتەم دەکێشا، بەرفراوانتر بەم دەستکەوتانەوە خۆتان سەرقاڵ بکەن.

**لیۆنتسە:**

(بەجۆش و خرۆشێکی کۆمیدیاییەوە). وەرە سەر سنگم! تۆ یەکێکی لەو خواوەندانەی، کە بەبێ ماندوویی بە تەوێڵی پاکەوە بە ناو ئارەقە و تەپوتۆزدا بەسەر جادەی سوپای ژیاندا تەراتێن دەکەن و بە ژێر پێڵاوی بریقەدار و لەشی گەشەکردووەوە وەکو خواوەندە نەمرەکان دەچنە عەرشەکانیانەوە؟ وەرە! وەرە!

**ڤالێریۆ:**

(لە کاتی ڕۆیشتندا گۆرانی دەڵێ): های!، مێشێک بە دیوارەکەوە نیشتووەتەوە! مێشێک بە دیوارەکەوە! مێشێک بە دیوارەکەوە!

(هەردووکیان دەستیان لە دەستی یەکتردایە دەڕۆن)

## دیمەنی دووەم

ژوورێک

دوو نۆکەر جل لە بەر پیتەری پادشا دەکەن

**پیتەر:**

(لە کاتێکدا جلی لەبەر دەکرێ) مرۆڤ دەبێ بیر بکاتەوە و من دەبێ بۆ دەست و پێوەندەکانم بیر بکەمەوە، چونکە بیر ناکەنەوە، بیر ناکەنەوە. – جەوهەر، جەوهەرەکە خودی خۆی منم. (نیوە ڕووت بە ژوورەکەدا ڕادەکا): تێگەیشتن؟ خودی خۆی خودی خۆیەتی، تێ دەگەن؟ ئێستا خەسڵەتەکانم، گۆڕانکارییەکانم، مەیلەکانم و ڕێککەوتەکانم دێن، کراسەکەم لە کوێیە؟ پانتۆڵەکەم لە کوێیە؟ – ڕاوەستە، یەع! ویستی ئازاد زۆر بە کراوەیی لە پێشەوەیە. ئاکار لە کوێیە، سەردەستەکانم لە کوێن؟ کاتەگۆرییەکان لە تێکچڕژانێکی شەرمهێنەردان، دوو قۆپچە زیاتر داخراون. قووتوەکە لە گیرفانی دەستە ڕاستدایە. هەموو سیستەمەکەم وێران بووە. – ها، قۆپچە لە دەستەسڕدا چی دەگەیەنێ؟ زەلام، قۆپچە چی دەگەیەنێ، ویستم چیم بیر بکەوێتەوە؟

**یەکەم نۆکەر:**

کاتێ خاوەن شکۆتان قۆپچەکەتان خستە ناو دەستەسڕەکەوە و گرێتان دا، ویستتان–

**پێتەر:**

چی؟

**یەکەم نۆکەر:**

شتێکتان بیر بکەوێتەوە.

**پێتەر:**

وەڵامێکی ئاڵۆزە! – ئاخ! دەڵێن چیم بیر بکەوێتەوە؟

**دووەم نۆکەر:**

خاوەن شکۆتان ویستتان شتێکتان بیر بکەوێتەوە، کاتێ قۆپچەکەتان خستە دەستەسڕەکەوە و گرێتان فەرموو.

**پێتەر:**

(دێت و دەچێ): چی؟ چی؟ خەڵکەکە سەرم لێ دەشێوێنن، من زۆر پەشۆکاوم. من نازانم چی بکەم. (نۆکەرێک دێتە ژوورەوە).

**نۆکەر:**

خاوەن شکۆ، ئەنجوومەنی دەوڵەت کۆ بووەتەوە.

**پێتەر:**

(بە دڵخۆشییەوە): بەڵێ ئەوەیە، ئەوەیە. – ویستم گەلەکەم بیر بکەوێتەوە! گەورەکانم وەرن! ڕێکوپێک بڕۆن. زۆر گەرم نییە؟ دەستەسڕەکانتان بهێنن و ڕووی خۆتانی پێ بسڕنەوە. من هەموو کات شەرم دام دەگرێ کاتێ دەبێ لە بەردەم خەڵکدا قسە بکەم.

(هەمووان دەڕۆن.)

پێتەری پادشا. ئەندامی ئەنجوومەنی شار

**پێتەر:**

ئازیز و دڵسۆزەکانم، من ویستم بەیان بکەم و پێتان ڕابگەیەنم،

بەیان بکەم و پێتان ڕابگەیەنم – چونکە یان کوڕەکەم ژن دەهێنێ، یان نەء (پەنجەی دەخاتە سەر لووتی) یان ئەمیان، یان ئەویان – خۆ لێم تێ دەگەن؟ سێیەم لە ئارادا نییە. مرۆڤ دەبێ بیر بکاتەوە. (ماوەیەک بە دەم بیرکردنەوەوە ڕادەوەستێ): کە من ئاوا بەدەنگی بەرز قسە دەکەم، ئەوا نازانم لە ڕاستیدا ئەوە کێیە، من یان یەکێکی تر، ئەمە دەمترسێنێ. (پاش تاوێکی درێژی بیرکردنەوە). من منم. – سەرۆک، ئێوە چی دەڵێن؟

**سەرۆک:**

(بە شکۆمەندییەوە لەسەرخۆ): خاوەن شکۆ، لەوانەیە وا بێ، لەوانەشە وا نەبێ.

هەموو ئەنجوومەنی شار بە کۆراڵ:

بەڵێ، لەوانەیە وا بێ، لەوانەشە وا نەبێ.

**پێتەری پادشا:**

(بە هەست و سۆزی بزاوەوە): ئای حەکیمەکانم! – واتە لە ڕاستیدا باسی چی دەکرا؟ ویستم باسی چی بکەم؟ سەرۆک، لە دەرفەتێکی ئاوا بە شکۆدا چی بیرێکی کورتتان هەیە؟ کۆبوونەوەکە پووچەڵ کرایەوە. (بە شکۆوە دوور دەکەوێتەوە، هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنی دەوڵەت بە دوایدا دەڕۆن.)

## دیمەنی سێیەم

هۆڵێکی زۆر ڕازاوە، مۆم دەسووتێن

لیۆنتسە لەگەڵ چەند نۆکەرێکدا

**لیۆنتسە:**

هەموو پەنجەرەکان داخراون؟ مۆمەکان داگیرسێن! ڕۆژ لابەن! من شەوم دەوێ، من شەوێکی قووڵی خوایانەم دەوێ. چراکان لەژێر زەنگە کریستاڵییەکان لە نێوان ژاڵەکاندا دانێن، کە لەژێر برژانگی گەڵاکاندا وەکو چاوی کچان بە دەم خەون بینینەوە دەربکەون. گوڵاڵەسوورەکان نزیک بخەنەوە، کە شەرابەکە وەکو تنۆکی ئاورینگ بڕژێتە سەر بادەکان. مۆسیقا! کەمانچەکان لە کوێن؟ ڕۆزێتا لە کوێیە؟ برۆن! هەموو برۆنە دەرێ!

(نۆکەرەکان دەڕۆن. لیۆنتسە لەسەر قەنەفەیەک ڕادەکشێ، ڕۆزێتا جلی جوانی لەبەرە، دێتە ژوورەوە، لە دوورەوە مۆسیقا دەبیسترێ.)

**ڕۆزێتا:**

(بەمەراییەوە نزیک دەبێتەوە). لیۆنتسە!

**لیۆنتسە:**

ڕۆزێتا!

**ڕۆزێتا:**

لیۆنتسە!

**لیۆنتسە:**

ڕۆزێتا!

**ڕۆزێتا:**

لێوەکانت بە ماچ قورس بوونە؟

**لیۆنتسە:**

بە باوێشک!

**ڕۆزێتا:**

ئۆه!

**لیۆنتسە:**

ئای ڕۆزێتا، من ئەو کارە سامناکەم هەیە...

**ڕۆزێتا:**

چی؟

**لیۆنتسە:**

هیچ نەکردن...

**ڕۆزێتا:**

جگە لە خۆشەویستی؟

**لیۆنتسە:**

بێگومان کار!

**ڕۆزێتا:**

(بە دڵشکاوییەوە). لیۆنتسە!

**لیۆنتسە:**

یان سەرقاڵبوون.

**ڕۆزێتا:**

یان تەمەڵی.

**لیۆنتسه:**

تۆ هەمیشە ڕاست دەکەی. تۆ کچێکی ئاقڵی و زۆر بیری تیژت بە گرینگ دەزانم.

**ڕۆزیتا:**

واتە تۆ لەبەر وەڕسی خۆشت دەوێم؟

**لیۆنتسه:**

نەخـێـر، من وەڕسم لەبەرئەوەی تۆم خـۆش دەوێ. بەڵام من وەڕسـیـیـەکـەم وەکـو تۆ خـۆش دەوێ. ئێـوە یەکن. ئای هیچ نەکـردنی شـیـرین، من خـەون بە چاوەکـانتـەوە دەبینـم، وەکـو تامـکردنی کـانیـیـە قـووڵە پەرجـووە پەنهـانەکـان، تامکردنی لێوەکانت خەوم لێ دەخا، وەکو هاژەی شەپۆل. (باوەشی پێدا دەکـا). وەرە وەڕسـیی ئازیز، مـاچـەکانت باوێشکی بە لەزەتن، هەنگاوەکانت ناوبڕی ناسکن.

**ڕۆزیتا:**

لیۆنتسە، خۆشت دەوێم؟

**لیۆنتسه:**

ئەی بۆچی نا؟

**ڕۆزیتا:**

هەموو کات؟

**لیۆنتسه:**

ئەمە وشەیەکی درێژە: هەموو کات! ئەگەر هێشتا پێنج هەزار ساڵ و حەوت مانگ تۆم خۆش بوێ، ئەوە بەسە؟ لەگەڵ ئەوەشدا

زۆر لە هەموو کات کەمترە، بەڵام کاتێکی ئێجگار درێژە و ئێمە دەتوانین کاتمان هەبێ یەکترمان خۆش بوێ.

**رۆزێتا:**

یان کات دەتوانێ خۆشەویستیمان لێ بستێنێ.

**لیۆنتسە:**

یان خۆشەویستی کاتمان لێ بستێنێ. سەما بکە، ڕۆزیتا، سەما بکە، هەتا کات لەگەڵ ئاوازی پێیە ناسکەکانتدا بڕوا.

**ڕۆزیتا:**

باشترە پێیەکانم بمرن.

(گۆرانی دەڵێ و سەما دەکا.)

ئەی پێیە ماندووەکانم ئێوە دەبێ سەما بکەن
لە پێڵاوی ڕەنگاوڕەنگدا،
پێتان خۆشترە قووڵ قووڵ لە زەویدا
بحەسێنەوە.

ئەی گۆنا گەرمەکانم، ئێوە دەبێ بدرەوشێنەوە
لە دەست پێداهێنانی وەحشیدا،
پێتان خۆشترە
وەکو دوو گوڵی سپی بگەشێنەوە.

ئەی چاوە داماوەکانم، ئێوە دەبێ ببریقێنەوە
لە تیشکی مۆمەکاندا

یان پێتان خۆشترە لەبەر ئازارەکانتان

لە تاریکیدا بخەون.

**لیۆنتسە:**

(بە دەم داڵغە لێدانەوە): ئاخ، ئەوینێکی لە مردندا بێ باشترە لە ئەوینێکی لەمەودوا دێتە ئاراوە. من پیاوێکی ڕۆماییم؛ لە کاتی ئەم خوانە خۆشەدا ماسییە زێڕینەکان بۆ پاشخوان لە هەموو ڕەنگەکانی مەرگیاندا سەما دەکەن. چۆن سووری لە گۆناکانیدا دەمرێ، چۆن بە کپی تیشکی چاوەکان دەکوژێتەوە، شەپۆلی ئەندامەکانی لەشی چۆن بە بێدەنگی بەرز و نزم دەبنەوە! ماڵئاوا، ئازیزم ماڵئاوا، دەمەوێ تەرمەکەتم خۆش بوێ. (ڕۆزێتا جارێکی تر لێی نزیک دەبێتەوە.) ڕۆزێتا، فرمێسک؟ شەهوانیەتێک و لەزەتێکی ناسک بتوانی بگری. بڕۆ بەرهەتاو، بۆ ئەوەی تنۆکە نایابەکان ببنە کریستاڵ، دەبێ ببنە مرواریی جوان. دەتوانی ملوانکەیەکی لێ بدەیتە کردن.

**ڕۆزێتا:**

مرواری، بە چاومدا دەچەقن. ئاخ لیۆنتسە! (دەیەوێ باوەشی پێدا بکات.)

**لیۆنتسە:**

ئاگەدار بە! سەرم! من ئەوینیانم لە سەرمدا ناشت. تەماشای ناو پەنجەرەکانی چاوم بکە. دەبینی، شتە داماوەکە چەند جوان مردووە؟ دوو گوڵە سپییەکە بەسەر گۆناکانیەوە و دوو گوڵە سوورەکە بەسەر سنگیەوە دەبینی؟ پاڵم پێوە مەنێ، جێی داخە ئەگەر دەستی بشکێ، من دەبێ ڕاست سەرم بە شانەکانمەوە

ڕاگـرم، وەکـو چۆن ژنی مـەرگ دارەندازی منداڵێک بەسـەر شانیدا دەدا.

**ڕۆزێتا:**

(بە گاڵتەکردنەوە). شێتە!

**لیۆنتسە:**

ڕۆزێتا! (ڕۆزێتا دەموچاوی گرژ دەکا). سوپاس بۆ خوا! (چاوی خۆی دەگرێ.)

**ڕۆزێتا:**

(زارەترک). لیۆنتسە، سەیرم کە.

**لیۆنتسە:**

بە هیچ جۆرێک!

**ڕۆزێتا:**

تەنیا نیگایەک!

**لیۆنتسە:**

هیچ نیگایەک! دەگری! تەنیا کەمێک و ئەڤینی شیرینم بۆ دنیا دەگەڕێتەوە. من زۆر خۆشحاڵم کە ناشتم. من یادگارییەکەی بۆ خۆم دەهێڵمەوە.

**ڕۆزێتا:**

(بە غەمگینی و لەسەرخۆ دوور دەکەوێتەوە، لە کاتی ڕۆیشتندا گۆرانی دەڵێ):

من کچە هەتیوێکی داماوم،

بە تەنیا دەترسم.

ئای خەمی ئازیز –

ناتەوێ لەگەڵمدا بێیتەوە بۆ ماڵەوە؟

**لیۆنتسە:**

(بە تەنیا): ئەم ئەوینە شتێکی سەیرە. بە درێژاییی ساڵێک مرۆڤ لە جێخەودا لە زیندەخەودا ڕاکشاوە، بەیانییەکی خۆش بێدار دەبێتەوە، پەرداخێک ئاو دەخواتەوە، جلەکانی لەبەر دەکا و دەستی بە تەوێڵیدا دەهێنێ و بیر دەکاتەوە – بیر دەکاتەوە. – خوای گەورە، مرۆڤ چەند ژنی پێویستە، بۆ ئەوەی گۆرانیی پەیژەکانی مۆسیقای ئەوین سەر بەرەوژوور و سەر بەرەوخوار بڵێ؟ یەکێک بە حاڵ بتوانێ تۆنێک پڕ بکاتەوە. لەبەرچی ئەم تەمومژە بەسەر زەوییەوە ، بۆ ئەوەی تیشکی پشکۆی سپیی ئەوین بکاتە پەلکەزێڕینە؟ – (دەخواتەوە). شەرابەکە لە چی بوتڵێکدایە، کە ئەمڕۆ دەبێ خۆمی پێ مەست بکەم؟ من ناتوانم خۆشم مەست بکەم؟ وەکو لەژێر پەمپێکی هەوادا دانیشتبم. هەواکە ئەوەندە تیژ و باریکە، کە لەرزم لێ دەهێنێ، وەکو بە پانتۆڵێکی تەنکەوە بەفرەخلیسکە بکەم. – گەورەکانم، گەورەکانم، دەیشزانن، کالیگۆلا و نێرۆن چی بوون؟ من دەیزانم. – لیۆنتسە وەرە، مۆنۆلۆجێکم بۆ بڵێ، دەمەوێ گوێ بگرم. ژیانم باوێشکم بۆ دەدا، وەکو پەڕەیەکی گەورەی سپی کە من دەبێ پڕی بکەمەوە، بەڵام من پیتێکم بۆ نانووسرێ. سەرم هۆڵێکی خاڵیی سەمایە، چەند گوڵێکی ژاکاو و چەند قردێلەیەکی لۆچ بەسەر زەوییەوە، لە گۆشەیەکدا کەمانچەی شەقبردوو، دوا سەماکەرەکان ماسکەکانیان لابردووە و بەچاوی شەکەتەوە

سەیری یەکتر دەکەن. هەموو ڕۆژێک بیست و چوار جار خۆم ئەمدیو و ئەودیو دەکەم. وەکو دەستکێش. ئای من خۆم دەناسم، من دەزانم پاش چارەکە سەعاتێک، پاش هەشت ڕۆژ، پاش ساڵێک چۆن بیر دەکەمەوە و خەون دەبینم. خوایە، من چی تاوانێکم کردووە، کە تۆ وەکو منداڵێکی قوتابخانە وانەکەم پێ دەڵێیتەوە؟ –

ئافەرین لیۆنتسە! ئافەرین! (چەپڵە لێ دەدا) زۆر کەیفم دێ، کاتێ ئاوها بانگی خۆم دەکەم. هۆ! لیۆنتسە! لیۆنتسە!

**ڤالێریۆ:**

(لەژێر مێزێکەوە دەردەچێ). بە ڕاستی وام بۆ دەردەکەوێ خاوەن شکۆتان لەسەر باشترین ڕێگەن بەرەو شێتبوون.

**لیۆنتسە:**

بەڵێ، ئەگەر لەبەر ڕووناکیدا سەیری بکەی، منیش وام بۆ دەردەکەوێ.

**ڤالێریۆ:**

ڕاوەستن، هەر ئێستا بە تێروتەسەلی باسی دەکەین. تەنیا پارچە گۆشتێکی برژاو ماوە بیخۆم، کە لە متبەخەکەوە و هەندێ شەراب، کە لە مێزەکەی ئێوەوە دزیومە. من هەر ئێستا تەواو دەبم.

**لیۆنتسە:**

مڵچەملّچ دەکا. ئەم زەلامە هەستی عەشقێکی زۆر سادەم لەلا دروست دەکا؛ من دەتوانم بە ئاسانترین شت دەست پێ بکەم، دەتوانم پەنیر بخۆم، بیرە بخۆمەوە و جگەرە بکێشم، پەلە کە،

بە لمۆزت مرقەمرق مەکە، بە کەڵبەت تەقەتەق مەکە.

**ڤالێریۆ:**

ئازیزترین ئەدۆنیس، لە ڕانی خۆتان دەترسن؟ خەمتان نەبێ، من نە پەتی گسک بەستنم نە مامۆستای قوتابخانەم. من پێویستم بە شووڵک نییە بۆ بەستنی گورزەکان.

**لیۆنتسە:**

تۆ بۆ هیچ وەڵامێک دانامێنی.

**ڤالێریۆ:**

حەزم دەکرد گەورەیشم وا بوایە.

**لیۆنتسە:**

مەبەستت ئەوەیە، کە لێدانەکەت بخۆی؟ ئەوەندە خەمی هۆڵی پەروەردەکردنەکەتە؟

**ڤالێریۆ:**

ئای خوایە، مرۆڤ ئاسانترین دروست دەکرێ لەوەی بەخێو بکرێ. مایەی غەمگینییە دووگیانی دەتوانێ چ بارودۆخێک بهێنێتە ئاراوە! چۆن هەفتەگەلێکم بەسەربرد، لەوەتەی دایکم زەیستان بووە! چەند شتی باشم بۆ هات، کە سوپاسگوزاری لەدایکبوونم دەبووم؟

**لیۆنتسە:**

ئەوەی پێوەندیی بە سۆزداریی تۆوە هەیە، ناتوانێ لەوە باشتر بپێکی بۆ ئەوەی بپێکرێی. باشتر گوزارشت لە خۆت بکە، یان ناخۆشترین هەست بە جەغدی من دەکەی.

**ڤالێریۆ:**

کاتێ دایکم دووگیان بوو...

**لیۆنتسە:**

کاتێ باوکت نشوستی هێنا...

**ڤالێریۆ:**

ڕاستە، چونکە ئەو شەو پاسەوان بوو. بەڵام قۆچی ئەوەندە نەخستە سەر لێوی وەکو باوکی کوڕە خانەدانەکان دەیخەنە سەر تەوێڵیان.

**لیۆنتسە:**

مرۆڤ، تۆ بێشەرمییەکی خواییت هەیە. من هەست بە پێویستییەک دەکەم، کە ئەوەندە لەشم لە نزیکەوە بەر لەش بکەوێ. زۆر حەز دەکەم تێت هەڵدەم.

**ڤالێریۆ:**

ئەمە وەڵامێکی حازربەدەستە و بەڵگەیەکی قایلکەرە.

**لیۆنتسە:**

(پەلاماری دەدا): یان تۆ وەڵامێکی پێکراوی. چونکە تۆ بۆ وەڵامەکەت تێهەڵدان دەخۆی.

**ڤالێریۆ:**

(ڕادەکا، لیۆنتسە پێی هەڵدەکەوێ و دەکەوێ): ئێوەش بەڵگەن، کە هێشتا دەبێ بسەلمێنرێ، چونکە بەسەر پێی خۆیدا دەکەوێ، کە لە ڕاستیدا دەبێ هێشتا خۆی بسەلمێنرێ. لوولاقەکانی مەحاڵ و ڕانەکانی زۆر سەر بە گۆبەنن.

ئەنجوومەنی دەوڵەت دەردەکەوێ. ڤالێریۆ لەسەر زەوییەکە بە دانیشتوویی دەمێنێتەوە. ڤالێریۆ.

**سەرۆک:**

خاوەن شکۆتان دەبوورن...

**لیۆنتسە:**

منیش، من چۆن داوای لێبووردن لە خۆم دەکەم! چۆن داوای لێبووردن لە خۆم دەکەم! من لە خۆم دەبوورم لەبەر دڵباشیم گوێ لە ئێوە دەگرم. گەورەکانم ناتانەوێ دانیشن؟ – خەڵکی چۆن چارەیان بەیەکتردا دەدەن، کاتێ گوێیان لە وشەی جێگە دەبێ! لەسەر زەوی دانیشن و شەرم مەکەن. ئەمە دوا جێگەیە کە دەتاندرێتێ، بەڵام جگە لە گۆڕهەڵکەنێک هیچ کەسێک هیچی لێ دەست ناکەوێ.

**سەرۆک:**

(بە شەرمەوە چەقەنە لێ دەدا).

خاوەن شکۆتان دەفەرموون...

**لیۆنتسە:**

بەڵام بە پەنجە چەقەنە لێ مەدە. ئەگەر ناتانەوێ بمکەنە بکوژ.

**سەرۆک:**

(هەموو کات بەهێزتر چەقەنە لێ دەدا). بەخشندەتان ویستتان، بە ڕەچاوکردنی...

**لیۆنتسە:**

خوایە، دەستەکانتان بخەنە پانتۆڵەکەتانەوە، یان لەسەریان

دانیشن. ئێوە تێکچوونە، بەسەر خۆتاندا زاڵ بن.

**ڤالێریۆ:**

مرۆڤ نابێ منداڵ لە کاتی میز کردندا بپچڕێ. ئەگینا تووشی بەربەستکردن دەبێ.

**لیۆنتسە:**

زەلام، بەسەر خۆتاندا زاڵ بن. بیر لە خێزانەکەتان و دەوڵەت بکەنەوە. سەرچڵیی ئەوە دەکەن تووشی جەڵدەی مێشک بن، ئەگەر قسەتان پێ ببڕدرێ.

**سەرۆک:**

(کاغەزێک لە گیرفانی دەردەهێنێ.) خاوەن شکۆ ڕێم دەدەن. –

**لیۆنتسە:**

چی، ئێوە دەتوانن بخوێننەوە؟ دەی با وابێ...

**سەرۆک:**

کە مرۆڤ گەیشتنی چاوەڕوانکراوی بووکی مارەبڕاوی خاوەن شکۆتان، حەزرەتی شازادە لێنای پیپی، کە چاوەڕوان دەکرێ سبەینێ پێک بهێنرێ، جەلالەتی پادشا لەم بارەیەوە ئاگەدارتان دەکاتەوە.

**لیۆنتسە:**

ئەگەر بووکەکەم چاوەڕوانم دەکا، ئەوا ویستی خۆمی پێشان دەدەم و وای لێ دەکەم چاوەڕوانم بێ. دوێنێ شەو لە خەونم بینیم، جووتێک چاوی هێندە گەورەی هەبوو، کە پێڵاوی سەمای ڕۆژێتا وەکو ئەبرۆ بۆ سەر ئەو چاوانە دەگونجان، هیچ

چالاییەکیش بەسەر گۆناکانیەوە نەبوون، بگرە جووتێک چاڵی دەرچە بۆ پێکەنین. من بڕوام بە خەون هەیە. جەنابی سەرۆک ئێوەش جاروبار خەون دەبینن؟ ئێوەش پێشبینی دەکەن؟

**ڤالێریۆ:**

بێگومان. هەردەم شەوی پێش ڕۆژ کاتێ گۆشتی برژاو دەسووتێ، کەڵەشێرێکی خەساوی دابەستە مردار دەبێتەوە، یان جەلالەتی پادشا گیانی دەیەشێ.

**لیۆنتسە:**

بەم بۆنەیەوە، هێشتا شتێکتان لەسەر زمان نەبوو؟ ئەوەی لە دڵتاندایە بیڵێن.

**سەرۆک:**

لە ڕۆژی بووک گواستنەوەدا دەبێ بەرزترین ویست هەبێ، بەرزترین گوزارشتی ویست بدرێتە دەستی خاوەن شکۆتانەوە.

**لیۆنتسە:**

دەڵێن بەرزترین ویست، کە هەموو شتێک بکەم، ئەوە نەبێ کە نایکەم، بەهەرحاڵ بەڵام ئەمە زۆر نییە، ئەگەر هێشتا ئەوەندە زۆر نەبێ. – گەورەکانم، لێم دەبوورن، کە هاویاریتان ناکەم، من ئێستا شەیدای ئەوەم دانیشم، بەڵام بەزەییم هێندە گەورەیە، کە من ناتوانم بە لاقم بیپێوم. (لاقەکانی بڵاو دەکاتەوە.) جەنابی سەرۆک، ئەندازەی بگرن، بۆ ئەوەی دواییتر بیرم بخەنەوە. ڤالێریۆ هاوەڵیی بەڕێز دەکا.

**ڤالێریۆ:**

زەنگوڵە؟ زەنگوڵەیەک بە جەنابی سەرۆکەوە ببەستم؟ بیانبەم،

وەکو لەسەر چوارپەل برۆن؟

**لیۆنتسە:**

زەلام، تۆ جگە لە گەمەی وشە هیچی تر نیت. تۆ نە باوکت هەیە نە دایک، بگرە چوار پیتە دەنگدارەکە بە یەکەوە تۆیان خولْقاندووە.

**ڤالێریۆ:**

ئەی ئێوە، شازادە، ئێوە کتێبێکی بێ پیتن، جگە لە خاڵی بۆشایی زیاتر هیچی تر نین. – بەڕێزان ئێستا وەرن. وشە شتێکی غەمگینی بەسەر هاتووە. ئەگەر مرۆڤ داهاتێکی بوێ، دەبێ دزی بکا، ناتوانرێ بیر لە بەرزبوونەوە بکرێتەوە، جگە لەوەی مرۆڤ خۆی هەڵبواسێ، مرۆڤ کاتێک پەناگەیەک دەدۆزێتەوە کە لە گۆڕدا دەنێژرێ، مرۆڤ بە قسە خۆشەکانیەوە هەموو چرکەساتێک دەرچەیەک دەدۆزێتەوە، کاتێ ئیتر نەزانێ چی بڵێ، بۆ نموونە وەکو ئێستا من، ئێوەش، پێش ئەوەی شتێک بڵێن. ئێوە ڕێککەوتنەکەتان دۆزیوەتەوە و ئێستا داوای ڕۆیشتنتان لێ دەکرێ. (ئەنجوومەن و ڤالێریۆ دەڕۆن.)

**لیۆنتسە:**

(بە تەنیا). من خۆم چۆن بەسەر ئەم شەیتانە داماوانەوە کردووە بە سوارچاک! بەڵام ئیدی هەموو بەدییەک تا ڕادەیەک لەزەتی تێدایە. – هەم! ژنهێنان! ئەمە واتە بیرێک ئاو بخۆیتەوە. – ئای شاندی، شاندی پیر، هەر کەسێک ئەم سەعاتەی پێشکێش کردبم! – ( ڤالێریۆ دەگەڕێتەوە) ئاخ ڤالێریۆ، گوێت لێ بوو؟

**ڤالێریۆ:**

ئێوە دەبێ ببنە پاشا، ئەمە شتێکی خۆشە. مرۆڤ دەتوانێ بە درێژایی ڕۆژ پیاسە بکا و شەپقەی خەڵکی بە هۆی هێنانە خــوارەوەی زۆرەوە بدڕێن، مـــرۆڤ دەتوانێ لە مـــرۆڤـــێکی ڕێکوپێکەوە سەربازی ڕێکوپێک پێک بهێنێ. بەجۆرێک هەموو شتێک ئاسایی بێت، مرۆڤ دەتوانێ لە چاکەتی ڕەش و ملپێچی سپی کارمەندی دەوڵەت دروست بکات، ئەگەر مرۆڤ بشمرێ، هەموو قۆپچە بریقەدارەکان زەرد هەڵدەگەڕێن و گوریسی زەنگ وەکو دەزوو لە بە زۆر لێدان دەپچڕێن. ئەمە خۆش نییە؟

**لیۆنتسە:**

ڤالێریۆ! ڤالێریۆ! ئێمە دەبێ شتێکی تر بکەین. مەزەندە بکە!

**ڤالێریۆ:**

ئاخ زانست، زانست! ئێمە دەمانەوێ ببینە زانا! لەپێشدا؟ یان لەپاشدا؟

**لیۆنتسە:**

لەپێشدا، مرۆڤ دەبێ ئەمە لە جەنابی باوکمەوە فێر ببێ؛ لە دواییشدا هەموو شتێک دەست پێدەکا، وەکو مەتەڵێکی کۆن: هەبوو نەبوو!

**ڤالێریۆ:**

بەوجۆرە دەمانەوێ ببینە پاڵەوان. (بە دەم کلارنێتژەنین و تەپڵ لێدانەوە دێت و دەچێ.) ترۆم – ترۆم –– پلیرە پ پلێم!

**لیۆنتسە:**

بەڵام پاڵەوانێـــتـــیی دژوار دەترشێ و تاڕەشـــە دەگـــرێ بەبێ

سـەرهەنگ و سـەرباز دەرنابا. بە ڕۆمـانتیکی ئەلێکسـاندەر و ناپلیۆن خۆت بپێچەرەوە!

**ڤالێریۆ:**

ئێمە دەمانەوێ ببینە شاعیر.

**لیۆنتسە:**

بولبولی شیعر بە درێژاییی ڕۆژ بەسەر سەرمانەوە باڵەفڕێ دەکا، باڵام ناسکترین شت بە لەعنەت دەبێ، هەتا ئێمـە پەڕەکـانی هەڵدەکێشین و لە مەرەکەب یان لە ڕەنگی هەڵدەکێشین.

**ڤالێریۆ:**

وا دەمانەوێ ببینە ئەندامی بە سوودی کۆمەڵگەی مرۆڤ.

**لیۆنتسە:**

پێم خۆشترە وەکو مرۆڤ دەست لە کار بکێشمەوە.

**ڤالێریۆ:**

وا دەمانەوێ بە لەعنەتی شەیتان بین.

**لیۆنتسە:**

ئاخ شەیتان تەنیا لەبەر هاودژی هەیە، بۆ ئەوەی تـێ بگەین، کە لە بەهەشتدا شتێک هەیە. (لە جێی خۆی هەڵدەبەزێتەوە.) ئای ڤالێریۆ، ڤالێریۆ، ئێستا تێگەیشتم! هەست بەو ژانە ناکەی کە لە باشـوورەوە دێت؟ هەست ناکـەی چۆن شـەپۆلی شـینایی قـووڵی ئاسـمـان بەرز و نزم دەبێـتـەوە، چۆن تیشـک لە زەویی زێڕینی خـۆرینەوە دەدرەوشـێـتـەوە، لە دەریای پیـرۆز و دنگە و جـەسـتـە مـەرمـەڕییەکانەوە؟ پانیی مەزن نووسـتوە و سـیمـا مـسـینەکـان لە سـێبـەری سـەر شـەپۆلە هـاژەکـەرەکان خـەون بە

ئەفسوونی ڤیرجیلەوە دەبین، بە تارانتێلا و تامبۆرین و شەوە قووڵە نایابەکان، پڕ لە دەمامک، مەشخەڵ و گیتار. لازارۆنییەک! ڤالێریۆ! لازارۆنییەک! ئێمە دەچین بۆ ئیتاڵیا.

## دیمەنی چوارەم

باخچەیەک

لێنای کچەمیر بە خشڵی بووکێنییەوە. ژنەمامۆستای دەربار

**لێنا:**

بەڵێ، ئێستا. ئەوەتانێ. ئەو کاتە بیرم لە هیچ نەکردەوە. کات هەر وا بەسەر دەچوو و لە پڕ ڕۆژ لە بەردەممدا قووت بووەوە. من چەپکە گوڵەکەم لە قژدایە _ زەنگەکانیش، زەنگەکانیش! (پشت دەداتەوە و چاوی دەنووقێنێ.) سەیر کە، حەزم دەکرد، چیمەنەکە بە سەرمدا بڕوایە و مێشەهەنگەکان بە سەرمەوە گیزیان بکردایە؛ سەیر کە، ئێستا جلم لەبەرە و جاترەکێویلە بە قژەکەمەوەیە. گۆرانییەکی کۆن نییە:

حەز دەکەم لە حەوشەی کڵێسا بکەوم

وەکو کۆرپەیەک لە لانکەدا،–

**ژنەمامۆستا:**

منداڵی داماو، لەژێر بەردە بریقەدارەکانتاندا چەند زەرد هەڵگەڕاون.

**لێنا:**

ئای خوایە، من دەتوانم ئەویندار بم، بۆچی نا؟ مرۆڤ ئەوەندە بە تەنیا دەڕوا و بە دوای دەستێکدا دەگەڕێ، کە دەستی بگرێ،

هەتا ژنە مردووشۆرەکە دەستەکان لەیەک دەکاتەوە و دەیخاتە سەر سنگی. بەڵام بۆچی یەک بزمار بە ناو هەردوو دەستدا دادەکوترێ، کە بە دوای یەکتریدا نەگەڕابوون؟ دەستە داماوەکانم چییان کردبوو؟ (ئەڵقەیەک لە پەنجەی دەردەهێنێ.) ئەم ئەڵقەیە وەکو مار بە دەستمەوە دەدا.

**ژنەمامۆستا:**

بەڵام – بەڵام گوایە ئەو دۆن کارلۆسێکی ڕاستەقینەیە.

**لێنا:**

بەڵام – پیاوێکە –

**ژنەمامۆستا:**

ئەی چی؟

**لێنا:**

ئەو کەسەی مرۆڤ خۆشی ناوێ. (هەڵدەستێتە سەرپێ.) یەع! دەبینی، من شەرم دەکەم. – سبەینێ هەموو بۆن و بەرامە و هەموو باقوبریقێکم لێ بووەتەوە. ئاخۆ من وەکو کانییە داماوە بەستەزمانەکەم، کە هەموو وێنەیەک خۆی بەسەردا دادەچەمێنێتەوە دەبێ لە بنە کپەکەیدا ڕەنگ پێ بداتەوە؟ گوڵەکان بەو جۆرەی بیانەوێ دەکرێنەوە و دادەخرێن، بەرگەکانیان بۆ هەتاوی بەیانی یان بای ئێوارە دەکاتەوە. ئاخۆ کچی پادشایەک لە گوڵ کەمترە؟

**ژنەمامۆستا:**

(بە دەم گریانەوە). فریشتەی ئازیز، تۆ قۆچێکی قوربانیی ڕاستەقینەی.

**لێنا:**

بەڵێ – قەشەکەش چەقۆکەی بەرز دەکاتەوە. – خوای گەورە، خوای گەورە، ئاخۆ ڕاستە کە ئێمە دەبێ خۆمان خۆمان بە ئازارەکانمانەوە فریادڕەس بکەین؟ ئاخۆ ڕاستە، کە جیهان عیسایەکی لەخاچ دراوە، هەتاو تاجە دڕکاوییەکەیەتی و ئەستێرەکان بزمار و نێزەن لە پێ و تەنگەیدا؟

**ژنەمامۆستا:**

کچەکەم، کچەکەم! ناتوانم ئاوها بتبینم. – نابێ وابێ، ئەمە دەتکوژێ. لەوانەیە، کێ دەزانێ! شتێکی وام لە مێشکدایە. با ببینین، وەرە! (خاتوونی شازادە لەگەڵ خۆی دەبا.)

## پەردەی دووەم

دەنگم لە قوولاییی ناخمدا
چۆن زایەڵەی هات،
هەموو بیرەوەریمی بە جارێ
هەڵلووشی.
ئادەلبێرت فۆن کامیسۆ

### دیمەنی یەکەم

کێڵگەیەک، لە پشتەوە میوانخانەیەک

لیۆنتسە و ڤالێریۆ دەردەکەون، ڤالێریۆ کۆڵێکی هەڵگرتووە.

**ڤالێریۆ:**

(بە دەم هەناسەبڕکێوە.) شازادە، بە شەرەف، دنیا بینایەیەکی زلی بەرفراوانە.

**لیۆنتسە:**

وا مەڵێ! وا مەڵێ! من ناوێرم دەستم درێژ بکەم، وەکو لە ژوورێکی تەنگی ئاوێنەدا، لە ترسی ئەوەی لە هەموو لایەکەوە خۆت بە شتدا بدەی، کە فیگۆرە جوانەکان بە وردەشووشە بکەونە سەر زەوییەکە و من لە بەردەم دیوارە ڕووتەکەدا ڕاوەستم.

**ڤالێریۆ:**

من ماڵم وێران بووە.

**لیۆنتسە:**

لەمەدا کەس زیان ناکا ئەو کەسە نەبێ کە دەتدۆزێتەوە.

**ڤالێریۆ:**

جاری داهاتوو خۆم دەخەمە سێبەری سێبەرەکەمەوە.

**لیۆنتسە:**

تۆ لەبەر هەتاوەکەدا خۆت بە تەواوی دەکەی بە هەڵم. ئەو هەورە جوانەی سەرەوە دەبینی؟ بە لای کەمەوە چارەکێکی تۆیە. زۆر بە زەوقەوە سەیری شتە مادییە گەورەکانت دەکات.

**ڤالێریۆ:**

هەورەکە هیچ زیانێک بە سەری ئێوە ناگەیەنێ، ئەگەر سەرت بتراشرێ و دڵۆپ دڵۆپ بەسەریدا بکرێ. – بیرۆکەیەکی نایابە. ئێمە بەناو دەرزەنێک میرنشین، بەناو نیو دەرزەن دۆقنشینی گەورە و بەناو چەند پادشانشینێکدا تێ پەڕین و ئەمەشمان بە خێراییەکی زۆر و بە نیو ڕۆژ کردووە و لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی مرۆڤ دەیەوێ ببێتە پادشا و دەبێ شازادەیەکی جوان بخوازێ. ئێوەش هێشتا لە بارودۆخێکی وادا دەژین؟ من لە پاشەکشەکردنتان تێ ناگەم. من تێ ناگەم، کە ئێوە مەرگەمووشتان نەخواردووە، نەچوونەتە سەر شوورەی بورجی کڵێساکە و گوللەیەکتان بە سەری خۆتانەوە نەناوە، لەبەرئەوەی نەبادا بەری نەکەوێ.

**لیۆنتسه:**

بەڵام ڤالێریۆ، ئێدیالەکان! من ئێدیالی ژنێکم تێدایە و دەبێ بە دوایدا بگەڕێم. لە ڕادەبەدەر جوانە و دەبێ بە دوایدا بگەڕێم. لە ڕادەبەدەر جوانە و بێ کۆتایی بێ ئەقڵە. جوانیی ئەوەندە داماوە، هێندە وورووژێنەر وەکو کۆرپەیەکی تازە لەدایکبوو. ئەمە هاودژییەکی نایابە. ئەو چاوە گەمژە ئاسمانییانە، ئەو زارە خواییە ساکارە، ئەو سیما لووتمەرییە یۆنانییە، ئەو مەرگە ڕوحییە لەو جەستە ڕوحییەدا.

**ڤالێریۆ:**

شەیتان! دیسان گەیشتینە سەر سنوور؛ ئەمە وڵاتێکە وەکو پیاز وایە، تەنیا توێکڵە، یان وەکو سندووقی یەک لەناو یەکتردا، گەورەترینیاین جگە لە سندووقی تر هیچی تێدا نییە و بچووکترینیشیان هەر هیچی تێدا نییە. (بارەکەی فڕێ دەداتە سەر زەوی.) دەبێ ئەم بارە بێتە کێلەگۆڕم؟ شازادە دەبینن من فەلسەفە دەکەم، وێنەیەکی ژیانی مرۆڤ. من ئەم بارە بە پێی برینداروەوە بەناو شەختە و گڕەی خۆردا هەڵدەگرم، لەبەرئەوەی دەمەوێ ئێواران کراسێکی پاک لەبەر بکەم و کاتێ ئێوارەش دادێ، نێوچەوانم شەقی تێ کەوتووە، گۆنام خاڵییە، چاوم تاریک بووە و هێشتا ئەوەندە کاتم هەیە، کراسەکەم لەبەر بکەم، وەکو کفن. کارێکی باشترم نەدەکرد، ئەگەر بوخچەکەم لە گۆچانەکەم بکەمەوە لە مەیخانەی داهاتوودا بمفرۆشتبا و بە پارەکەی خۆم مەست دەکرد و لە سێبەردا دەنووستم، هەتا ئێوارە دادەهات و ئارەقەم نەدەکرد و پێم تلۆقی نەدەکرد؟

شازادە، ئێستا بەکارهێنان و پێڕۆ دێ. ئێستا لەبەر شەرم و شکۆ دەمانەوێ جل لە بەری ناوەوەی مرۆڤیش بکەین و چاکەت و پانتۆڵ لە بەری ناوەوەمان بکەین. (هەردووکیان بەرەو میوانخانەکە دەڕۆن.) ئەی باری ئازیز، چەند بۆن و بەرامەیەکی خۆشە، چی بۆنی شەرابێکە و چی بۆنی گۆشتی سوورەوەکراوە! ئای پانتۆڵە ئازیزەکان، چۆن لە زەویدا ڕەگتان داکوتاوە و سەوز دەبن و دەگەشێنەوە و ترێ قورسە درێژەکان دەچنە دەممەوە و خۆشاوەکە لە ڕێی گوشینەوە دەترشێ.

(هەردووکیان دەڕۆن.)

خاتوونی شازادە لێنا. ژنەمامۆستاکە

**ژنەمامۆستا:**

دەبێ ڕۆژێکی ئەفسووناوی بێ، خۆر ئاوا نابێ، لە کاتی هەڵاتنەکەمانەوە ڕۆژ لە ڕادەبەدەر درێژە.

**لێنا:**

وا نییە، ئازیزەکەم، گوڵەکان هێشتا بە حاڵ ژاکاون، کە من بۆ ماڵئاوایی چنیمن، کاتێ ئێمە لە باخچەکە دەرچووین.

**ژنەمامۆستا:**

ئەی لە کوێ بحەسێینەوە؟ ئێمە هێشتا هیچمان تووش نەبووە. من کڵێسا نابینم، هاوولاتی نابینم، شوان نابینم.

**لێنا:**

ئێمە بە کتێبەکانمانەوە، پشتی دیواری باخچەکەمانەوە، لە نێوان مۆرد و ژاڵەدا خەونمان بە شتی ترەوە دەبینی.

**ژنەمامۆستا:**

ئای دنیـا قـێـزەونە! ناتوانرێ بە هیچ جـۆرێک بیـر لە کـوڕێکی سەرلێشێواوی پاشا بکرێتەوە.

**لێنا:**

ئای ئـەوەندە جـــوانـە و ئەوەنـدە دوورە، لە ڕادەبـەدەر دوورە. من شـەو و ڕۆژ بەردەوام دەمەوێ بڕۆم. هیچ شـتێک ناجـووڵێ. ئەوە چ تیشکی گوڵێکی سـوور بەسـەر چیمـەنەکاندا دەشـەکێتـەوە و چیا دوورەکان وەکو هـەوری ئارام بەسـەر زەوییەوەن.

**ژنەمامۆستا:**

ئای عـیـسـای من، مـرۆڤ دەبێ بڵـێ چی؟ بەڵام هێنـدە ناسک و ژنانەیە! ئەمـە خـۆ لە خـۆشـیـی ڕاگـرتنە. ئەمـە وەکـو هـەڵاتنی ئۆدیلیـای پیـرۆز وایە. بەڵام ئێـمـە دەبێ بـە دوای پەناگـەیەکـدا بگەڕێین. وا ئێوارە دادێ.

**لێنا:**

بەڵێ، ڕووەکـەکـان گـەڵاکـانیـان بۆ خـەو دادەخـەن و تیـشکەکـانی خـۆر وەکـو پووشـبـەقـوونەی مـاندوو بـەسـەر چڵـە گـیـاکـانەوە دەشـەکێنەوە.

## دیمەنی دووەم

میوانخانەکە بە قەدپاڵێکەوە لە قەراغی چەمێک،
دەشتودەرێکی بەرفراوان دیارە. باخچەکە لە بەردەمیدا
ڤالێریۆ. لیۆنتسە

**ڤالێریۆ:**

شازادە، پانتۆڵەکەتان خواردنەوەیەکی خۆشتان بۆ ناهێنێ؟ پێڵاوەکانتان بە ئاسانییەکی زۆرەوە لە گەرووتانەوە داناچۆڕێت؟

**لیۆنتسە:**

ئەو درەختە پیرانە دەبینی، پەرژینەکان دەبینی، گوڵەکان دەبینی، ئەمانە هەموویان چیرۆکی خۆیان هەیە، چیرۆکی دڵڕفێنی پەنهانی خۆیان هەیە. ئەو ڕووە میهرەبانانە لەژێر هێشووە ترێکانی دەروازەکەوە دەبینی؟ چۆن دانیشتوونە و دەستی یەکتریان گرتووە و ترسیان هەیە، کە ئەوان ئەوەندە پیرن و دنیا هێشتا ئەوەندە تازەیە. ئای ڤالێریۆ، منیش هێندە لاوم و دنیا ئەوەندە کۆنە. هەندێ جار ترس دام دەگرێ و حەز دەکەم لە گۆشەیەکدا دانیشم و بە بەزەییمەوە بۆ خۆم فرمێسکی گەرم بڕێژم.

**ڤالێریۆ:**

(پەرداخێکی دەداتێ.) ئەم زەنگوڵەیە وەرگرە، ئەم زەنگوڵەی ژێرئاوگەڕە وەرگرە و خۆت لە دەریای گریاندا نقووم بکە، کە بە مرواری داپۆشرێ. سەیرکە پەرییەکان بەسەر بادەی گوڵەمێوەکانەوە دەفڕن، پێڵاوی زێڕینیان لە پێیە، شەق لە

زەنگەکان دەدا.

**لیۆنتسە:**

(لە جێی خۆی هەڵدەبەزێتەوە.) ڤالێریۆ وەرە، دەبێ ئێمە شتێک بکەین، شتێک بکەین. دەبێ ئێمە خەریکی بیرکردنەوەی قووڵ بین؛ با لەوە بکۆڵینەوە، کە کورسی لەسەر سێ قاچ ڕادەوەستێ بەڵام نەک لەسەر دوو قاچ، کە مرۆڤ بە یارمەتیی دەست لووتی پاک دەکاتەوە نەک وەکو مێش بە پێیەکانی. وەرە، با ئێمە مێرووله پارچەپارچە بکەین، با گورزەی تەپوتۆز بژمێرین؛ من دەیگەینمە خولیایەکی میرانە. من هێشتا شەقشەقەیەکی منداڵان دەدۆزمەوە، کە کاتێ لە دەستم دەکەوێتە خوارەوە، کاتێ پروش دەچنمەوە و بنمیچەکە دەڕنمەوە. من هێشتا جۆشێکی دیاریکراومان هەیە بە کاری بهێنم؛ بەڵام کاتێ من هەموو شتەکانم زۆر گەرم کوڵان، کاتێکی بێ کۆتاییم دەوێ بۆ ئەوەی کەوچکێک بدۆزمەوە خواردنەکە بخۆم و لەسەریەوە بۆگەنی کردووە.

**ڤالێریۆ:**

با بخۆینەوە. ئەم بوتڵە ژنەدۆست نییە، بیرۆکە نییە، ژانی زان دروست ناکا، وەڕسکەر نابێ، بێ ئەمەگ نابێ، لە یەکەم تنۆکەوە هەتا دوا تنۆک هەمان شت دەمێنێتەوە. تۆ مۆرکەکە دەشکێنی و هەموو ئەو خەونانەی لە ناخیدا سەرخەو دەشکێنن بێدار دەکەیتەوە، بەرەوڕووت دەپژێن.

**لیۆنتسە:**

خوایە! نیوەی ژیانم دەبێ نوێژ بێ، ئەگەر تەنیا پووشێکم بە

نسیب بێت، کە بە سەریەوە غار بدەم، وەکو بەسەر ئەسپێکی نایابەوە، هەتا خۆیشم بەسەر پووشەکەوە دەمرم. – چ ئێوەرایەکی سامناکە. لێرە لە خوارەوە هەموو شتێک بێدەنگە و لەوێ لەسەرەوە هەورەکان جێگۆڕکێ دەکەن و دەکشێن و تیشکی خۆر دەڕوا و جارێکی تر دەگەڕێتەوە. سەیر کە، چ بیچمگەلێکی سەیر لەوێ ڕاوی یەکتر دەنێن، سەیری سێبەرە سپییە درێژەکان بکە بە لاقە دزوارە باریکەکانەوە و باڵی شەمشەمەکوێرەکانەوە و هەموو شتێک وا خێرا، وا ئاڵۆز و لەوێ لە خوارەوە هیچ گەڵایەک ناجووڵێ، هیچ پووشێک ناجووڵێ. زەوی بە ترسەوە چووەتەوە یەک، وەکو منداڵێک و بەسەر لانکەکەیەوە تارماییەکان ڕێ دەکەن.

**ڤالێریۆ:**

من نازانم ئێوە چیتان دەوێ، من زۆر کەیفم خۆشە. هەتاو وەکو تابلۆی میوانخانەیەک دەردەکەوێ هەوری ئاگرینی بەسەرەوە بێت. وەکو نووسرابێ: «میوانخانەی هەتاوی زێڕین». زەوی و ئاو لە خوارەوە وەکو مێزێکی وان شەرابی بەسەردا ڕژابێ و ئێمە وەکو کارتی پاپەز بەسەریەوەین، کە خواوەند و شەیتان لە وەڕسیدا گەمەی لەسەر دەکەن و ئێوە پادشا و من کوڕم، تەنیا خاتوونێکی نوقستانە، خاتوونێکی جوان، بە دڵێکی گەورەی کێک بە سەر سنگیەوە و لالەیەکی گەورەوە، کە لووتە درێژە هەست ناسکەکە تێیدا نەوی دەبێت، (ژنەمامۆستا و خاتوونی شازادە دێنە سەر شانۆ) و – بە خوا ئەوەتانێ! بەڵام لە ڕاستیدا لالە نییە، بگرە کەمۆکەیەک تووتن و لە ڕاستیدا لووت

نییە، بگرە خەرتوومە. (ڕوو دەکاتە ژنەمامۆستاکە.) ئازیزترین، بۆ ئەوەندە خێرا ڕێ دەکەن، کە مرۆڤ لوولاقەکانی پێشووتان هەتا شلکەی ڕانە سەنگینەکانتان دەبینێ؟

**ژنەمامۆستا:**

(زۆر بە تووڕەیی ڕادەوەستێ.) زۆر بەڕێز، لەبەرچی کەڵبەتان ئەوەندە دادەپچڕێن کە کەلێنێک لە دیمەنەکەدا دروست دەکەن؟

**ڤالێریۆ:**

بۆ ئەوەی ئێوە، بەڕێزترین، لووتتان بە ئاسۆدا نەدا و خوێنی لێ بێ. لووتتان وەکو بورجی لبنان وایە، کە بەسەر دیمەشقدا دەڕوانێ.

**لێنا:**

(ڕوو دەکاتە ژنەمامۆستاکە.) ئازیزەکەم، ئاخۆ ڕێگە ئەوەندە دوورە؟

**لیۆنتسە:**

(بە دەم داڵغە لێدانەوە.) ئاه، هەموو ڕێیەک دوورە! چرکەچرکی سەعاتی مەرگ لە سنگماندا لەسەرخۆیە و هەموو دڵۆپێک خوێن کاتەکەی دەژمێرێ و ژیانمان تایەکە بە خشکەیی و لەسەرخۆ دێت. بۆ پێی ماندوو هەموو ڕێیەک دوورە...

**لێنا:**

(بە ترس و ڕامانەوە گوێی لێ دەگرێ.) بۆ چاوی ماندوو هەموو تیشکێک تیژە و بۆ لێوی ماندوو هەموو هەناسەیەک زۆر قورسە (بە زەردەخەنەوە) بۆ گوێی ماندووش هەموو وشەیەک زۆرە. (لەگەڵ ژنەمامۆستاکەدا دەچێتە ناو خانووەکەوە.)

**لیۆنتسە:**

ئای ڤالێریۆی ئازیز! ناتوانم بشڵێم: "ئاخۆ نابێ ئەمە و دارستانێکی پەڕ، لە تەنیشت دوو گوڵاڵەسوورەی فیشکەکەر بەسەر پێڵاوەکانمەوە؟" لەو بڕوایەدام من ئەمەم زۆر میلانخۆلی گوت. سوپاس بۆ خوا، کە دەست بەوە دەکەم میلانخۆلیا بزێم. هەوا ئەوەندە ڕووناک و سارد نەماوە، ئاسمان بە درەوشانەوەوە بە چڕی بە دەورمدا نەوی دەبێ و دڵۆپی قورس دەبارێن. – ئای ئەم دەنگە: ئاخۆ ڕێگە ئەوەندە دوورە؟ دەنگێکی زۆر باسی زەوی دەکەن و مرۆڤ دەڵێ باسی شتی تر دەکەن، بەڵام من لێی تێ گەیشتم. وەکو تارمایی بەسەرمەوەیە لەبەرئەوەی بەسەر ئاوەکانەوە فڕی–، پێش ئەوەی ڕووناکی دابێ. چ شیتەڵبوونەوەیەک لە قووڵاییدا، چ بوونێکە لە ناخمدا، چۆن دەنگ بە ناو پانتاییەکەدا دەڕژێ. – ئایا ڕێگە ئەوەندە دوورە؟ (دەڕوا.)

**ڤالێریۆ:**

نەخێر. ڕێگەی شێتخانە ئەوەندە دوور نییە، بە ئاسانی دەدۆزرێتەوە، من هەموو تووڵەڕێگەکان، هەموو ڕچەڕێیەکان و جادەکان دەناسم. من بەسەر شەقامێکی پانوپۆڕەوە دەیبینم، لە ڕۆژێکی زۆر ساردی زستاندا شەپقەکەی بە بن باڵیەوە، چۆن دەچێتە ژێر سێبەرە درێژەکانی درەختە ڕووتەکانەوە و دەستڕی بڕنووتییەکە ڕادەوەشێنێ. – ئەو شێتە! (بە دوایدا دەڕوا.)

## دیمەنی سێیەم

ژوورێک

لێنا، ژنەمامۆستاکە

**ژنەمامۆستاکە:**

بیر لەو مرۆڤە ناکەیتەوە.

**لێنا:**

لەژێر پۆڕە زەردەکـــەیدا ئەوەندە پیـــر بوو. بەهار بەســـەر ڕوومەتییەوە زستان لە دڵدا. ئەمە غەمگینە. جەستەی ماندوو لە هەموو شوێنێک سەرین دەدۆزێتەوە. بەڵام ئەگەر ڕۆح ماندوو بێ، لە کوێ بحەسێتەوە؟ من بیرێکی دژوارم بە زەیندا دێت، من لەو بڕوایەدام مرۆڤ هەیە، کە نائاسوودەن، بێچارە، تەنیا لەبەرئەوەی ئەوانن. (هەڵدەستێتە سەرپێ.)

**ژنەمامۆستا:**

کچم بۆ کوێ دەچی!

**لێنا:**

دەمەوێ بچمە خوارەوە بۆ ناو باخچەکە.

**ژنەمامۆستا:**

بەڵام –

**ژنەمامۆستا:**

بەڵام، دایکی ئازیز، لە ڕاستیدا دەبوو بخرێمە ناو گوڵدانێکەوە. من وەکو گوڵەکان پێویستم بە شەونم و هەوای شەوە. گوێت لە

هەرمۆنیای شەوە؟ چۆن سیسرکەکان لایلایە بۆ ڕۆژ دەکەن و گوڵەوەنەوشەکان بە بۆن و بەرامەیان دەیخەوێنن! من ناتوانم لەم ژوورەدا بمێنێمەوە. دیوارەکان بەسەرمدا دەکەون.

**دیمەنی چوارەم**

باخچەکە. شەو و تریفەی مانگ

لێنا دەبینرێ لەسەر چیمەنەکە دانیشتووە.

**ڤالێریۆ:**

(کەمێک لە دوورەوە.) سروشت شتێکی جوانە، بەڵام هێشتا جوانتر دەبوو ئەگەر مێشوولە نەبوایە، ئەگەر پێخەفی میوانخانەکان کەمێک پاکتر و ئەگەر کرمەدارەکان چرکەچرکیان لە دیوارەکە نەهێنایە. تێیدا مرۆڤەکان پرخەیان دێت و بۆقەکان لە دەرەوە دەقیرێنن، تێیدا سیسرکەکان دەزرکێنن و لە دەرەوە زیکزیکەکان. چیمەن خۆشترە، ئەمە بڕیارێکی خێرایە. (لەسەر چیمەنەکە ڕادەکشێ.)

**لیۆنتسە:**

(دەردەکەوێ.) ئەی شەو، وەکو یەکەم مەرهەم ئاسایە، کە بۆ بەهەشت دابەزی. (تێبینیی شازادە دەکا و بە ئەسپایی لێی نزیک دەبێتەوە.)

**لێنا:**

(لەبەر خۆیەوە قسە دەکا.) مێشوولە لە خەوندا جریکاندی، شەو قووڵتر دەخەوێ، گۆنای زەردتر هەڵدەگەڕێ و هەناسەی کپتر دەبێ. مانگ وەکو منداڵێکی خەوتووە، قژە زەردەکەی لە

خەودا بەسەر ڕووە شیرینەکەیدا شۆڕ بووەتەوە. – ئای خەو برای مەرگە. چۆن فریشتە مردووەکە بەسەر سەرینە ڕەشەکەیدا ئارامە و ئەستێرەکان وەکو مۆم بە دەوریدا دەسووتێن. منداڵی داماو، دارەمەیتهەڵگرەکان بەم زووانە دێن بتبەن؟ دایکت لە کوێیە؟ نایەوێ جارێکی تر ماچت بکات؟ ئاخ چەند غەمگینە، مردووە و ئەوەندە بەتەنیایە.

**لیۆنتسە:**

بە کراسە سپییەکەتەوە هەستە سەرپێ و لە پشتی تەرمەکەوە بەناو شەودا بە هەنگاوی بێدەنگ و لەسەرخۆ بڕۆ و بۆی بلاوێنەوە.

**لێنا:**

ئەوە کێیە قسە دەکا؟

**لیۆنتسە:**

خەونە.

**لێنا:**

خەون پیرۆزە.

**لیۆنتسە:**

دە خەونی پیرۆز ببینە و بیەڵە خەونی پیرۆزت بم.

**لێنا:**

مەرگ پیرۆزترین خەونە.

**لیۆنتسە:**

بیەڵە من عیزرائیلت بم. بیەڵە لێوەکانم یەکسەر باڵی بەسەر چاوەکانتدا بکێشێ. (ماچی دەکا.) تەرمی جوان، تۆ ئەوەندە شیرین لەسەر پەردەی دارەمەیتی شەو ئارامت گرتووە، کە

سروشت ڕقی لە ژیان دەبێتەوە و حەز لە مردن دەکا.

**لینا:**

نەخێر، وازم لێ بێنە. (لە جێی خۆی بەرز دەبێتەوە و خێرا دوور دەکەوێتەوە.)

**لیۆنتسە:**

زۆرە! زۆرە! هەموو بوونم لەو چرکەساتەدایە. ئێستا بمرە. لەوە زیاتر مەحاڵە. بوونەوەر بە هەناسەی پاکەوە، بە بریقەی جوانییەوە لە پاشاگەردانییەوە خۆی بەرەوڕووی من ڕادەپسکێنێ. زەوی توێکڵێکی زێڕی تۆخە، ڕووناکی چۆن تێیدا کەف هەڵدەچڕێنێ و لە لێوارەکانیەوە دادەچۆڕێ و ئەستێرەی بە مرواریی زۆر ڕازاوەیان لێ دەڕژێ. لێوەکانم لێیان دەمژن: ئەو تنۆکە پیرۆزییە دەمکاتە دەفرێکی نایاب. لە خوارەوە بادەی پیرۆزە! (دەیەوێ خۆی فڕێ بداتە ناو چەمەکەوە.)

**ڤالێریۆ:**

(هەڵدەستێتە سەرپێ و باوەشی پێدا دەکا.) خاوەن شکۆ ڕاوەستە!

**لیۆنتسە:**

وازم لێ بهێنە!

**ڤالێریۆ:**

وازتان لێ دەهێنم، هەر لەگەڵ ئێوە هێمن بن و گفتی ئەوە بدەن کە واز لە ئاوەکە دەهێنن.

**لیۆنتسە:**

گەمژە!

**ڤالێریۆ:**

ئاخۆ خاوەن شکۆتان هێشتا ڕۆمانتیکییەتی ئەفسەریتان، تێ نەپەڕاندووە، پەرداخەکە لە پەنجەرەوە فڕێ بدەیتە دەرەوە، کە مرۆڤ تێیدا بە سیحەتی ئازیزەکەی خواردوویەتییەوە؟

**لیۆنتسە:**

تا ڕادەیەک لەو بڕوایەدام کە تۆ ڕاست دەکەی.

**ڤالێریۆ:**

دڵنەواییی خۆتان بکەن. ئەگەر ئێوە ئەمشەو لەژێر چیمەنەکەشدا نەخەون، ئەوا بە لای کەمەوە لەسەری دەخەون. هەوڵێکی ئەوەندە خۆکوژانەیە ئەگەر بتانەوێ بچنە ناو یەکێک لەو نوێنانەوە. مرۆڤ وەکو مردوو لەسەر پووش پاڵ دەکەوێ و مێشوولەکان وەکو زیندوو پێوەی دەدەن.

**لیۆنتسە:**

با وابێ. (لەسەر چیمەنەکە ڕادەکشێ.) زەلام، تۆ جوانترین خۆکوشتنت لێ تێک دام. جارێکی تر لە ژیانمدا چرکەساتێکی وا نایاب نادۆزمەوە و کەشوهەواش ئەوەندە گونجاوە. ئێستا میزاجم تێکچوو. ئەو زەلامە بە یەلەکە زەرد و پانتۆڵە وەکو ئاسمان شینەکەیەوە هەموو شتێکی لێ تێک دام. - خوا خەوێکی زۆر تەندروست و نالەبار بکاتە قسمەتم.

**ڤالێریۆ:**

ئامین. - من ژیانی مرۆڤێکم ڕزگار کرد و ئەمشەو بە ویژدانی ئارامەوە جەستەم گەرم دەکەمەوە. ڤالێریۆ نۆشی گیانت بێت!

## پەردەی سێیەم

### دیمەنی یەکەم

لیۆنتسە. ڤالێریۆ

**ڤالێریۆ:**

هاوسەرکاری! خاوەن شکۆتان لە کەیەوە بەم ڕۆژمێرە جاویدانە گەیشتوونە؟

**لیۆنتسە:**

ڤالێریۆ، دەشزانی، تەنانەت بچووکترین کەس لەناو مرۆڤەکاندا ئەوەندە گەورەیە، کە ژیان هێشتا زۆر کورتە، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەوی خۆش بوێ؟ ئەمجا دەتوانم ئەو خۆشییە لە هەندێ خەڵکی دیاریکراو تاڵ نەکەم، کە وا دەزانن، هیچ شتێک ئەوەندە جوان و پیرۆز نییە، کە نابێ جوانتر و پیرۆزتری بکەن. لەزەتێک لەم لووتبەرزییەدا هەیە. بۆچی هەمان شتیان پێ ڕەوا نەبینم؟

**ڤالێریۆ:**

زۆر مرۆڤانە و حەیواندۆستانەیە. بەڵام ئەو دەزانێ، ئێوە کێن؟

**لیۆنتسە:**

ئەو تەنیا دەزانێ کە منی خۆش دەوێ.

**ڤالێریۆ:**

خاوەن شکۆشتان دەزانن، ئەو کێیە؟

**لیۆنتسه:**

گەمژە! لە مێخەک و دڵۆپی شەونم بپرسە ناوی چییە.

**ڤالێریۆ:**

واتە، ئەو هەر شتێکە، ئەگەر زۆر ڕەق نەبێ و تامی وەسف و نیشانەهەڵدان دەدا. - بەڵام، ئەمە چۆن دەبێ؟ هم! - شازادە، من دەبمە وەزیر، ئەگەر ئەمڕۆ لە بەردەم باوکتاندا ڕەزامەندیی نەوتراوی، بێ ناو بەیەکەوە گرێ بدرێن؟ پەیمان بێ؟

**لیۆنتسه:**

پەیمان بێ!

**ڤالێریۆ:**

مرۆڤی داماو ڤالێریۆ لە خزمەت جەنابی بەڕێز وەزیری دەوڵەت ڤالێریۆی ڤاللەریەنتال مەرەخەس دەبێ. - "ئەو زەلامە چی دەوێ؟ من نایناسم. لاچۆ تەمەڵ! (بە ڕاکردن دەڕوا، لیۆنتسە بە دوایدا ڕادەکا.)

## دیمەنی دووەم

گۆڕەپانی بەردەم کۆشکەکەی پیتەری پادشا

ئەندامی ئەنجوومەن. مامۆستای دەربار. چەند جووتیارێک جلی یەکشەمووانیان لەبەردایە و چڵە سنەوبەریان بە دەستەوەیە

**ئەندامی ئەنجوومەن:**

جەنابی مامۆستای ئازیز، خەڵکەکەتان چۆن ڕەفتار دەکەن؟

**مامۆستا:**

بە ئازارەکانیانەوە هێندە باش ڕەفتار دەکەن کە ماوەیەکە خۆیان بەیەکترەوە دەگرن. سەلارانە برەندی بە خۆیاندا دەکەن، ئەگینا مەحاڵە ماوەیەکی ئەوەندە زۆر لەبەر گەرمادا بەرگە بگرن. خەڵکینە، ئازایەتی! چڵە سنەوبەرەکانتان بە ڕاستی لەپێش خۆتانەوە ڕاگرن، کە مرۆڤ وا بزانێ ئێوە دارستانی سنەوبەرن و لووتتان شلکەیە و شەپقە سێگۆشەکانتان قۆچی حەیوانی کێوییە و پانتۆڵە چەرمی ئاسکەکێوییەکانتان تریفەی مانگە تێیدا، لە بیریشتان نەچێ، دوایەمین هەمیشە و دووبارە لەپێش یەکەمینەوە ڕێ دەکا، بۆ ئەوەی وا دەربکەوێ کە زیادتان کردووە.

**ئەندامی ئەنجوومەن:**

مامۆستا، ئێوە بەرپرسیاری برسێتین.

**مامۆستا:**

بێگومان، چونکە من لەبەر برسێتی بەحاڵ دەتوانم خۆم بە پێوە ڕاگرم.

**ئەندامی ئەنجوومەن:**

خەڵکینە، ئاگەدار بن، لە پرۆگرامەکەدا نووسراوە: "هەموو دەست و پێوەندەکان بە ئارەزووی خۆیان جلی زۆریان لەبەر دەکرێ، خواردنی باشیان پێ دەدرێ بە ڕووی ئاسوودەوە بە درێژاییی جادەکە بە ڕێز ڕادەوەستن." حەیامان نەبەن!

**مامۆستا:**

خۆگر بن! پشتی گوێتان مەخورێنن و بە پەنجە هنگ مەکەن و،

هەتا ژن و مێردە بەرزەکە لێرەوە تێ دەپەڕن و هەست و سۆزی شیاو پێشان بدەن، یان ئامرازی هەژێنەر بەکار دەهێنرێ. ددان بەوەدا بنێن چیتان بۆ دەکرێ، ئێوە وا ڕیز کراون، کە باکە لە متبەخەکەوە بەسەرتاندا بێت و جارێک لە ژیانتاندا بۆنی گۆشتی سوورەوەکراو بکەن. هێشتا وانەکەی خۆتان لە بیرە؟ ها! ب!

**جووتیارەکان:**

ب!

**مامۆستا:**

ژی!

**جووتیارەکان:**

ژی!

**مامۆستا:**

بژی!

**جووتیارەکان:**

بژی!

**مامۆستا:**

جەنابی ئەندامی ئەنجوومەن. ئێوە دەبینن چۆن ژیری لە هەڵچووندایە. بیر بکەنەوە، ئەمە لاتینییە. بەڵام ئەمڕۆ ئێمە تۆپێکی دیودەر بە ئێوە دەدەین لە ڕێی کونەکانی چاکەت و پانتۆڵەکانمانەوە و بە مشتەکۆڵە تلۆق لە سەری خۆماندا دروست دەکەین.

## دیمەنی سێیەم

هۆڵێکی گەورە. خاتوونان و ئاغایان جلی کەشخەیان لەبەردایە
بە ڕێکوپێکی دەستە دەستە وەستاون
کارمەندی دەربار لەگەڵ چەند خزمەتکارێکدا لە پێشەوە وەستاون.

**کارمەند:**

ئەمە چ دەردێکە. هەموو شتێک لەناو دەچێ. گۆشتە سوورەوەکراوەکان بچووک دەبنەوە. هەموو هیوای بەختەوەری بۆ خواستنەکان دەژاکێن. هەموو یەخە قووتەکان وەکو گوێی میلانخۆلی بەراز خۆیان لار دەکەنەوە. جووتیار دیسان نینۆک و ڕیشی لێ دەڕوێ. – قژە لوولەکانی سەربازەکان خاو دەبنەوە. لە دوازدە بێگوناهەکە کەسیان تێدا نییە، کە ڕەفتاری سۆزانییانە لە ڕەفتاری شەریفانە بەباشتر بزانێ. لە جلە سپییەکانیاندا وەکو کەروێشکی شەکەتی ئاورێشم و شاعیری دەربار وەکو کەروێشکێکی هیندیی غەمگین بە دەوریدا دەمرێنێ. جەنابی ئەفسەرەکان لەبەر وەستانیان دادەڕزێن. (بە خزمەتکارێک.) بە جەنابی پاڵێوراو بڵێ، با ئاوەکە لە کوڕەکانی بگرێتەوە. – جەنابی خوتبەدەری داماو! قاتەکەی وا دەکا کلکی زۆر میلانخۆلیانە بە لەشییەوە بێ. لەو بڕوایەدام ئەو ئێدیالی هەیە و هەموو بەڕێزانی ژوور دەکاتە قەعدەی ژوور. لەبەر وەستان ماندوو بووە.

**خزمەتکاری دووەم:**

هەموو گۆشتێک بمێنێتەوە بۆگەن دەکا. خوتبەدەری دەرباریش

لەوەتەی ئەمڕۆ بەیانی بێدار بووەتەوە دەرپۆقیوە.

**کارمەند:**

خاتوونی دەربار وەکو خوێیەڵان لێرە وستاون، خوێیەکە خۆی بە ملوانکەکانیانەوە دەبێتە کریستاڵ.

**خزمەتکاری دووەم:**

بە لای کەمەوە بۆ خۆتانی خۆش دەکەن. مرۆڤ ناتوانێ بڵێ، کە بە کۆڵ هەڵیان دەگرن. ئەگەر دڵکراوەش نەبن، ئەوا هەتا دڵیان کراوەیە.

**کارمەند:**

بەڵێ، نەخشەی باشی ئیمپراتۆریەتییەکانی تورکن، مرۆڤ دەردەنیل و دەریای مەرمەرە دەبینێ. بڕۆن، کەڵەکبازینە! بۆ بەردەم پەنجەرەکان! ئەوا خاوەن شکۆتان دێ.

(پیتەری پادشا و ئەندامی ئەنجوومەن دێنە ژوورەوە.)

**پیتەر:**

واتە خاتوونی شازادەش ون بووە؟ هێشتا شوێنپێی شازادەی جێنشین نەدۆزراوەتەوە؟ فەرمانەکانم بەجێ هێنراون؟ سنوورەکان چاودێری دەکرێن؟

**کارمەند:**

بەڵێ، خاوەن شکۆ، ڕوانگە لەم ژوورەوە ڕێی توندوتیژترین چاودێریمان بۆ مەیسەر دەکا. (ڕوو دەکاتە یەکەم خزمەتکار.) چیت بینی؟

**یەکەم خزمەتکار:**

سەگێک دەبینم بە دوای خاوەنەکەیدا دەگەڕێ، کە بەناو

قەڵەمڕەودا ڕای کردووە.

**کارمەند:**

(بە یەکێکی تر.) ئەی تۆ؟

**دووەم خزمەتکار:**

یەکێک بەسەر سنووری باکوردا پیاسە دەکا، بەڵام شازادە نییە، من دەتوانم بیناسمەوە.

**کارمەند:**

ئەی تۆ؟

**سێیەم خزمەتکار:**

لێم ببوورن، هیچم نەبینی.

**کارمەند:**

ئەوە زۆر کەمە. ئەی تۆ؟

**چوارەم خزمەتکار:**

منیش هیچم نەبینیوە.

**کارمەند:**

ئەمە هەر کەمە.

**پیتەر:**

بەڵام، ئەندامی ئەنجوومەنی دەوڵەت، من ئەو بڕیارەم نەدا، کە خاوەن شکۆی پاشایانەم لەو ڕۆژەدا دڵی خۆش دەبێ و دەبێ لەو ڕۆژەدا زەماوەند بکرێ؟ ئەمە تۆکمەترین بڕیارمان نەبوو؟

**سەرۆک:**

بەڵێ، خاوەن شکۆ، ئاوها پرۆتۆکۆڵ کراوە و نووسراوە.

**پیتەر:**

ئەی خۆم شەرمەزار ناکەم، ئەگەر بڕیارەکەی خۆم جێبەجێ نەکەم؟

**سەرۆک:**

ئەگەر هەرچی چۆنێک بێت شیاو بێ خاوەن شکۆتان خۆتان شەرمەزار بکەن، ئەمە دەرفەتێکە، کە دەتوانن خۆتان شەرمەزار بکەن.

**پیتەر:**

من گفتی پادشایانەی خۆم نەدا؟ بەڵێ، من هەر ئێستا بڕیارەکەم پیادە دەکەم، خۆشحاڵ دەبم. (دەستەکانی لە یەکتر دەخشێنێ.) ئاه من زۆر دڵخۆشم!

**سەرۆک:**

ئێمە هەموو هاوهەستی خاوەن شکۆتانین، ئەوەندەی بۆ دەست و پێوەند شیاو و دروست بێ.

**پیتەر:**

من لەبەر دڵخۆشی ناتوانم هیچ بکەم. من بۆ سەرکارەکەم چاکەتی سوور دەدەمە کردن، چەند خوێندکارێکی زانستگەی سەربازی دەکەمە ئەفسەریار، ڕێ بە دەست و پێوەندەکانم دەدەم – بەڵام، بەڵام زەماوەندەکە؟ نیوەکەی تری بڕیارەکە ئەوە نییە، کە زەماوەندەکە دەبێ بکرێ؟

**سەرۆک:**

بەڵێ، خاوەن شکۆ.

**پیتەر:**

بەڵێ، بەڵام ئەگەر شازادە نەیەت و خاتوونی شازادەش نەیەت؟

**سەرۆک:**

بەڵێ، ئەگەر شازادە نەیەت و خاتوونی شازادەش نەیەت ، – ئەمجا – ئەمجا.

**پیتەر:**

ئەمجا، ئەمجا؟

**سەرۆک:**

ئەمجا ناتوانن هاوسەرکاری بکەن.

**پیتەر:**

ڕاوەستە، بڕیارەکە مەنتیقییە؟ ئەگەر – ئەمجا – ڕاستە – بەڵام گفتەکەم، گفتە پادشایانەکەم!

**سەرۆک:**

با خاوەن شکۆتان بە خاوەن شکۆی تر دڵنەواییی خۆی بکا. گفتی پادشایانە شتێکە، – شتێکە، –شتێکە، – کە هیچ نییە.

**پیتەر:**

(بە خزمەتکارەکان.) هێشتا هیچ نابینن؟

**خزمەتکار:**

خاوەن شکۆ، هیچ، هەر هیچ.

**پیتەر:**

منیش بڕیارم دا ئەوەندە دڵم خۆش بێ، لەگەڵ لێدانی زەنگدا ویستم دەست پێ بکەم و ویستم دوازدە سەعاتی سەرومڕ دڵم

خۆش بێ – من زۆر غەمگین دەبم.

**سەرۆک:**

داوا لە هەموو دەست و پێوەندەکان دەکرێ هاوهەستیی خاوەن شکۆتان بن.

**کارمەند:**

بەڵام بۆ ئەوانەی دەستـڕیان پێ نییـە لەبەر نەزاکەت گـریان قەدەغەیە.

**یەکەم خزمەتکار:**

ڕاوەستە! من شتێک دەبینم! شتێکە وەکو شتێک وایە هاتبێتە پێشەوە، وەکو لووتێک، ئەوی تر هێشتا سنووری تێنەپەڕاندووە؛ ئەمجا پیاوێک و دوو کەسی ڕەگەزی دژ دەبینم.

**کارمەند:**

بە چی ئاراستەیەک؟

**یەکەم خزمەتکار:**

نزیک دەبنەوە. بەرەو کۆشکەکە دەڕۆن. ئەوەتان.

(ڤالێریۆ، لیۆنتسە و ژنەمامۆستاکە و کچەشا بە ماسکەوە دەردەکەون.)

**پیتەر:**

ئێوە کێن؟

**ڤالێریۆ:**

چووزانم؟ (بەکاوەخۆ چەند ماسکێک بە دوای یەکتردا لادەبا.) ئەوە منم؟ یان ئەوە؟ بە ڕاستی من دەترسێم، دەتوانم

بە تەواوی توێکڵ لەبەر خۆم دامالْم و گەڵا هەڵوەرێنم.

**پیتەر:**

(بەشەرمەوە.) بەڵام – بەڵام ئێوە دەبێ شتێک بن؟

**ڤالێریۆ:**

ئەگەر خاوەن شکۆتان ئاوها فەرمان بکەن. بەڵام بەڕێزانم ئاوێنەکە بە پێچەوانەوە هەڵواسن و قۆپچە بریقەدارەکانتان کەمێک بشارنەوە و بەجۆرێک تەماشام مەکەن، کە لە چاوەکانتاندا ڕەنگ بدەمەوە، یان بە ڕاستی من نازانم، لە ڕاستیدا من چیم.

**پیتەر:**

ئەم مرۆڤە شپرزەم دەکا، دڕدۆنگم دەکا. من لە گەورەترین سەرلێشێواندام.

**ڤالێریۆ:**

بەڵام من لە ڕاستیدا ویستم بانگ بۆ کۆمەڵگەیەکی بەرز و بەڕێز هەڵدەم، کە لێرەدا ئەم دوو ئامێرە ئەوتۆماتە کە لە دنیادا بەناوبانگن و بۆ ئێرە هاتوونە و لەوانەیە من سێیەم و سەیرترینی هەردووکیان بم، ئەگەر بە ڕاستیی خۆم بمزانیبا، من کێم، کە مرۆڤ نابێ پێی سەیر بێ، لەبەرئەوەی خۆم لەبارەی ئەو شتەوە هیچ نازانم، کە چی دەڵێم، بەڵێ تەنانەت نایشزانم، کە نایزانم، زۆر ڕێی تێ دەچێ، دەیەڵن من قسە بکەم و لە ڕاستیدا لەوانەیە جگە لە باگردێن و سۆندەی هەوا زیاتر نەبن، کە هەموو ئەو شتانە دەڵێن. (بە دەنگی بەرز و ناسازەوە.) بەڕێزانم و خاتوونانم تەماشای ئێرە بکەن، دوو

کەسی هەردوو ڕەگەز، پیاوێک و ژنێک، بەڕێزێک و خاتوونێک. هیچی تر نین جگە لە هونەر و میکانیزم، جگە لە مقەبا و سپرینگی سەعات زیاتر هیچی تر نین. هەموو کەسێک سپرینگێکی ناسک، ناسکی یاقووتی لەژێر نینۆکی پەنجە بچووکی پێی ڕاستیدایە، مرۆڤ تەنیا کەمێک پاڵەپەستۆی دەخاتە سەر و میکانیزمەکە پەنجا ساڵ کار دەکا. ئەو کەسانە ئەوەندە بە باشی کاریان تێدا کراوە، کە مرۆڤ نەتوانێ لە مرۆڤی تریان جودا بکاتەوە، ئەگەر مرۆڤ نەیزانیبا، کە تەنیا مقەبان، لە ڕاستیدا مرۆڤ دەیتوانێ بیانکاتە ئەندامی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. زۆر نەجیبن، چونکە بە ئەڵمانیاییی ستاندارد قسە دەکەن، زۆر ئاکارین، لەبەرئەوەی بە لێدانی زەنگ بێدار دەبنەوە، بە لێدانی زەنگ نانی نیوەڕۆ دەخۆن، بە لێدانی زەنگ دەچنە ناو جێی خەوەوە، هەرسکردنیشیان باشە، ئەمەش دەیسەلمێنێ، ویژدانیان پاکە، هەستێکی ناسکی نەریتییان هەیە، چونکە خاتوونەکە هیچ وشەیەکی بۆ چەمکی پانتۆڵ نییە و بۆ بەڕێزەکە زۆر مەحاڵە، لە دوای ژنێکەوە بە پلیکانەکاندا سەرکەوێ یان لە پێشی ژنێکەوە بە پلیکانەکاندا دابەزێ. زۆر خوێندەوارن، چونکە خاتوونەکە هەموو ئۆپرا نوێیەکان دەڵێ و ئەو بەڕێزە سەرقۆڵی هەیە. بەڕێزان و خاتوونانم، ئاگەدار بن، ئێستا ئەوان لە قۆناغێکی گرینگدان، میکانیزمی ئەوین دەست بەوە دەکا گوزارشت لە خۆی بکا، ئەو بەڕێزە چەند جارێک ملپێچەکەی بۆ خاتوونەکە هەڵگرتووە، خاتوونەکە چەند جارێک چاوی گێڕا و سەیری ئاسمانی کرد.

هەردووکیان چەندان جار بە چرپە دوان: باوەڕ، ئەوین، هیوا!
هەردووکیان زۆر گونجاو دەردەکەون، تەنیا یەک وشەیەک نوقسانە: ئامین.

**پیتەر:**

(پەنجەی دەخاتە سەر لووتی.) لە جیاتی؟ لە جیاتی؟ سەرۆک، ئەگەر مرۆڤێک لە جیاتیی یەکێکی تر هەڵبواسرێ، بە هەمان شێوە باش نییە وەکو بە ڕێکوپێکی هەڵواسرابێ؟

**سەرۆک:**

ببوورە، خاوەن شکۆ، زۆر باشترە، چونکە ئازار ناکێشێ و لەگەڵ ئەوەشدا هەڵدەواسرێ.

**پیتەر:**

ئێستا تێ گەیشتم. ئێمە زەماوەندەکە لە جیاتیی دەگێڕین. (ئاماژە بۆ لیۆنتسە و لێنا دەکا.) ئەوە خاتوونی شازادەیە، ئەوە شازادەیە. من بڕیارەکەم دەسەپێنم، من دڵخۆش دەبم. با زەنگەکان لێ بدەن، پیرۆزباییەکانتان ئامادە بکەن، خێرا، جەنابی خوتبەدەری دەربار.

خوتبەدەری دەربار دێتە پێشەوە، قورگی پاک دەکاتەوە، چەند جارێک تەماشای ئاسمان دەکا.

**ڤالێریۆ:**

دەست پێ بکە! واز لە ڕووە نەفرەتییەکانت بهێنە و دەست پێ بکە! بە سەلامەتی!

**خوتبەدەری دەربار:**

(بە شپرزەییەکی زۆرەوە): ئەگەر ئێمە – یان، – بەڵام –

**ڤالێریۆ:**

لەبەرئەوەی–

**خوتبەدەر:**

چونکە –

**ڤالێریۆ:**

لە پێش خولّقاندنی دنیاوە بوو–

**خوتبەدەر:**

کە –

**ڤالێریۆ:**

خوا کاتی زۆر بوو –

**پیتەر:**

باشترین، بە کورتی بیبڕەوە.

**خوتبەدەر:**

(بە دەم هاتنەوە سەرخۆوە): ئەگەر کەرەم بفەرموون خاوەن شکۆ شازادە لیۆنتسەی قەڵەمڕەوی پۆپۆ و کەرەم بفەرموون خاتوونی شازادە لێنای قەڵەمڕەوی پیپی و کەرەم بفەرموون خاوەن شکۆتان یەکترتان بوێ، ئەوا بە دەنگی بەرز و بیستراو بڵێن بەڵێ.

**لێنا و لیۆنتسە:**

بەڵێ.

**خوتبەدەر:**

ئەوا من دەڵێم ئامین.

**ڤالێریۆ:**

دەمخۆش، کورت و پوخت، وا پیاوەکە و خاتوونەکە ئەفرێندران و هەموو حەیوانەکانی بەهەشت بە دەوریانەوە وەستاون.

(لیۆنتسە ماسکەکەی دادەماڵێ.)

**هەموو:**

شازادە!

**پیتەر:**

شازادە! کوڕەکەم! من ماڵم وێران بوو، من هەڵخەڵەتێنرام! (دەچێتە گیان خاتوونی شازادە.) ئەم کەسە کێیە؟ من هەموو شتێک پووچ دەکەمەوە.

**ژنەمامۆستا:**

(ماسکەکەی خاتوونی شازادە دادەماڵێ، بە ئاهەنگگێڕانەوە.) خاتوونی شازادە!

**لیۆنتسە:**

لێنا؟

**لێنا:**

لیۆنتسە؟

**لیۆنتسە:**

ئاخ لێنا، لەو بڕوایەدام ئەمە هەڵاتن بوو بۆ بەهەشت.

**لێنا:**

من هەڵخەڵەتێنراوم.

**لیۆنتسە:**

من هەڵخەڵەتێنرام.

**لیۆنتسە:**

ئای ڕێککەوت!

**لێنا:**

ئای چارەنووس!

**ڤالێریۆ:**

من دەبێ پێ بکەنم، دەبێ پێ بکەنم. خاوەن شکۆتان بە ڕاستی بە ڕێککەوت بۆ یەکتر بوونە، هیوادارم لە بەردڵی ڕێککەوت، یەکتری پەسند بکەن.

**ژنەمامۆستا:**

کە چاوە پیرەکانم توانییان ئەم شتانە ببینن! کوڕە پاشایەکی گومڕا! ئێستا بە ئارامی دەمرم.

**پیتەر:**

ڕۆڵەکانم من ناخم هەژاوە، لەبەر هەژان نازام چی بکەم. من بەختەوەرترین پیاوم! بەڵام هەر لێرەدا بە شکۆوە حکوومەت دەدەمە دەستی تۆوە، کوڕەکەم، هەر ئێستا بەبێ وەڕەسکردن دەست پێ دەکەم بیر بکەمەوە، کوڕم ، تۆ ئەم حەکیمانەت بۆ بەجێ هێشتم، (ئاماژە بۆ ئەندامی ئەنجوومەن دەکا) بۆ ئەوەی لە کۆششەکانمدا هاوکاریم بکەن. بەڕێزانم وەرن، ئێمە دەبێ بیر بکەینەوە، بەبێ وەڕسی بیر بکەینەوە. (لەگەڵ ئەندامی ئەنجوومەندا دوور دەکەوێتەوە.) پێشووتر ئەو مرۆڤە سەری لێم تێک دا، دەبێ بێمەوە سەر خۆم.

**لیۆنتسە:**

(ڕوو دەکاتە ئامادەبووان.) بەڕێزانم، ژنەکەم و من بێ کوتا بە

داخەوەین، کە ئێوە ئەمڕۆ ئەوەندە لە خزمەتماندا ئامادە بوون. پێگەکەتان هێندە غەمگینە، کە ئێمە بە هیچ جۆرێک نامانەوێ لەوە زیاتر دڵسۆزیتان تاقی بکەینەوە. ئێستا بچنەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام وتارەکانتان، خوتبە و شیعرەکانتان لە بیر مەکەن، چونکە سبەی بە هەموو ئارامی و ئاسوودەیییەک دیسان سەرلەنوێ دەست بەو خۆشییە دەکەینەوە. ماڵئاوا!

(هەموو دەڕۆن، جگە لە لیۆنتسە، لێنا و ڤالێریۆ و ژنەمامۆستاکە.)

**لیۆنتسە:**

لێنا، ئێستا دەبینی، چۆن گیرفانەکانمان پڕن، پڕ لە لەیستۆک و گەمەن؟ دەمانەوێ چییان لێ بکەین؟ ئاخۆ دەمانەوێ سمێڵیان بۆ بکەین و شمشێریان بە قەددا بکەین؟ یان دەمانەوێ قاتیان لەبەر کەین و سیاسەت و دیپلۆماتی بچووکیان پێ بکەین و بە میکرۆسکۆپەوە لە تەنیشتییەوە دانیشین؟ یان حەز بە ئۆرگەنێک دەکەی کە بە سەریەوە مشکی جوانی وەکو شیری سپی تەراتێن بکەن؟ دەمانەوێ شانۆیەک دروست بکەن؟

(لێنا پشتی پێوە دەدا و سەری ڕادەوەشێنێ.) بەڵام من باشتر دەزانم تۆ چیت دەوێ، هەموو کاتژمێرەکان دەدەینە شکاندن، هەموو ڕۆژمێرەکان قەدەغە دەکەین و کاژێر و مانگەکان تەنیا بە کاتژمێری گوڵ دەژمێرین، تەنیا بە هەڵاڵە و بەر. ئەمجا وڵات بە ئاوێنەی ئاگرین دەورە دەدەین، کە ئیتر زستان نەمێنێ و ئێمە لە هاویندا گەرمایی بگەیەنینە ئاستی گەرمایی ئێشیا و کاپری و بە درێژایی ساڵ لە نێوان گوڵاڵەسوورە و

گوڵەوەنەوشـەدا، لە نێوان پرتەقاڵ و دەفنەدا بین.

**ڤالێریۆ:**

منیـش دەبمە وەزیری دەوڵەت و فـەرمـانێک دەردەکـەم، کـە هەر کەسێک برین لە دەستی خۆیدا بکا لێپرسراوی بۆ دادەنرێ، کە هەر کەسێک هەتا نەخۆش دەکەوێ کار بکا وەکو تاوانبار سزا دەدرێ، هەر کەسێک ستایشی خۆی کە بە ئارەقەی ناوچەوانی نان دەخوا، بە شێت و مەترسیدار بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە قـەڵەم بدرێ و ئەمـجـا لە سـێـبـەر دادەنیـشین و لە خـوا بۆ مـەعکەرۆنی، شـووتی و هەنجـیـر دەپاڕێینەوە، بۆ قـورگی مۆسیقی، جەستەی کلاسیکی و دینێکی ڕەحەت دەپاڕێینەوە!